# ڕووداو
RÛDAW

ژمارە (490) دووشەممە 2018/1/22 - 2ی ڕێبەندان 2717 (750) دینار


سالانە دوو ملیار دینار کرێ دەدەن

## 49 فەرمانگەی وەزارەتی دارایی کرێچین

**ڕووداو- دهۆک**

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێریی دارایی ئاراستەی لیژنەی دەستپاکی دەکات بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ ئەو هەموو باڵەخانەیەی وەزارەتی دارایی بەکرێی گرتوون.

جەعفەر ئیمینکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان نووسراوێکی بە ژمارە (ک 2518) لە ڕۆژی 2015/8/26 ئاراستەی لیژنەی دەستپاکی کردووە لەبارەی نووسراوێکی وەزارەتی دارایی و ئابووری تایبەت بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەسەر ئەو هەموو بینایەی بەکرێیان گرتووە.

عومەر کۆچەر، سەرۆکی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو) ڕاگەیاند: "دوو ساڵە نووسراومان بۆ سەرجەم وەزارەتەکان کردووە، بەڵام تەنیا وەزارەتی دارایی وەڵامی داوینەتەوە".

بەپێی نووسراوەکەی وەزارەتی دارایی، 49 فەرمانگەی ئەو وەزارەتە لە خانووی کرێدان. عومەر کۆچەر دەڵێت: "36 فەرمانگەی ئەو وەزارەتە لە سنووری سلێمانی لە خانووی کرێدان، مانگانەش 150 ملیۆن دینار دەدەنە کرێی ئەو خانووانە، هەروەها لە هەولێر هەشت فەرمانگە لە خانووی کرێدان کە ساڵانە 331 ملیۆن دینار کرێ دەدەن. کرێی پێنج فەرمانگەش لە دهۆک ساڵانە 66 ملیۆن دینارە".

گوتیشی: "کرێی ساڵانەی ئەو 49 فەرمانگەیە یەک ملیار و 758 ملیۆن دینارە".

«2



عەفرین لەبەردەم هەڕەشەی جەنگ و کاولکاریدا

17

دراوی ئەلیکترۆنی کێشە دەخاتە نێوانی کۆمەڵ و یەکگرتوو

5

"لە دوو هەفتەی داهاتوودا فڕۆکەخانەکانی کوردستان دەکرێنەوە"

4

دیپلۆماتکارێکی ئێرانی بۆ (ڕووداو):

# ڕووحانی هەموو دیپلۆماتکارانی ڕاسپاردووە بۆ چارەسەری کێشەکانی هەولێر و بەغدا

3

جارێکی دیکە مەرزەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان داناخەین



ئابووری 8

هەولێر هێندەی تاران و ئیستانبوڵ تاکسی تێدایە



ڕاپۆرتەهەواڵ 2

فەرمانبەرێک 650 ملیۆن دیناری بانکێک دەبات

کۆمەڵایەتی 13

پیاوێک ژنەکەی فڕێدەدات



ژنان 12

لە ماوەی حەوت ساڵدا

22 هەزار پیاو ژنی دووەمیان هێناوە



راپۆرتە هەواڵ
رووداو
ژمارە (490) - دووشەممە 2018/1/22



## هیتلەر لە کەڵەک خنکا

**رووداو- هەولێر**

لە شارۆچکەی خەباتی سەر بە پارێزگای هەولێر، گەنجێک بە ئۆتۆمبێلەوە دەکەوێتە زێی کەڵەک و دەخنکێت. گوتەبێژی پۆلیسی هەولێریش دەڵێت "گەنجەکە ناوی هیتلەرە و تەمەنی 18 ساڵە". هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە رووداوی راگەیاند "شەوی یەکشەممە 2018/1/21، گەنجێک بە ئۆتۆمبێلەوە کەوتە نێو زێی کەڵەک و خنکا". گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێت، دوای گەیشتنی پۆلیس بۆ شوێنی رووداوەکە، دەرکەوت گەنجەکە ناوی هیتلەر دەرویش شەوکەت-ە و تەمەنی 18 ساڵە، بەهۆی خێرالێخوڕینەوە کۆنترۆڵی ئۆتۆمبێلەکەی لەدەستداوە و کەوتووەتە نێو زێی کەڵەک و خنکاوە. مەلەزانەکان سەرقاڵی دەرهێنانی تەرمەکەن و پۆلیسیش پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ رووداوەکە کردووەتەوە.

ئەمین سندوقی بانک بووە

# فەرمانبەرێک بە تۆمەتی دزینی 650 ملیۆن دینار دەستگیر دەکرێ



**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

زیاتر لە مانگێکە فەرمانبەرێکی یەکێک لە بانکەکانی دهۆک بە تۆمەتی دزینی 650 ملیۆن دینار دەستگیرکراوە، سەرچاوەیەک لەو بانکە دەڵێت فەرمانبەرەکە ئەمین سندوقی بانکەکە بووە. شارەزایەکی یاساییش دەڵێت ئەگەر تۆمەتەکەی بەسەردا ساخ ببێتەوە، بە پێنج تاوەکو 15 ساڵ بەندکردن سزا دەدرێ.

بەگوێرەی زانیارییەکانی رووداو، ئەو فەرمانبەرە لە ماوەی ساڵێکدا ئەو پارەیەی لە بانک کێشاوەتەوە، دواتر ئاشکرا بووە و سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە، رۆژی 2017/12/20 دەستگیرکراوە و ئێستا لە گرتووخانەی دهۆکە. ئەو فەرمانبەرە تۆمەتی دزینی 650 ملیۆن دیناری بانکەکەی دراوەتە پاڵ.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو کەیسە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو فەرمانبەرە دەمێکە پارە لە بانکەکەی دەبات، تاوەکو گەیشتە ئەو گوژمەیە و لەسەری ئاشکرا بوو". ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی: "ئەو فەرمانبەرە پێش ئەوەی دەستگیر بکرێ، پێیڕاگەیەنرا کە پارەکە بهێنێتەوە و دەستگیر ناکرێ، بەڵام ئامادە نەبوو پارەکە بگەڕێنێتەوە، بۆیە سکاڵای لەسەر تۆمارکرا و دەستگیرکرا". بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە ئەو فەرمانبەرە پۆستەکەی کە ئەمین سندوق بووە، قۆستووەتەوە و ئەو پارەیەی بردووە.

بەڕێوەبەری ئەو بانکە هەواڵەکەی پشتڕاست کردەوە، بەڵام ئامادە نەبوو هیچ زانیارییەک لەبارەی ئەو کەیسە ئاشکرا بکات و تەنیا گوتی "چاوەڕێی دادگا دەکەین دۆسیەکە یەکلایی بکاتەوە، تاوەکو بڕیاری دادگا دەرنەچێ، هیچ قسەیەکی لەسەر ناکەین".

حەمدی بەرواری کە شارەزای یاسایە، دەڵێت ئەو کەسە بە تۆمەتی دزی و ئیختیلاس بەپێی ماددەکانی 315 تاوەکو 320ی یاسای سزادانی عێراقی دادگایی دەکرێ، ئەگەر تۆمەتەکەی بەسەردا ساخ بووەوە، ئەوە بە پێنج تاوەکو پازدە ساڵ بەندکردن سزادەدرێ.

کرێی ساڵانەیان 2 ملیار دینارە

# 49 فەرمانگەی وەزارەتی دارایی کرێچین

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان راپۆرتێکی دیوانی چاودێریی دارایی ئاراستەی لێژنەی دەستپاکی دەکات بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ ئەو هەموو باڵەخانەیەی وەزارەتی دارایی بەکرێی گرتوون. سەرۆکی لێژنەکەش دەڵێت بەدواداچوونیان بۆ راپۆرتەکە کردووە و بۆیان دەرکەوتووە "حکومەت خۆی هۆکارە بۆ بەردەوامبوونی گەندەڵی".

بەپێی ئەو بەڵگەنامەیەی دەست (رووداو) کەوتووە، جەعفەر ئیمینکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان نووسراوێکی بە ژمارە (ک 2518) لە رۆژی 2015/8/26 ئاراستەی لێژنەی دەستپاکی کردووە لەبارەی نووسراوێکی وەزارەتی دارایی و ئابووری تایبەت بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەسەر ئەو هەموو بینایەی بەکرێیان گرتووە. هەروەها دەقی نووسراوی دیوانی چاودێری دارایی لەگەڵ هاوپێچ کراوە. لێژنەکەش چەند پرسیارێکی ئاراستەی وەزارەتی دارایی کردووە و وەزارەتیش هەفتەی رابردوو وەڵامی داونەتەوە.

عومەر کۆچەر، سەرۆکی لێژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو) راگەیاند: "دوو ساڵە نووسراومان بۆ سەرجەم وەزارەتەکان کردووە، بەڵام تەنیا وەزارەتی دارایی وەڵامی داوینەتەوە و زانیاری لەو بارەیەوە پێداوین".

بەپێی نووسراوەکەی وەزارەتی دارایی 49 فەرمانگەی ئەو وەزارەتە لە خانووی کرێدان. عومەر کۆچەر دەڵێت: "36 فەرمانگەی وەزارەتی دارایی لە سنووری سلێمانی لە خانووی کرێدان، مانگانەش 150 ملیۆن دینار دەدەنە کرێی ئەو خانووانە، هەروەها لە هەولێر هەشت فەرمانگە لە خانووی کرێدان کە ساڵانە 331 ملیۆن دینار کرێ دەدەن. کرێی پێنج فەرمانگەش لە دهۆک ساڵانە 66 ملیۆن دینارە". گوتیشی "کرێی ساڵانەی ئەو 49 فەرمانگەیە یەک ملیار و 758 ملیۆن دینارە".

عومەر کۆچەر ئەو کرێیەی پێ زۆرە و دەڵێت: "پارەیەکی زۆر بە کرێی ئەو باڵەخانانە دەدرێ و بەشێک لەوان گەندەڵیان تێدا دەکرێ".

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو برە پارەیە لە کاتێکدا بۆ کرێی فەرمانگەکانی وەزارەتی دارایی خەرج دەکات کە ئابووریی حکومەت لە رەوشێکی خراپدایە و هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە مووچەی مانگانەی فەرمانبەران بدات.

عومەر کۆچەر دەڵێت: "ئەمە تەنیا لە یەک وەزارەت ئەم پارە دەدرێتە کرێی فەرمانگە، ئەگەر هەموو وەزارەتەکان وەڵامیان دابایەوە، گوژمەکە دەبووە 15 ئەوەندەش، لەبەر ئەوە دەبێ حکومەت بیر لە چارەسەر بکاتەوە، نەک تەنیا بە زیادکردنی باج باری سەرشانی هاووڵاتیان قورس بکات.

سەرۆکی لێژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ ژمارەیەکی زۆر مەلەفیان لەبارەی گەندەڵییەوە لەبەردەستە. کۆچەر گوتی "لە سەرجەم سێکتەرەکان و لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستانەوە مەلەفی گەندەڵیمان پێدەگات. دەبێ ئیرادەیەکی جدی هەبێ و حکومەت خۆی رێگری لە گەندەڵی بکات، نەک وەکو ئەم کارەی وەزارەتی دارایی کە زیاتر لە 20 ساڵە هێشتا هەر کرێچین و نەیانتوانیوە تەنانەت باڵەخانەیەک بۆ خۆیان دروست بکەن، چونکە رەنگە هەندێک کەس لەو مەسەلەی کرێیە سوودمەند بن".

# یەکێتی 50 رۆژە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی تەواو نەکردووە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

جارێکی دیکە هەوڵەکان بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی شکستی هێنا و کۆبوونەوەکە بۆ کاتێکی نادیار دواخرا. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ: "بەبێ ئەوەی روونی بکەنەوە لەبەرچی، لە مەکتەبی سیاسییەوە پێیانگوتین کۆبوونەوەکە دواخراوە"، بەڵام بەرپرسێکی یەکێتی دەڵێ هۆکارەکە کێشە و پێکنەهاتنی ئەندامانی سەرکردایەتی بوو.

چەند مانگێک پێش کۆتایی ساڵی 2017 یەکێتی دوو لیژنەی پێکهێنا بە مەبەستی ئامادەکردنی دوو راپۆرت. لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی رەفعەت عەبدوڵڵا، بۆ راپۆرتی گۆڕانکاریی نێو حیزب، لیژنەی دووەم بە سەرۆکایەتی قادر حەمەجان، بۆ راپۆرتی گۆڕانکاری لەنێو حکومەت. رۆژی 4 ی تشرینی دووەمی 2017، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بە مەبەستی خوێندنەوە و دەنگدان لەسەر ئەو دوو راپۆرتە کۆبوونەوە، بەڵام لەکاتی دەنگدان لەسەر راپۆرتی یەکەمی تایبەت بە گۆڕانکارییەکانی نێو حیزب، کۆبوونەوەکە بە تەواونەکراوی کۆتایی هات، چونکە بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی بە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسی رازی نەبوون.

بڕیار بوو رۆژی شەممە 2018/1/20 کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی بکرێ، بەڵام نەسروڵڵا سورچی، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی دەڵێ: "لە مەکتەبی سیاسییەوە بە تەلەفۆن پێیانگوتین کۆبوونەوەکە دواخراوە. نازانین بۆ دواخراوە".

گوتیشی "هەوڵ هەیە بەم نزیکانە کۆبوونەوەکە بکرێ".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) کە لە چەند بەرپرسێکی یەکێتییەوە دەستیکەوتوون، پێش کۆبوونەوەکە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی بۆچوونی جیاوازیان هەبووە لەسەر کاتی بەستنی کۆنگرە و کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەروەها ئەو دەستەیەی کە بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی دیاری دەکرێ لە جیاتی مەکتەبی سیاسی. ئەوەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکە دوابخرێ، چونکە ترسی ئەوەیان هەبووە بەو ناکۆکییانەوە بچنە نێو کۆبوونەوە و دواجار کۆبوونەوەکە بێئەنجام وەک کۆبوونەوەی 4 ی تشرینی دووەمی 2017 کۆتایی بێت.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، باسی هۆکاری دواخستنی کۆبوونەوەکەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی رازی نین بەم نزیکانە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکرێ، ئەویش لەبەر چارەسەرنەکردنی کێشە نێوخۆییەکان. هەروەها بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی لەگەڵ دیاریکردنی دەستەیەکی 11 کەسی نین بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی وەک جێگرەوەی مەکتەبی سیاسی".

ئەو دەستە 11 کەسییە، لە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی دیاری دەکرێن، بەڵام هێشتا میکانیزمی دیاریکردنیان روون نییە. هەرچەندە دەگوترێ هەوڵ هەیە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەو دەستەیەدا نەبن.

فەرید ئەسەسەرد ، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ، کۆبوونەوەی داهاتووی یەکێتی بۆ تەواوکردنی ئەو دوو راپۆرتەیە کە لیژنەکان ئامادەیان کردووە "دەبێ راپۆرتەکان پەسەند بکرێن و کاریان پێبکرێ، هەروەها دەمانەوێ رۆژی بەستنی کۆنگرە دیاری بکەین، هەرچەندە پێشتر قسەی زۆر لەسەر 1/31 دەکرا، بەڵام تازە فریای ئەو کاتە ناکەوین و دەبێ لە نێوان 7-21ی ئادار رۆژێک هەڵبژێرین بۆ بەستنی کۆنگرە".

رۆژ لە دوای رۆژ پرسە گرنگ و گەرمەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق زۆرتر دەبن و یەکێتی بەهۆی کێشە نێوخۆییەکانییەوە ناتوانێ بڕیاریان لەبارەوە بدات. بەرپرسێکی یەکێتی دەڵێ "دەرکەوتووە بەبێ بەستنی کۆنگرە و هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی نوێ، ئێمە ناتوانین بڕیار بدەین. چونکە ئەم سەرکردایەتییەی ئێستا بەردەوام بەشێکیان بۆچوونی بەشەکەی دیکەیان رەتدەکەنەوە".

سەبارەت بە کاتی کۆبوونەوەکەش، فەرید ئەسەسەرد گوتی "هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئەوەی لەم هەفتەیەدا سەرکردایەتیی یەکێتی کۆببێتەوە".

# نێچیرڤان بارزانی بۆ یەکگرتوو: یەکێتی لەگەڵ هەڵبژاردن نییە

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان پەیتا پەیتا حیزبەکانی پێکهێنەری کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ماڵئاوایی لە کابینەی بنکەفراوان دەکەن و ئامادەسازی بۆ بانگەشەکانی هەڵبژاردن دەکەن.

رۆژی 2017/12/17 نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیران بە نامەیەکی تایبەت داوای لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد وادەیەک بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان دیاری بکەن کە لە سێ مانگ تێپەڕ نەکات، بەڵام لایەنە سیاسییەکان نەگەیشتوونەتە هیچ رێککەوتنێک بۆ دەستنیشانکردنی وادەیەک بۆ هەڵبژاردن.



## یەکگرتوو: هەڵبژاردن باشترین بژارەیە

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە دوای گۆڕان و کۆمەڵ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کشایەوە، پشتیوانی هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکات. فەرهاد مەلا ساڵح، کارگێڕی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی یەکگرتووی ئیسلامی بە (رووداو)ی راگەیاند: "لە گفتوگۆکانمان لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت، پێمان راگەیاندن کە فراکسیۆنەکەمان پشتیوانی دیاریکردنی هەڵبژاردن لە کۆتایی مانگی سێ و سەرەتای چوار دەکات".

پارتی کە سەرۆکایەتی حکومەتی لەلایە، پێیوایە کشانەوەی یەکگرتوو و حیزبەکانی دیکەش کاریگەری لەسەر هەڵبژاردن نابێت، بەڵکو پێشیدەخات. خەسرۆ گۆران بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بە (رووداو)ی راگەیاند: "کشانەوەی حیزبەکان خواستی خەڵک و لایەنەکان زیاتر دەکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن".

خەسرۆ گۆران لەبارەی کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان گوتی: "پارتی پێی باشە پێش هەڵبژاردنەکانی عێراق هەڵبژاردنەکانی کوردستان بکرێ، چونکە دەمانەوێ پێشوازییەکی زۆری خەڵک هەبێت، دوو هەڵبژاردن لەسەر یەک پێشوازیی زۆر نابێت".

## گۆڕان بە مەرج لەگەڵ هەڵبژاردنە

بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردن نییە لەو وادانەی پارتی باسیان دەکات و مەرجیشی هەیە. عەبدولڕەحمان موهەندیس، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێت: "پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران و لابردنی ناوی وەهمی و دووبارە و پشتبەستن بە سیستەمی بایۆمەتری وەکو هەڵبژاردنەکانی عێراق، هەروەها هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن بە جۆرێک هەر پارێزگایەک بکرێتە چەند بازنەیەک، ئێستا کوردستان یەک بازنەیە، دەنگی ناوچەیەک کاریگەری لەسەر نوێنەرایەتی ناوچەیەکی دیکە دەبێت، هەروەها پێویستە سیستەمی کۆتا رێکبخرێتەوە و پێکهاتەکان خۆیان دەنگ بە نوێنەری خۆیان بدەن".

## یەکێتی دژی پێشخستن و دواخستنە

سەرکردە و بەرپرسە باڵاکانی یەکێتی بە ئاشکرا لەگەڵ تەواوکردنی خولی درێژکراوەی پەرلەمانی کوردستانن، بەشێک لەو خواستەی یەکێتی بۆ کێشە نێوخۆییەکانی ئەو حیزبە دەگەڕێتەوە، هەروەکو مەلا بەختیار بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) گوتی: "بۆ هەڵبژاردن بە تەواوەتی ئامادە نین". زۆربەی کادیران و سەرکردایەتی ئەو حیزبە لەگەڵ ئەوەن هەڵبژاردن بکەوێتە دوای بەستنی کۆنگرەی حیزبەکەیان کە هێشتا سەرکردایەتی یەکێتی کاتەکەی دیاری نەکردووە.

دلێر ماوەتی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "هەموو حیزبەکان بە یەکێتیشەوە لە بەرژەوەندی خۆیان باسی دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردن دەکەن، بەڵام قسەکەی یەکێتی تۆزێک رێی تێدەچێت، چونکە پەرلەمانی کوردستان بۆ دوو خول تەمەنی بە یاسا درێژکراوەتەوە، بۆیە وا باشە ماوەکەی خۆی تەواو بکات".

لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنین لە مانگی سێ و چوار

یەکگرتوو

دەبێ تۆماری دەنگدەران پاکبکرێتەوە و یاسای هەڵبژاردن هەموار بکرێ

گۆڕان

گوتیشی: "ئێمە لەبەر کێشە ناوخۆییەکانمان لەگەڵ هەڵبژاردن نین. ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ هەڵبژاردنە چونکە وا دەزانێت مووچە نییە و دەنگی باش دەهێنێ. پارتی لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشوەختە و وا بیر دەکاتەوە کە دەتوانێت دەنگی خۆی بهێنێتەوە، هیچی لە روانگەی بەرژەوەندیی گشتییەوە قسە ناکات".

رۆژی 2018/1/15 شاندێکی باڵای یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی و ژمارەیەک وەزیر و راوێژکار کۆبوونەوە، بەپێی زانیارییەکانی رووداو شاندەکەی یەکگرتوو بە سەرۆکایەتی حکومەتیان راگەیاندووە ئەگەر هەڵبژاردن لە مانگی سێ یان چواردا بکرێت، ئەوە ناکشێنەوە، بەڵام نێچیرڤان بارزانی بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی بە شاندی یەکگرتووی گوتبوو "خواستی ئێمەش ئەوەیە لەو سێ مانگەدا هەڵبژاردن بکرێ، بەڵام یەکێتی رازی نییە".



## عەبادی بانگهێشتی ئەنقەرە دەکرێ

**ڕووداو- هەولێر**

تورکیا بە فەرمی بانگهێشتی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق دەکات بۆ ئەوەی سەردانی تورکیا بکات. لەچوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ عێراق، ڕۆژی یەکشەممە 2018/1/21، مەولوود چاوشئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا لەگەڵ حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق کۆبووەوە. بەپێی ڕاگەیێندراوێکی ئۆفیسی سەرۆکوەزیرانی عێراق، لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات، پەرەپێدانی پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی لە بوارەکانی نەوت، گواستنەوە، دژایەتیی تیرۆر کراوە. بەپێی ڕاگەیێندراوەکە، وەزیری دەرەوەی تورکیا بانگهێشتی فەرمی پێشکەشی عەبادی کردووە بۆ ئەوەی سەردانی ئەنقەرە بکات.

## سەعدوڵڵا مەسعودیان، سەرکونسوڵی ئێران لە سلێمانی بۆ (ڕووداو):

# ڕووحانی هەموو دیپلۆماتکارانی ڕاسپاردووە بۆ لێکنزیککردنەوەی هەولێر و بەغدا



سەعدوڵڵا مەسعودیان، سەرکونسوڵی ئێران لە شاری سلێمانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت کە حەسەن ڕووحانی سەرۆک کۆماری ئێران بە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاندووە دەبێ مافی یاسایی هەموو نەتەوەکانی عێراق و بەتایبەتی کورد بەباشی پارێزراوبێ، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو دیپلۆماتکارانی ئێرانی ڕاسپاردووە کە هەموو هەوڵێک بدەن بۆ نزیکبوونەوەی بەغدا و هەولێر. مەسعودیان پرۆژەیەکی گەورەی وەبەرهێنانی ئاشکرا کرد و گوتی کۆمپانیایەکی کوردی بە بەهای نیو ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە پارێزگای "کوردستان" دەکات.

ڕووداو- سلێمانی

**ڕووداو: بەڕێز مەسعودیان لە دیداری نێچیرڤان بارزانی و ڕووحانیدا، بەڕێز ڕووحانی دەڵێت: سەرمایەدارانی ئێران ئامادەن بۆ بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان، ئەو چانسە ئابووریانە چین کە ئێران یان هەردوولا دەتوانن بیانقۆزنەوە، یان دەتوانێ چی بکات بە کردەنی؟**

**مەسعودیان:** من ئاماژە بە نموونەیەکی بەرچاو دەکەم کە تا چەند ڕۆژی داهاتوو هاوکارییەکی ئابووریی دوو لایەنەی زۆر پڕ قازانج لەشێوەی مامەڵەیەکی گەورە ڕادەگیێنرێ، ڕەنگە ئاماژەی بەڕێز سەرۆککۆماری ئێران بۆ وەها هاوکارییەک بێت. لە ڕۆژانی داهاتوودا و ڕەنگە هەر لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا، وەبەرهێنانێک بە بەهای نزیکەی نیو ملیار دۆلار، لەلایەن بازرگان و کۆمپانیایەکی کوردی لە پارێزگای کوردستانی ئێمە بکرێ، کە ئەنجامەکەی بەشێوەی سەد لە سەد بۆ هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە. کارگەکانی پۆڵا کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق چالاکییان هەیە، بە کەوتنەکاری ئەم پرۆژە وەبەرهێنانە ماددەی خاو لە ئێرانەوە بە نیوەی نرخ دەهێننە هەرێمی کوردستان.

**ڕووداو: دەتوانی ئەو موفاجەئە ئابوورییە ڕوونتر بە ئێمە بڵێی؟**

**مەسعودیان:** من پێم خۆشبوو ئەم هەواڵە وەبەرهێنەرانی کوردی عێراقی ڕایبگەیەنن بەڵام وەک ئەوەی ئاگاداری کارەکەم وەک پاڵپشتییەک لەم پرۆژەیە کە لە قازانجی گەشەپێدانی ئابووریی کوردستان، واتە کوردستانی عێراقە، ویستم ئەم هەواڵەتان پێ ڕابگەیەنم. پرۆژەی کارگەی ئاسنی ئیسفەندی، پێداویستی کارگەکانی پۆڵای هەرێمی کوردستان دابین دەکات لە ناوچەیەک لەنێوان سنە و سەقز. ئەم بەرهەمە بە نیوەی نرخی ڕۆژ دەدرێتە کارگەی پۆڵا لە هەرێمی کوردستان. بەمەش کارگەکە ماددەی خاوی هەرزانی دەستدەکەوێت و ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر داهاتووی ئابووریی هەرێمی کوردستان دەبێت. لەلایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوارچێوەی ئەم وەبەرهێنانە چەند هەزار دەرفەتی کار لە کارگەکە لە پارێزگای کوردستانی ئێمە دروست دەکات، دەزانن کە باشترین بەردی ئاسن لە کانەکانی وڵاتی ئێمەدا هەیە. لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەردی ئاسن نییە و ئەم بەردە دەدرێتە دەست ئەم وەبەرهێنەرە و بەرهەمی کۆتایی بە نرخێکی کەمتر دەدرێتە هەرێمی کوردستانی عێراق.

**ڕووداو: ڕۆڵی ئێران لە گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدادا چییە؟**

**مەسعودیان:** سەردانی بەڕێز بارزانی بۆ تاران لاپەڕەیەکی نوێی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێمەدا کردەوە. ئێمە پەیوەندییەکی بەهێز، گەرم و قووڵمان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق هەیە، بەڵام بێگومان نزیککردنەوەی بۆچوونەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و هێنانەئارای ڕێککەوتنێکی گونجاو و بنیاتنەر دەتوانێ گۆڕانکاری لە داهاتووی پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراقدا بکات. کۆماری ئیسلامیی ئێران دەتوانێ وەک لایەنێک بۆچوونەکان لەیەک نزیک بکاتەوە و نێوەندگیرێک بێت لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی عێراق. لەو ڕووەوە ڕۆڵی بینیوە و ڕۆڵیش دەگێڕێت بەو لێکتێگەیشتنەی کە بەخۆشییەوە لەنێوان هەولێر و بەغدا بە لەبەرچاوگرتنی چوارچێوەی دەستووری عێراق. ئەو نێوەندگیرییەی ئێمەش بەمزووانە بە ئەنجام دەگات و خەڵکی کوردستانی عێراق لێی سوودمەند دەبن.

**ڕووداو: بەڕێز ڕووحانی بە نێچیرڤان بارزانی گوت: لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا پشتگیری زامنکردنی تەواوی مافەکانی گەلی کوردستان دەکات،**

> سەردانی بەڕێز بارزانی بۆ تاران لاپەڕەیەکی نوێی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێمە کردەوە

**ڕوانگەی ئێران بەڕوونی بە لایەنە شیعییەکانی عێراق گوتراوە لەمبارەیەوە؟**

**مەسعودیان:** سەد لە سەد بەڕێز ڕووحانی بە بەڕێز نێچیرڤانی ڕاگەیاند لە چوارچێوەدی دەستووری عێراق، مافی یاسایی هەموو نەتەوەکانی ئەم وڵاتە بەتایبەت کوردەکانی کوردستانی عێراق کە مێژووییەکی کۆن و درەوشاوە و بەرەچەڵەکیان لەم وڵاتەدا هەیە، دەبێت بەباشی پارێزراوبێ. بێگومان هەوڵەکانی ئێمەش لەم چوارچێوەیەدا پاراستنی ماف و بەرژەوەندییە یاسایی و دەستوورییەکانی کوردی

> سەرمایەدارێکی کورد بە بەهای نیو ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە پارێزگای کوردستان دەکات

عێراق دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی خۆمان دەدەین. بەڕێز سەرۆککۆمار بە هەموو دیپلۆماتکارانی دوو لایەنی ئێمەی ڕاگەیاندووە لەم چوارچێوەیەدا هەرچی بتوانین بیکەین و هەر واش دەبێ.

**ڕووداو: حکومەتی ئێران چی لە هەرێمی کوردستان دەوێت بۆ زامنی ئاسایشی سنوورەکانی؟**

**مەسعودیان:** لە کۆبوونەوەی بەڕێز بارزانی و بەڕێز شەمخانی و بەڕێز ڕووحانی چەند پرسێک کە تایبەت بە بواری ئەمنی گفتوگۆیان لەسەر کرا، چاوەڕوانی سروشتی و یاسایی دراوسێی گەورەی هەرێمی کوردستان واتە کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوەیە کە سنوورەکانمان پارێزراو بن و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ پاراستنی سنوورەکان بخاتەگەڕ. کەسانێک کە هێرش دەکەنە سەر سەرباز و سنوورپارێزەکانمان لە سنوورە هاوبەشەکان بە جدی ڕووبەڕوویان ببنەوە. لە بەرامبەر ئەمەدا هەست بە بەرپرسیارێتی پێویست بکەن. وەک ئاگادارن لە چەند هەفتەی ڕابردوو چەند پاسەوانی سنووریمان لەلایەن تیرۆریستانەوە لە ڕێگەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستانەوە هێرشیانکرایە سەر و گیانیان لەدەستدا. چاوەڕوانی ئێمە ئەوەیە بە شێوازێکی بەرپرسیارانەتر سەیری پاراستنی تەناهی سنوورەکان بکرێ، چونکە قازانجی ڕاستەوخۆی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان دەبێت و ڕۆڵی سەرەکی دەبێت لە گەشەدان بە پەیوەندییە ئابوورییەکان.

**ڕووداو: سەبارەت بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لە خانەقین، لە کەرکووک و شوێنەکانی دیکە ئێستا تەنیا هێزی عێراق و حەشدی شەعبی لەوێن، پێشمەرگە لەوێ نەهێڵدراون، تێڕوانینی ئێوە لەسەر ئەمە چییە؟ پێتان باشە پێشمەرگە هاوبەش بێت لە بەڕێوەبردنی ئەم ناوچانە یان وەک ئێستا هەیە لە دەرەوەی بازنەکە بێت؟**

**مەسعودیان:** بڕوانن ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان وەک لە ناوەکەی دیارە، ناوچەی جێی ناکۆکییە، باشترین ئامۆژگاری بۆ چارەسەرکردنی دۆخی ئەو ناوچانە، تا ئەو کاتەی ماددەی 140 جێبەجێ دەکرێ، هێزێک لەو ناوچانە هەبێت کە بە پلەی یەکەم پاراستنی تەناهی و گیانی خەڵکی ئەو شارانەی لەئەستۆ بێ، پێمانوایە چارەسەرکردنی ئەم پرسە زەحمەت نییە.

**ڕووداو: پێشمەرگە وجودیان لەو ناوچە جێناکۆکانە هەبێت، کە زۆربەیان کوردن، یان دۆخەکە وەکو ئێستا بێت؟**

**مەسعودیان:** بێگومان ئەگەر سەیری عێراقی یەکپارچە بکەین، لە عێراقی یەکگرتوو نابێت لەنێوان هێزی چەکداریدا هیچ جۆرە گومان و درزێک هەبێت. من دڵنیام لە چوارچێوەی دەستووری عێراق ئەگەر تواناکان بەکاربهێنرێ چ پێشمەرگە، چ پۆلیسی فیدراڵ و چ سوپای عێراق بە شێوازێکی یەکگرتوو لە ناوچە جێناکۆکەکان بن بە قازانجی وڵاتی عێراق و خەڵکی هەرێمی کوردستان دەبێت. هیوادارم هێزێکی یەکگرتوو پێکبێت لە هەموو پێکهاتەکانی کورد، عەرەب، تورکمان و هەموو نەتەوەکان کە بتوانن بەرگری لە خاک و نیشتمانی خۆیان و هەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکان بکەن. لەژێر فەرماندەیەکی بەهێز و هاوئاهەنگیی بەهێز لەنێوان هەولێر و بەغدا ئەم پرسەش چارەسەر بکرێ.

**ڕووداو: تاران چۆن دەڕوانێتە هەوڵە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی نێچیرڤان بارزانی کە ئێستا لە ناوچەکەدا دەستی پێکردووە؟**

**مەسعودیان:** هیواخوازم هەرچی زووتر حکومەتی هەرێمی کوردستان سەقامگیر بێت و هەوڵەکانی بەڕێز نێچیرڤانی بارزانی بۆ باشکردنی پەیوەندییەکان و بۆ زیادکردنی لێکتێگەیشتن لەگەڵ بەغدا و لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بگاتە ئەنجام. سەردانەکەی بۆ ئێران کە هەر لەم چوارچێوەیەدا بوو، زۆر بەسوودە، بەڕێزیان کەسێکی سیاسەتڤانی زۆر سازشکار و بەباشی دەتوانن زۆربەی گرێکان بە سەبر و خۆڕاگری و چالاکییەکانی لە بەرژەوەندی خەڵکی هەرێمی کوردستان بکەنەوە. هیوادارم لە داهاتووی سیاسی ئەم وڵاتەدا دیموکراسی و دەنگی خەڵک قسەی یەکەم بکات و بە هەڵبژاردنی باشترینەکان لە حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان، بەرژەوەندی خەڵک بەباشی ببینرێت و دابین بکرێت.

**ڕووداو: ئێستا پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا باش نییە، ئێران چی دەکات بۆ باشترکردنی پەیوەندی ئەو دوو لایە، ئایا جارێکی دیکە مەرزەکان دادەخرێن؟**

**مەسعودیان:** بەدڵنیاییەوە سنوورەکان داناخرێن بەڵکو فراوانتر دەبن، ئێمە هەوڵماندا بەغدا ڕازی بکەین بەوەی کە سنوورە یاساییەکانی ئێمە بکرێنەوە کە هەرسێ سنوورەکەی ئێمە کرانەوە، بەو ڕێکارانەی کە ئێمە بیرمان لێکردنەوە، پشت بەخودا ڕۆژ بە ڕۆژ پەیوەندییەکان، پەیوندییە ئابوورییەکان فراوانتر دەبن، ئێمە لە سلێمانی بەمەبەستی فراوانکردنی ئەو پەیوەندییانە و دڵنیاکردنەوە لەوەی کە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان سەرەکین و بەرژەوەندی گەورەی لەخۆگرتووە، لە چەند مانگی ڕابردوودا پارەی تایبەت بە ڤیزای ئێران بۆ خەڵکی کوردستانمان کەمکردەوە. بەدیاریکراوی تەواوی بازرگانان و چالاکڤانی ئابووری و زەمینەسازیمان کرد بەوەی کە بە خێرایی و لە ماوەیەکی کەمدا بتوانن ڤیزای ئێران وەرگرن.

> جارێکی دیکە مەرزەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان داناخەین

# تاران بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەی هەولێر و بەغدا بە نێچیرڤان بارزانی دەدات



**مەحموود یاسین و نەوزاد مەحموود**

**ڕووداو- هەولێر**

دوای چەندین مانگ لە بڕینی پەیوەندییە دیبلۆماسی و ئابوورییەکانی لەگەڵ باشووری کوردستان، دواجار کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر ئاستی باڵا پێشوازی لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەری کرد، بەرپرسانی تاران ئامادەیی خۆشیان بۆ نێوبژیوانی نێوان هەولێر و بەغدا نیشان دا.

نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران لە بارەی سەردانەکەی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سەردان و دیدارەکان لەگەڵ بەرپرسانی ئێران، زۆر گرنگ بوون. لە هەموو دیدارەکان پشتیوانی ئێران بۆ مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان دووپاتکرایەوە".

لە سەردانەکەی ڕۆژی یەکشەممەدا شاندی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەر یەک لە حەسەن ڕۆحانی، سەرۆککۆماری ئێران، عەلی لاریجانی، سەرۆکی پەرلەمان و عەلی شەمخانی، سکرتێری ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوێکی حکومەتی هەرێمی کوردستانحەسەن ڕووحانی "پاراستنی پەیوەندییەکانی هەولێر و تارانی بەپێویست زانیوە بەتایبەتی کە هەرێمی کوردستان گرنگی بە ئاسایشی ئێران و ناوچە سنوورییەکان دەدات، خوازیاریش بوو سەقامگیری لە ناوچەکە جێگیر ببێت و خەڵکی هەرێمی کوردستان لە خۆشگوزەرانیدابن".

نازم دەباغ کە یەکێک بوو لە بەشداربووانی سەردان و دیدارەکان دەڵێت "دووپات لەوە کرایەوە کە ئێران هاندەرێکی باشی حکومەتی بەغدا دەبێ بۆ ئەوەی گەمارۆکانی سەر هەرێمی کوردستان لاببات. بە نێچیرڤان بارزانییان گوت، لەهەرکات و شوێنێک پێویستتان بە هاوکاری ئێران هەبوو، ئێمە درێغی ناکەین لە هاوکاریکردنتان. چاوەڕوانیش دەکرێ دواتر ئێران لەگەڵ عەبادی پەیوەندی هەبێ بۆ ئەوەی دانوستاندنەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەنجامیان هەبێ".

نازم دەباغ

> ئێرانییەکان گوتیان لە چارەسەرکردنی کێشەکان درێغی ناکەین

بەپێی بەیاننامەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی سەردانەکە "سەرۆککۆماری ئێران، چارەسەرکردنی کێشەکان و فەراهەمکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق لەسەر بنەمای دەستوور بە پێویست زانیوە، لەوبارەیەشەوە دەستخۆشی لە شاندی هەرێمی کوردستان کرد کە لە بەغدا بووە و گفتوگۆیان لەسەر کێشە هەڵواسراوەکان دەستپێکردووە". هەورەها عەلی شەمخانیش گوتوویەتی "پشتیوانی لە سیاسەتی نوێی هەولێر دەکەین".

عەرەفات کەرەم، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق لە بارەی گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "عەبادی دەیەوێ داهاتووی خۆی لە دوای هەڵبژاردن مسۆگەر بکات، گرەویش لەسەر ئەو دەنگانە دەکات بەهۆی دژایەتی هەرێمی کوردستان کۆی دەکاتەوە، بۆیە باڵانس ڕادەگرێت، توندی بەیاننامەی کۆبوونەوەکەشی لەگەڵ شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر بۆ ڕازیکردنی جەماوەری شیعە بوو".

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق پێیوایە عەبادی زیاتر لە ژێر گوشاری ئەمریکایە وەکو ئەوەی ئێران بانگهێشتکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ تاران پەیوەندی بە دۆخی نێوخۆی ئێرانەوە هەیە و دەڵێ "دۆخی ئێران باش نییە، ڕاستە کۆنترۆڵیان کردووە، بەڵام دۆخەکە لە کوڵانە، ئەوانیش حسابی تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان دەکەن با هەر بڵێن هەرێمە و بەشێکە لە عێراق بەڵام لە واقیع حکومەتەو دەوڵەتەو پەرلەمان و سوپاو هێزی ئەمنی هەیە".

دوایین کۆبوونەوەی شاندی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عەلی لاریجانی، سەرۆکی پەرلەمانی ئێران بوو، سەرۆکی پەرلەمانی ئێران پشتگیریی وڵاتەکەی بۆ ئەو گفتوگۆیانە دەربڕی کە بەمدواییانە لەنێوان هەولێر و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەستیانپێکردووە. هیوای خواستووە تەواوی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ بەڕێگەی گفتوگۆ و دیالۆگ و لەسەر بنەمای دەستوور چارەسەربکرێن و مافە دەستوورییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان و تەواوی پێکهاتەکانی عێراق دابینبکرێن.

وا بڕیاربوو ئەمڕۆ دووشەممە 2018/1/22 نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆببێتەوە بەڵام بەپێی قسەی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کورردستان لە تاران بەهۆی خشتەی کارەکانیانەوە، نەیانتوانی بمێننەوە و گەڕایەوە بۆ هەرێمی کوردستان.



## "بەغدا بەمنزیکانە مووچەی هەرێمی کوردستان دەنێرێ".

**ڕووداو- هەولێر**

ئەحمەد حاجی ڕەشید، بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق دەڵێت، بەپێی بەدواداچوونەکانی لەماوەی 10 ڕۆژی داهاتوودا بەغدا مووچەی پەروەردە و تەندروستی دەنێرێت. ئەحمەد حاجی ڕەشید، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی یەکشەممە 2018/1/20 لە کۆبوونەوەی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق کەسێکی لە نزیک لە حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق پێیگوتووە تاوەکو کۆتایی ئەم مانگە مووچەی وەزارەتەکانی پەروەردە و تەندروستی دەنێردرێن، ئەگەر لەو ماوەیەشدا نەبێ، ئەوا بێگومان سەرەتای مانگی داهاتوو مووچەکە دەنێردرێت". لەسەر داواکاری بەغدا پێشتر شاندێکی وەزارەتەکانی تەندروستی و پەروەردەی هەرێمی کوردستان لیستی مووچەخۆرانی مانگی 12ی 2017ی هەردوو وەزارەتی بۆ وردبینیکردن بردە بەغدا، تاوەکو ئێستاش لیژنەکە دووجار سەردانی بەغدای کردووە.

ڕاپۆرت

ڕووداو

ژمارە (490) - دووشەممە 2018/1/22

## پڕۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە بەخاوی دەڕوات

# 5000 کەس مووچە لە هەولێر و بەغداش وەردەگرن

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

نزیکەی دوو هەفتە بەسەر خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا لیژنە تایبەتمەندەکان ڕاپۆرتیان لەبارەیەوە ئامادە نەکردووە، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو دەڵێ: "هەندێک لایەن کە بندیواریان زۆرە، خاوەخاو بە پڕۆژەکە دەکەن".

پڕۆژە یاساکە لە 20 ماددە پێکهاتووە و وەک لە ماددەی یەکەمدا هاتووە، ئامانجەکەی ئەوەیە "بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری و شایستەبوون لە خەرجکردنی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازات بەرجەستە بکات".

بەهار مەحموود، جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە لەگەڵ هەر پڕۆژە و هەنگاوێکی چاکسازین، ئەو پڕۆژەیەی حکومەتیش بەرفراوانە، پێویستی بە قسەی جدی و ڕاشکاوانە هەیە، ئێمە تێبینی و سەرنجی خۆمان لەسەری ئامادە کردووە، بڕیارە لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکان گفتوگۆی لەسەر بکەین، ئەو پڕۆژەیە ئاراستەی شەش لیژنەی پەرلەمانی کراوە و دەبێ هەمووان ڕاپۆرتی خۆیان بنووسن، پاشان هەر شەش لیژنەکە ڕاپۆرتێک ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن".

پڕۆژەکەی حکومەت لەلایەن ئەنجوومەنی شورای هەرێمی کوردستانەوە پێداچوونەوەی بۆ کراوە، پڕۆژەیەکی هەمەلایەنە و زۆربەی دامەزراوە پەیوەندارەکان بەشدارییان لە داڕشتنیدا کردووە. بەپێی پڕۆژەکە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانەنشینی کە ژمارەیان حەوت بەڕێوەبەرایەتییە، دەکرێنە یەک بەڕێوەبەرایەتی.

حکومەت چاوەڕێ دەکات لە ئەنجامی پەسەندکردن و جێبەجێکردنی پڕۆژە یاساکە، مانگانە 100 ملیۆن دۆلار بگەڕێتەوە خەزێنەکەی.

بەپێی پڕۆژەکە، یاساکانی خانەنشینی کە لە دوای ساڵی 1992 دەرچوون، هەڵدەوەشێنەوە و کار بە یاسای ژمارە 9ی ساڵی 2014ی خانەنشینی یەکگرتووی عێراق دەکرێت کە بەپێی ماددە 21ی ئەو یاسایە کەمترین مووچەی خانەنشینی 400 هەزار دینارە.

بەهار مەحموود دەڵێ: "پێشتر داوامان لە حکومەت کرد ئەو یاسایەی عێراق جێبەجێ بکات، بەڵام حکومەت وەڵامیان ئەوە بوو کە باری دارایی هەرێمی کوردستان زۆر خراپە، ناتوانن جێبەجێی بکەن، کەچی ئێستا لەو پڕۆژە یاسایە باسی چالاککردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق دەکرێت لە هەرێمی کوردستان".

یەکێکی دیکە لەو سلکانەی لە یاساکەدا ئاماژەی بۆ کراوە بریتییە لە خانەنشینی سەربازی. هێشتا زانیاریی ڕاست و دروست لەسەر ژمارەکە نییە، بەڵام بەپێی قسەی پەرلەمانتاران، زیاتر لە 160 هەزار کەس بە پلەی سەربازی خانەنشین کراون و ژمارەیەکی زۆری دیکەش لە سلکی سەربازی بوونە و لە شاخ پێشمەرگە بوون، بەڵام بە پلەی تایبەتی مەدەنی خانەنشین کراون، بەڵام بەپێی پڕۆژە یاساکە سەرجەم خانەنشینەکانی هێزی پێشمەرگە بە پلەی وەزیر، بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی هەڵدەوەشێنەوە.

بەهزاد زێباری، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان، ڕەخنە لە لیژنەکانی پەرلەمان دەگرێت بەوەی لە ئامادەکردنی ڕاپۆرت خاون و دەڵێ: "تاوەکو ئێستا لیژنە تایبەتمەندەکان لەسەر ئەو پڕۆژەی یاسایە کاری جدییان نەکردووە، چونکە هەندێک لایەن لەگەڵ ئەو پڕۆژەیە نین، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر خانەنشین و بندیوار و مووچەخۆری حیزب لەوانن، بۆیە پشتیوانیی پڕۆژەکە ناکەن".

هەر لەوبارەوە فرسەت سۆفی، پەرلەمانتاری کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو پڕۆژەیەی حکومەت ناردوویەتی، ڕەشنووسە و قابیلی گۆڕانکارییە، یەکێک لە گرنگترین خاڵەکانی ئەو پڕۆژەیە سندوقی خانەنشینی یەکدەخات و ئەو فەوزایە ناهێڵێت، جێبەجێکردنیشی ئاسان نییە، بەڵکو بە ئازارە بۆ حکومەت، بەڵام قەناعەتم وایە دواجار یاساکە لە پەرلەمانی کوردستان تێدەپەڕێت و دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە".

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی پێشبینی دژایەتی و لێدان لەو یاسایە دەکات و دەڵێ: "ئەو یاسایە لە بەرژەوەندی ژمارەیەکی زۆر خەڵک دەدات، بۆیە چاوەڕێ ناکەین خەڵکێک چەپڵەی بۆ لێبدات، بەڵکو دژایەتی دەکەن تا مووچە و ئیمتیازاتەکانیان بمێنێ".

بەگوتەی د.ئامانج ڕەحیم، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کە ڕۆڵی سەرەکی لە داڕشتنەوەی ئەو پڕۆژە یاسایەدا هەبووە، لە سیستەمی بایۆمەتری دەرکەوتووە 62 هەزار کەس زیاتر لە مووچەیەک لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن، بەڵام بەپێی ئەم یاسایە لەمەودوا جگە لە میراتگری شەهید و ئەنفالکراوەکان، کەسی دیکە ناتوانێت لە جارێک زیاتر سوودمەندی مووچە بێت. ئەگەر یاساکە پەسەند بکرێت، دەبێ حکومەت لە ماوەی 30 ڕۆژدا ڕێنمایی بۆ جێبەجێکردنی یاساکە دەربکات و لە ماوەی 90 ڕۆژدا پێداچوونەوە بە مەلەفی خانەنشینەکاندا بکرێ".



تیمێکی نێودەوڵەتی 35 خاڵی پێشکەشی حکومەت کردووە بۆ چاکسازیی لە وەزارەتی پێشمەرگە (فۆتۆ: ڕووداو)

> **بندیوار بە یاسا چارەسەر ناکرێت**
> پەرلەمانتارێکی یەکێتی

> **سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو**
> هەندێک لایەن لەگەڵ پڕۆژەکە نین چونکە خۆیان خانەنشین و بندیواری زۆریان هەیە

> **پەرلەمانتارێکی پارتی**
> چاوەڕێ ناکەین چەپڵە بۆ ئەو یاسایە لێبدرێت چونکە لە بەرژەوەندیی هەندێک کەس دەدات

### 35 پاسەوانیان هەیە!

دۆسیەی پاسەوانی حیزبەکان و پاسەوانی بندیوار لە هەرێمی کوردستان زۆرترین قسەوباسی لەبارەوە کراوە. لە پڕۆژەکەدا ئاماژە بە دەستنیشانکردنی ژمارەی پاسەوانانی بارەگا و دامەزراوە حیزبییەکان و هەروەها پاسەوانی خاوەن وەزیفە باڵاکان و بەرپرسە سیاسییە باڵاکان کراوە، بە جۆرێک بەپێی پەیڕەوێک کە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە لە ماوەی 90 ڕۆژ دەردەچێت، لە چوارچێوەی میلاکی سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەپێی شایستەبوونی خۆیان ڕاژەکانیان ڕێکدەخرێتەوە. هەروەها گواستنەوەی گشت پاسەوانەکان بۆ سەر میلاکی یەکەی پاسەوانی لە وەزارەتی ناوخۆ. بەهیچ جۆرێک نابێت پاسەوان لەسەر میلاکی هیچ یەکەیەکی دیکەی سەربازی بێ، جگە لە یەکەی پاسەوانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ.

قادر وەتمان ئەندامی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش لە پەرلەمانی کوردستان، گوتی "لە لیوا و فەوجەکان، بەرپرسەکان خۆیان پاسەوانیان بۆ خۆیان داناوە، بەرپرسی سەربازی هەیە 35 پاسەوانی داناوە لە کاتێکدا یاسا یەک دوو پاسەوان زیاتری ناداتێ".

لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 63 هەزار پاسەوان هەن، لەو ژمارەیە بندیوارێکی زۆر هەیە هەروەکو پەرلەمانتاران باسی دەکەن. قادر وەتمان دەڵێ "بندیوار بە یاسا چارەسەر ناکرێت، بەڵکو بە دروستکردنی لیژنە و چاودێری دەکرێت، مووچەخۆری بندیوار دۆسیەی خۆی هەیە و هیچ کێشەی یاسایی نییە، لە سیستەمی بایۆمەتریش تۆمار کراوە و تەنیا ئەوەیە مووچە وەردەگرێت و دەوام ناکات".

### لە بەغدا و هەولێر مووچە وەردەگرن

ژمارەیەکی زۆر بەرپرس و پلەداری سەربازی، هاوکات لە هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیش مووچە وەردەگرن و بە پلەی جیاواز خانەنشین کراون، هەیانە لە هەولێر پۆستی هەیە و لە بەغدا خانەنشینە و بە پێچەوانەشەوە، بەهزاد زێباری سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت حکومەتی عێراق بەر لە ساڵێک بە نووسراوێک لیستێکی ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کە ناو و پلەی وەزیفی ژمارەیەکی زۆر مووچەخۆری دیاری کردووە لەوانەی لە بەغدا مووچە وەردەگرن بۆ ئەوەی ئەگەر مووچە لە هەولێر وەردەگرن، مووچەکانیان ببڕدرێت.

وەک ئەو گوتی، بەغدا لیستێکی 5 هەزار کەسی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ناردووە کە زۆربەیان لە سلکی سەربازین، بەڵام مووچەی تەنیا 50 کەس بڕدراوە، ئەوانی دیکە هێشتا مووچە وەردەگرن.

# "لە دوو هەفتەی داهاتوودا فڕۆکەخانەکانی کوردستان دەکرێنەوە"

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گوشارە نێودەوڵەتییەکان لەسەر حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق زۆرتر دەبن بۆ لابردنی گەمارۆکانی سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام وەک پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا باسی دەکەن، گوشارەکان زۆرتر داواکارین بۆ لابردنی گەمارۆی ئاسمانی. لەو نزیکانەش بەغدا ناچار دەبێ ئەو داوایە جێبەجێ بکات. پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت: "عەبادی هیچ بیانوویەکی نەماوە بۆ ئەوەی ئیمزا لەسەر کردنەوەی فڕۆکەخانەکانی کوردستان نەکات".

لەدوای بەڕێوەچوونی گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولی ڕابردوو، لە دوو هەفتەی ڕابردوودا زۆرترین هاتن و چوون لە نێوان شاندەکانی هەولێر و بەغدا هەبوون. مەسعود حەیدەر، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت گفتوگۆکان پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە "حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی ئەو لیژنانەی بۆ گفتوگۆ دروستیکردوون، پیشانی بەغدای داوە کە ڕێوشوێنە یاساییەکانی گرتووەتەبەر و هەموو بیانووەکانی بڕیوە:

ئەو پەرلەمانتارە دەڵێ، لیژنەکان لەسەر خاڵە سنوورییەکان و دەروازە بازرگانی و گومرگییەکان گفتوگۆیان کردووە، فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستانیش لەو چوارچێوەیەدان "کاتی کردنەوەی فڕۆکەخانەکان نزیک بووەتەوە، چونکە حەیدەر عەبادی هیچ بیانوویەکی نامێنێ بۆ ئەوەی ئیمزا لەسەر کردنەوەیان نەکات".

ماوەی نزیکەی چوار مانگە، جگە لەو فڕۆکەیەی تەرمی جەلال تاڵەبانی ڕاستەوخۆ لە بەرلینەوە هێنایەوە سلێمانی، هەروەها ئەو فڕۆکەیەی بە مەبەستی چارەسەری، کۆسرەت ڕەسوڵی لە سلێمانییەوە بردە بەرلین، بەغدا نەیهێشتووە هیچ گەشتێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەرێمی کوردستان و دەرەوەدا بکرێ.

تاهیر عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی دەڵێ جگە لەو کۆبوونەوانەی لە ڕۆژانی ڕابردوو کراون، هیچ هەواڵێکی نوێ لە بەغداوە بە ئەوان نەگەیشتووە.

ڕۆژی 2018/1/16، باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق ڕایگەیاند کە لەو نزیکانە فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بە ڕووی گەشتە نێودەوڵەتییەکاندا دەکرێنەوە. پێش کۆتایی ساڵی 2017 هیزەر ناوێت، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە گوشار دەخەنە سەر بەغدا بۆ ئەوەی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بکرێنەوە. جگە لە گوشارە نێودەوڵەتییەکانیش، هەریەکە لە وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا و وەزیری بەرگریی بەلجیکا سەردانەکانی خۆیان بۆ بەغدا ڕەتکردەوە، پاش ئەوەی ڕێگایان پێ نەدرا سەردانی هەولێریش بکەن.

نەوزاد ڕەسوڵ، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ تێگەیشتنی باش لە نێوان شاندی هەردوولا هەبووە بۆ کردنەوەی فڕۆکەخانەکان "بەغدا دوو داواکاری هەبووە و شاندی هەرێمی کوردستانیش لاریی لە هیچکام لە داواکارییەکان نەبووە کە ئەوانیش بەڕێوەبردنی فڕۆکەخانەکان بە هاوبەشی و گێڕانەوەی داهاتەکانیان بۆ بەغدا بووە". گوتیشی، بەپێی ئەو زانیارییانەی ئێمە لە بەرپرسانی بەغداوە بیستوومانە "لەماوەی دوو هەفتەی داهاتوودا گەشتە نێودەوڵەتییەکانی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان دەستپێدەکەنەوە".

پێش دەستپێکردنەوەی دانوستاندنەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیران هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنێ بۆ دروستکردنی دوو ئیدارەیی و درز و کەلێنی گەورەتر لە نێوان شارەکانی کوردستان. چونکە بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) کە لە چەند پەرلەمانتارێکەوە دەستیکەوتوون، لە سەرەتاوە حیزبە عێراقییەکان هەوڵیان دەدا فڕۆکەخانەی سلێمانی بکەنەوە. هەر بۆیە قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەت پەیوەندی بە مەولود باوەموراد، وەزیری پێشووی گواستنەوە و گەیاندن بەوەکالەت دەکات و پێیدەڵێ "ئەگەر بەغدا پەیوەندی پێوەکردیت و گوتی ئامادەین فڕۆکەخانەی سلێمانی بکەنەوە، پێیان بڵێ فڕۆکەخانەکانی سلێمانی و هەولێر بە یەک بڕیار داخراون و دەبێت پێکەوە بکرێنەوە".

نەوزاد ڕەسوڵ دەڵێ ئەو پەرلەمانتارە عێراقییانەی لە دوای گشتپرسی ژمارەیەک سزایان پەسەند کرد و دایانە حکومەتی بەغدا جێبەجێیان بکات و بیسەپێنێ بەسەر هەرێمی کوردستاندا، پەشیمان نین لەو سزایانە "بەڵام ئێستا گفتوگۆ لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە، هەوڵ دەدرێ کێشەکان چارەسەر بکرێن، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان بچنەوە دۆخی ئاسایی خۆیان و سزاکان نەمێنن".

سەرچاوەیەک لە ئەنجوومەنی وەزیران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە تاوەکو ئێستا تیمە تەکنیکی و هونەرییەکانی دەسەڵاتی فڕۆکەوانیی مەدەنی عێراقی نەهاتوونەتە هەرێمی کوردستان، ئەو گوتی کە "چاوەڕوان دەکرێت لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بێن و لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقیشدا، حەیدەر عەبادی بڕیار لەسەر کردنەوەی فڕۆکەخانەکان بدات".





(فۆتۆ: AFP)

> **عەبادی هیچ بیانوویەکی نەماوە بۆ ئەوەی ئیمزا لەسەر کردنەوەی فڕۆکەخانەکانی کوردستان نەکات**
> پەرلەمانتارێکی گۆڕان

> **"ڕەنگە عەبادی لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجوومەنی وەزیراندا بڕیاری کردنەوەی فڕۆکەخانەکان بدات"**

# دراوی ئەلیکترۆنی کێشە دەخاتە نێوانی کۆمەڵ و یەکگرتوو

وەن کۆین هیچ بنەمایەکی نییە و ساختەیە

بەکارهێنەرانی بیتکۆین







کۆمەڵەکان بە (بیتکۆین) و یەکگرتووەکانیش بە (وەن کۆین) مامەڵە دەکەن

بیتکۆین رێگایەکە بۆ شووشتنەوەی پارە و کاری نایاسایی

بەکارهێنەرێکی وەن کۆین

**کارۆ کەمال**
**رووداو- هەولێر**

ئیسلامییەکانی کوردستان بازاڕی مامەڵەکردنیان بە دراوی ئەلیکترۆنی گەرم کردووە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە، ئەوان وەک چۆن لە مەرجەعە فیکری و فیقهییەکانیاندا جیاوازن و لە هەمان سەرچاوە ئاو ناخۆنەوە، لە دراوی ئەلیکترۆنیشدا کە هێشتا بەشی هەرە زۆری خەڵک شتێکی ئەوتۆی لێ تێناگەن، بەسەر دوو دراوی جیاوازدا دابەش بوون. نەک هەر ئەوە، تەنانەت لایەنگرانیان هێرش دەکەنە سەر دراوی یەکدی و گومانی لەسەر دروست دەکەن و لە بەهای کەم دەکەنەوە.

دراوی گریمانەیی یان دراوی ئەلیکترۆنی جۆرێکی دراوە کە لەڕێگەی کۆمەڵێک پرۆتۆکۆڵی ئینتەرنێتەوە دروستدەبن.

ئامانج لە داهێنانی دراوە ئەلیکترۆنییەکان کەمکردنەوەی رۆڵی بانکەکانە لە مامەڵە داراییەکانی نێوان خەڵکدا. بەشێوەیەکی گشتی دراوە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر سیستمێک دروست دەبن کە پێیدەگوترێت بلۆک چەین.

لەدوای فراوانبوونی بەکارهێنانی دراوی ئەلیکترۆنی لە جیهاندا، لە هەرێمی کوردستانیش بەکارهێنەرانی خەریکە روو لە زیادبوون دەکات. دراوی ئەلیکترۆنی رکابەرییەکی سەختیشی دروستکردووە لە نێوان بەکارهێنەرانی، بەتایبەتیش لە نێوان بەکارهێنەرانی بیتکۆین و وەن کۆین کە دوو دیارترین دراوی ئەلیکترۆنین.

بیتکۆین لە ساڵی 2009 لەلایەن کەسێکەوە بەناوی ساتۆشی ناکۆمۆتۆ دروستکرا، سەرەتا نرخی هەر بیتکۆینێک تەنیا 0.003 دۆلار بوو، بەڵام ساڵی رابردوو نرخی هەر بیتکۆینێک گەیشتە 19 هەزار دۆلار.

بازرگانان دەتوانن بە سێ جۆر مامەڵە بە بیتکۆینەوە بکەن، رێگەی یەکەم ئەوەیە کە خۆیان ببنە خاوەنی بیتکۆین و لەسەر کۆمپیتەرەکەیان هەڵیبگرن، یان بیخەنە سەر هاردێک و لە کۆمپیتەرەکەی دابڕن بۆ ئەوەی ڤایرۆس لە کۆمپیتەرەکە نەدا و بیتکۆینەکان نەدزرێن، چونکە کۆمپانیا هەیە ڤایرۆس دروستدەکات تەنیا بۆ دزینی بیتکۆین.

رێگەی دووەم ئەوەیە کە بەهۆی کۆمپانیا نێوەندگیرەکانەوە کە بە (واڵێت) ناسراون مامەڵە بە بیتکۆینەوە بکەیت، ئەوەش لە رێگەی دروستکردنی ئەکاونتێک دەبێت لەلای ئەو کۆمپانیایە، پاشان پارەدارکردنی ئەکاونتەکە یان هەژمارەکە لەڕێگەی بانکەوە، وەک پارەدان لەڕێگەی ماستەرکارد یان ڤیزە کارد یان بانکە ئەلیکترۆنییەکان وەک پەیپاڵ و پێرفێکت مەنی و وێب مەنی، پاشان کە پارەکە دەچێتە سەر هەژماری کەسەکە، دەتوانێت لەو کۆمپانیایە بیتکۆینێک بکڕێت. رێگەی سێیەم ئەوەیە بەهۆی کۆمپانیاکانی فۆرێکسەوە مامەڵە بە نرخی بیتکۆینەوە بکەیت.

بەهۆی ئەوەی لە هەرێمی کوردستان سیستمی بانکیی پێشکەوتوو نییە و بەربەستێکی زۆر هەیە لەبەردەم چوونە دەرەوەی پارە و بانکی ئەلیکترۆنی نییە، خوازیارانی بەکارهێنەرانی پارە ئەلیکترۆنییەکان زەحمەتییەک دەبینن لەکاتی حەواڵەکردنی پارە بۆ کڕینی بیتکۆین یان هەر دراوێکی ئەلیکترۆنیی دیکە، بۆیە ئێستا کۆمپانیای تایبەت بەو بوارە دامەزرێنراون کە دراوی ئەلیکترۆنی بۆ هاووڵاتیان دەکڕن. کورد کۆین یەکێکە لەو کۆمپانیایانە.

مامەڵەکردن بەو جۆرە دراوانە لە نێو ئیسلامییەکانی کوردستان بە تایبەتی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی رەواجی زۆری پەیدا کردووە، لایەنگرانی هەردوولاش بەسەر دراوەکاندا دابەشبوون، بۆ نموونە لایەنگرانی یەکگرتوو مامەڵە بە دراوی وەن کۆین دەکەن، بەڵام لایەنگرانی کۆمەڵ بە بیتکۆین.

ئێستا شەڕی یەکگرتوو و کۆمەڵ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئەو دراوە ئەلیکترۆنیانە گەرمە و هەردوولا دراوەکانی یەکدی بێ بەها دەکەن، شەڕەکە گەیشتە ئەو رادەیەی سەلاحەددین بەهائەدین ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو روونکردنەوەی لەسەر بدات.

ئەمینداری یەکگرتوو لە روونکردنەوەکەدا کە رۆژی 2018/1/2 بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: "ماوەیەکە گفتوگۆ لەسەر بابەتی (بیتکۆین) و (وەن کۆین) دەکرێت، کە گوایە کاسپییەکە لەناو یەکگرتووەکاندا رەواجی پێدەدرێ. راشکاوانە رایدەگەیەنین، بەهیچ جۆرێک دوور و نزیک ئەم بازرگانییە وەهمی و ناڕوونە، پەیوەندی بە حیزبەوە نییە، ئێمەش لە زاری خەڵکەوە بیستوومانە کە کەسانێک تووشبوون و مومارەسەی دەکەن و، بازاڕی بۆ گەرم دەکەن". ئەمینداری یەکگرتوو ئامۆژگاری ئەندامانی حیزبەکەی دەکات "خۆیان بەم کاسبییە وەهمییەوە خەریک نەکەن".

بابان عەبدولواحید ئەدمینی سەرەکیی کورد کۆینە و برازای عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانە. کۆمپانیای کورد کۆین کڕین و فرۆشتن بە بیتکۆین دەکات بۆ ئەو کەسانەی کە نازانن چۆن ببنە خاوەنی بیتکۆین، لەبەرامبەریشدا کۆمپانیاکە بە نرخێکی گرانتر بیتکۆینەکە بە هاووڵاتیان دەفرۆشێ، جیاوازیی نێوان نرخی بیتکۆین لە بازاڕدا و ئەو نرخەی کە کۆمپانیاکە دەیفرۆشێت بە خەڵکی، دەبێتە قازانجی کۆمپانیاکە. ئەمەش کەسانی نزیک لە مامۆستا عەلی باپیر و بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵی هانداوە کە بیتکۆین بکڕن و ببنە خاوەنی بیتکۆین و لەهەمانکاتدا دژی وەن کۆین بوەستنەوە. بەکارهێنەرانی بیتکۆین هێرشی توند دەکەنە سەر دراوی وەن کۆین کە لەلایەن یەکگرتووەکانەوە مامەڵەی پێوەدەکرێ. ئەوان دەڵێن وەن کۆین هیچ بنەمایەکی نییە و دراوێکی ساختەیە. تەنانەت لەسەر بلۆک چەینیش دروست نابێت و ناشکرێتەوە بە پارە و خەڵکی پێ هەڵخەڵەتێنراوە، بەڵگەش لەسەر ئەوە، ئەوەتا ئیگۆر ئەلبێرت کە یەکێک لە (لیدەرە) چالاکەکانی وەن کۆینە، دەستی لەکار کێشاوەتەوە، ماوەیەکی زۆریشە دکتۆرە روژا کە بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای وەن لایڤە کە وەن کۆین و وەن ئەکادیمی لەخۆدەگرێت، لە میدیاکان دەرناکەوێت.

لەبەرامبەردا بەکارهێنەرانی وەن کۆین کە بەشێکیان لە ئەندامانی یەکگرتوون، بەهۆی ئەوەی عادل نوری ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، کادیری باڵای پێشووی یەکگرتوو، پلەیەکی باڵای هەیە لە وەن کۆیندا. وەڵامی ئەندامانی کۆمەڵ دەدەنەوە بەوەی کە ئەگەرچی وەن کۆین تا ئێستا ئاڵوگۆڕی نییە (ئێکس چەینجی نییە و نابێتەوە بە پارە) بەڵام لە 8 ی ئۆکتۆبەری 2018 دەچێتە بۆرسەوە و ئەوکات دەتوانیت کۆینەکانت بکەیتەوە بە پارە.

هۆمەر پەلکانە، شارەزای بۆرسە و یەکێک لە بەکارهێنەرانی وەن کۆین دەڵێت: "لە وەن کۆیندا هەژماری مامەڵەکاران بەم دراوەوە دیارە، بە پێچەوانەی بیتکۆینەوە کە هەژماری کەسەکە دیار نییە و دەتوانرێ بۆ شووشتنەوەی پارە و چەندین کاری نایاسایی بەکاربهێنرێ".

سەبارەت بە وازهێنانی ئیگۆر ئەلبێرت، هۆمەر دەڵێ "ئیگۆر داوای کۆمەڵێک ئیمتیازاتی زیاتری کردووە لە کۆمپانیای وەن لایف، بەڵام کۆمپانیای وەن لایف رازی نەبووە". هۆکارێکی دیکەی دەستلەکارکێشانەوەی ئیگۆر بە گوتەی هۆمەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئیگۆر لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا دراوێکی ئەلیکترۆنی بەرهەم دەهێنن و ئێستا سەرقاڵی دۆزینەوەی کڕیارن بۆ ئەو دراوە نوێیە.

بەپێی ئامارەکان زیاتر لە 3 ملیۆن و 300 هەزار کەس لە سەرتاسەری جیهان مامەڵە بە وەن کۆین دەکەن. بەپێی زانیارییەکانی رووداویش لە کوردستان نزیکەی 3000 بەکارهێنەری بیتکۆین و 500 بەکارهێنەری وەن کۆین هەن.

هۆمەر ئاشکرای دەکات بەکارهێنەرانی بیتکۆین لە ماوەی رابردوودا تووشی زیان بوون و دەڵێت: "فرۆشیارانی بیتکۆین واتا لایەنگرانی مامۆستا عەلی باپیر لە ماوەکانی رابردوودا کاتێک کە نرخی بیتکۆینێک گەیشتبووە 19000 دۆلار، بیتکۆینیان بۆ خەڵک کڕیوە و ئێستا ئەو بیتکۆینە نرخەکەی تەنیا 11 هەزار دۆلارە، بەو شێوەیەش زیانێکی زۆریان لە خەڵک داوە". ئێستا لایەنگرانی هەردوولا هەوڵ دەدەن کەلێنێک لەلایەنی بەرامبەر بدۆزنەوە بۆ ئەوەی هێرشی بکەنە سەر.

# وەزیرەکانی یەکگرتوو لەکارەکانیان بەردەوام دەبن

تا ئەوکاتەی وازهێنانەکەیان واژۆ دەکرێ، وەزیرەکان دەبێ دەوام بکەن

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران



وەزیرەکانی یەکگرتوو لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

دوای دوو رۆژ کۆبوونەوە، دواجار یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیش چووە پاڵ گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و لە حکومەت کشایەوە. بەرپرسێکی یەکگرتوو دەڵێت ئەگەر مووچەی فەرمانبەران چاک بکرایە لە حکومەت نەدەکشاینەوە.

کشانەوەی هاوبەشی گۆڕان و کۆمەڵ لە حکومەت، یەکگرتووی ناچار کرد کە خۆی یەکلایی بکاتەوە دوای ئەوەی کەوتە ژێر گوشارێکی زۆری لایەنگرانی کۆمەڵ و گۆڕان، بەڵام بەرپرسێکی یەکگرتوو رەتیدەکاتەوە بۆ پارێزگاری لە دەنگەکانیان لە حکومەت کشابنەوە.

فەرهاد مەلا ساڵح، کارگێڕی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی یەکگرتووی ئیسلامی بە (رووداو)ی راگەیاند: "حەقی خۆمانە خەمی دەنگەکانمان بخۆین. هەموو لایەنە سیاسییەکان حیساب بۆ دەنگ و پێگەی جەماوەرییان دەکەن، بەڵام کشانەوەی یەکگرتوو پەیوەست بوو بە یاداشتە 24 خاڵییەکەی کە پێشکەشی حکومەتمان کرد، ئەوان نەیانتوانی لە ماوەی ئەو مۆڵەتە 23 رۆژییە جێبەجێی بکەن، بۆیە کشاینەوە. ئەگەر دڵنیابووینایە حکومەت دەتوانێت مووچە و بژێویی خەڵک چاک بکات، نەدەکشاینەوە".

جیاوازیی بۆچوون لە نێو سەرکردایەتی یەکگرتوو، لەسەر کشانەوە و مانەوە لە حکومەت هەبوو، بەڵام دواجار ئەو حیزبە بە کۆی دەنگ بڕیاری کشانەوەی دا و سەرجەم وەزیرەکانیشی دەنگیان بە کشانەوە دا.

سەرکەوت سەرحەد، پەرلەمانتاری یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە کشانەوەی حیزبەکان لە حکومەت چارەسەری هیچ قەیرانێک ناکات "کشانەوەی لایەنەکان سوودی نییە و چارەسەری قەیرانەکان ناکات، ئەم کشانەوەیە لەم کات و ساتەدا بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن و رازیکردنی جەماوەری خۆیانە، ئەگەرنا ئێستا کاتی پشتیوانیکردنە لە حکومەت و هەنگاوەکانی ئەنجامدانی چاکسازی و چاککردنی بژێوی خەڵک. راستە گەندەڵی و کاری نایاسایی زۆر هەیە، بەڵام کشانەوە چارەسەری ئەم کێشانە ناکات".

حەقی خۆمانە خەمی دەنگەکانمان بخۆین

سەرکردەیەکی یەکگرتوو

رۆژی 2018/1/17 وەزیرەکانی یەکگرتوو ماڵئاواییان لە ئەنجوومەنی وەزیران کرد. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) هەر ئەو رۆژە نامەی دەستلەکارکێشانەوەیان ئاراستەی نووسینگەی سەرۆکی حکومەت کردووە، بەڵام وەزیرەکانی ئەو حیزبە ئیشوکارەکانیان لە وەزارەتەکانیان رایی دەکەن و واژۆ لەسەر نووسراوەکان دەکەن تا ئەو کاتەی سەرۆکی حکومەت واژۆ لەسەر دەستلەکارکێشانەوەیان دەکات و پۆستەکان بە وەکالەت پڕدەکاتەوە، بە تایبەتی دۆسیەی گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدا لەبارەی لابردنی گەمارۆ لەسەر ئاسمانی کوردستان و کردنەوەی فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی کە لای مەولوود باوەمراد، وەزیری گواستنەوە و گەیاندنە. تا دۆسییەکە دەگاتە ئەنجام، ئەو وەزیرە لە کارەکەی بەردەوام دەبێت. نێچیرڤان بارزانی لە کۆنفرانسی رۆژنامەڤانی هەفتانەی خۆیدا گوتی:" هیوادارم تاوەکو دەستنیشانکردنی وەزیری دیکە لەو ئیشە بەردەوام بن و کاری خۆیان بکەن".

د.ئامانج رەحیم، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "بەپێی یاسای ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ وەزیرە بەڕێزەکان لەکاتی دەستلەکارکێشانەوە لە کارەکانیان بەردەوام بن، وەزیرەکانی یەکگرتوو لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران گوتیان بەشداریی کۆبوونەوە و بڕیارەکانی حکومەت ناکەین، بەڵام تاوەکو پۆستەکان پڕ دەکرێنەوە لە کارەکانیان بەردەوام دەبن".

سەبارەت بە پڕکردنەوەی پۆستەکانی وەزیرەکانی کۆمەڵ و گۆڕانیش، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران گوتی "تاوەکو ئێستا هیچ کەسێک بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستانە دیاری نەکراوە، ئەو بابەتە لە دەسەڵاتی سەرۆکوەزیرانە".

ئێستا لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا 5 وەزارەت و چەند دەستە و بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی بە وەکالەت بەڕێوەدەبرێن، دوای دوورخستنەوەی وەزیرەکانی گۆڕان لە 12ی ئۆکتۆبەری 2015، بە بڕیارێکی سەرۆکی حکومەت لە کۆتایی هەمان مانگدا پۆستەکانی گۆڕان لە حکومەت بە وەکالەت پڕکرانەوە.

دوای کشانەوەی وەزیرەکانی کۆمەڵ و یەکگرتووش، کۆمەڵێک پۆستی دیکە بەتاڵ دەمێننەوە و دەبێ حکومەت پڕیان بکاتەوە: وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژینگە، دەستەی کاروباری مین، وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و هاوکات وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری کۆچبەران، دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و سەرۆکی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان.

بەشێک لە ئیشوکاری وەزارەت وەستاوە

بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ

بەپێی یاسای ژمارە سێی ساڵی 1992ی هەموارکراوی ئەنجوومەنی وەزیران، لە چوارچێوەی رێوشوێنە کارگێڕییەکاندا پێویستە وەزیر نامەی دەستلەکارکێشانەوەی ئاراستەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بکات، تاوەکو واژۆی لەسەر نەکات دەبێ وەزیر لە کارەکەی بەردەوام بێت.

د.هۆگر غەریب، بەڕێوەبەری نووسینگەی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە (رووداو)ی راگەیاند: "بۆ راپەڕاندنی ئیشوکاری هاووڵاتیان و پەکنەکەوتنی بەشێک لە کارەکانی وەزارەت، جەنابی وەزیر لە چوارچێوەی یاسا لە ئەرکەکەی بەردەوام دەبێ، تاوەکو سەرۆکی حکومەت واژۆ لەسەر دەستلەکارکێشانەوەی وەزیرەکانی یەکگرتوو دەکات و کەسێک بە وەکالەت لە شوێنی وەزیر دادەنێت".

دوای کشانەوەی وەزیرەکانی گۆڕان و کۆمەڵ، هیچکام لەو دوو لایەنە چاوەڕێی واژۆی سەرۆکی حکومەتیان نەکرد، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ئیشوکاری ژمارەیەک دامودەزگا پەکی بکەوێت، بە تایبەتی پۆستی وەزیرەکانی کۆمەڵی ئیسلامی کە مانگێکە بەتاڵە. بەرپرسانی باڵای هەردوو حیزب پێشتر بە (رووداو)یان راگەیاندبوو کە ئەو پۆستانە بە رێککەوتنی سیاسی وەرگیراون و بە بڕیاری سیاسیش رادەستی حکومەت دەکرێنەوە، بۆیە چاوەڕێی واژۆی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکەن.

د.خالس ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ بە (رووداو)ی گوت: "ئەو ئیشوکارانەی لە دەسەڵاتی تەنیا وەزیری کشتوکاڵن هەموویان وەستاون، کاک عەبدولستار کۆمەڵێک دەسەڵاتی بە بەڕێوەبەرە گشتییەکان داوە، بەڵام هەندێک دەسەڵات تەنیا لە لای وەزیرە، ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئاگادارە تاوەکو وەزیرێک دانەنێت کەس ناتوانێت واژۆ لەسەر ئەو نووسراوانە بکات".

کشانەوەی ئەو حیزبانە لە حکومەت سوودی نییە

پەرلەمانتارێکی یەکێتی

ئەو پۆستانەی بە وەکالەت بەڕێوەدەبردرێن:

- وەزارەتی پێشمەرگە
- وەزارەتی کارەبا
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی
- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی
- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن
- دەستەی وەبەرهێنان

ئەو پۆستانەی ئێستا بەتاڵن:

- وەزارەتی کشتوکاڵ
- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژینگە
- دەستەی کاروباری مین
- وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی
- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان
- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن
- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری کۆچبەران
- دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی
دەرەوەی ئیدارەی هەرێم
- فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (490) - دووشەممە 2018/1/22



## لە هەولێر پەنابەرێکی ڕۆژهەڵات ماندەگرێ

**ڕووداو- هەولێر**

پەنابەرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەی 15 ڕۆژە لەبەردەم نووسینگەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەولێر مانیگرتووە و داوا دەکات ڕەوانەی وڵاتی سێیەم بکرێت. بەگوتەی جەوهەر سادقی، ماوەی 19 ساڵە ناوی خۆی لە UN تۆمارکردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا داواکارییەکانی بێ وەڵام ماوەتەوە، جەوهەر سادقی دەڵێت نەخۆشم و خاوەنی 11 منداڵم. جەوهەر سادقی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرابووە، لە 1999/8/17 وەک چالاکڤانێکی سیاسی داوای مافی پەنابەری کردووە، دوای 19 ساڵ هێشتا کاربەدەستانی UN لە هەولێر وەڵامیان نەداوەتەوە.

### پەیمانگای بروکینگز:

# ئەمریکا لە حساباتی هەڵەی خۆی دەربارەی عەبادی پەشیمان دەبێتەوە

**ڕووداو - هەولێر**

لە ئیدارەی ئەمریکیدا کەم نین ئەوانەی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، بە پیاوی واشنتن لە بەغدا دەزانن. هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونییەوە عەبادی وەکوو ئەڵتەرناتیف و ڕکابەری نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق نیشان دەدرا و وا مەزەندە دەکرا کە عەبادی هێندە گوێ لە مستی ئێران نەبێت و بشتوانێت جۆرێک لە ئاشتەوایی نیشتمانی لە نێوان پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی عێراقدا دروستبکاتەوە.

ڕەنج عەلائەدین، توێژەر لە پەیمانگای بروکینزی ئەمریکی، پێیوایە دوای پێکهێنانی هاوپەیمانێتیی عەبادی و ژمارەیەک لە گرووپەکانی سەر بە حەشدی شەعبی واقیعێکی نوێ هاتووەتە ئاراوە کە دەبێ کاریگەری لەسەر هەڵوێستی ئەمریکاش هەبێت.

ئەمریکا لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە حکومەتەکەی عەبادی دەتوانێت پێگەی عێراق لە ناوچەکەش بەهێزتر بکات، بە تایبەتیش پەرە بە پەیوەندییەکانی بەغدا لەگەڵ وڵاتانی کەنداو بدات، لەم ڕێگەیەشەوە نیگەرانییەکانی وڵاتانی کەنداو لە باڵادەستیی ئێران لە عێراق هێور بکاتەوە. ئەم چاوەڕوانییەی واشنتن بووە هۆی ئەوەی کە وەک توێژەرەکەی پەیمانگای بروکینز دەڵێت: "ئەمریکا بە نابەدڵییەوە پلانی هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر کەرکووک قەبووڵ بکات". لە کاتێکدا هێرشەکە بە هاوبەشی لەگەڵ میلیشیاکانی سەر بە ئێران ڕێکخرابوو.

هێرشەکەی کەرکووک کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا دروستکرد، بەڵام وەکوو توێژەرە کوردەکە ئاماژەی بۆ دەکات، ئەمریکا پێیوابوو "عەبادییەکی ناسیۆنالیستی بەهێز دەتوانێت سەرنجی دەنگدەران ڕابکێشێت و میلیشیاکانی سەر بە ئێران بخاتە پەراوێزەوە".

بەڵام ڕۆژی 2018/1/14 هاوپەیمانێتیی نەسر بە سەرکردایەتی عەبادی پێکهێنانی لیستی هاوبەشی لەگەڵ هاوپەیمانێتی فەتح ئەلموبین، بە سەرۆکایەتی هادی عامری ڕاگەیاند کە لە ژمارەیەک گرووپی سەرەکیی حەشدی شەعبی نزیک لە ئێران پێکدێت. ڕۆژێک دواتر فەتح ئەلموبین لە هاوپەیمانێتییەکەی عەبادی کشانەوە. هۆکاری کشانەوەکە "جیاوازیی پرەنسیپ" لە نێوان دوو هاوپەیمانێتییەکەدا نەبوو، بەڵکو وەکوو کەریم نووری، یەکێک لە سەرکردەکانی فەتح ئەلموبین بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی هاتنی چەند کەسایەتییەکی نەخوازراو بوو بۆ ناو هاوپەیمانیی نەسر".

سەرەڕای ئەو ناکۆکیانە، هادی عامری سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دەتوانن دوای هەڵبژاردنەکان هێزەکانیان لەگەڵ عەبادی ڕێکبخەن بۆ ئەوەی پێکەوە حکومەت پێکبهێنن. ڕێکخراوی بەدر گەورەترین هێزی میلیشیایی نێو حەشدی شەعبییە و لە ساڵانی هەشتاکاندا بە دەستپێشخەریی ئێران بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەدام حوسێن دروستکراوە.

ڕەنج عەلائەدین دەڵێت: "هەرچەندە عەبادی و میلیشیاکانی نزیک لە ئێران لەناو یەک هاوپەیمانێتیدا بەشداری ململانێکانی هەڵبژاردن ناکەن، بەڵام وانەیەک هەیە (کە ئەمریکا دەبێت وەریبگرێت): واشنتن بەهۆی گوێنەدان بە وانەکانی ڕابردوو، خەریکە دۆست و هاوپەیمانەکانی لە وڵاتێکدا لەدەست دەدات کە خوێن و پارەیەکی زۆری تێدا خەرجکردووە".

ئەو بەشە لە میلیشیای حەشدی شەعبی کە لە ئێرانەوە نزیکن، دۆستایەتییان لەگەڵ ئەمریکادا نییە. جگە لەمە سێ ئەندامانی فەتح ئەلموبین (واتە عەسایبی ئەهلی حەق، کەتایبی حیزبوڵڵا و حەرەکەی نوجەبا) دەستیان لە هێرشی سەر هاووڵاتییانی ئەمریکی و عێراقیدا هەبووە. ئەم سێ گرووپە هاوشان لەگەڵ سوپای بەدر بڕبڕەی پشتی حەشدی شەعبی پێکدەهێنن و پێگەیەکی جەماوەریی گەورەیان لە عێراقدا هەیە، بەتایبەتیش دوای ئەو شەڕەی لە دژی داعش کردیان. ئێستاش ئەو گرووپانە دەیانەوێت ئەو سەرکەوتنە سەربازییە تەرجەمەی سەر دەستکەوتی سیاسی بکەن.

بەبۆچوونی توێژەرەکەی بروکینگز: "عەبادی بە هاوکاری و هاوبەشی لەگەڵ ئەو هێزانەدا دەتوانێت خولی دووەمی سەرۆکایەتی وەزیرانی عێراقیش مسۆگەر بکات"، بەڵام ئەمە باجێکی گەورەشی دەوێت، چونکە ئەو هێزانە لەناو کۆمەڵگا و حکومەتدا پەلیان هاویشتووە، سەرچاوەی دارایی و مەشروعییەت و پشتگیریی سیاسی خۆیان هەیە، جیا لە هەموو ئەمانەش "توانای ئەوەیان هەیە سەربەخۆ لە حکومەت کاربکەن و لە کاتی پێویستدا کێشەی بۆ دروست بکەن".

ڕەنج عەلائەدین جەخت لەوە دەکاتەوە کە گواستنەوە لە هێزێکی سەربازییەوە بۆ هێزێکی سیاسی تەنیا بەهۆی سەرکەوتنەکان لە مەیدانی جەنگی دژی داعشدا مسۆگەر نابێت، بۆیەش ئەو هێزانە دەیانەوێت لەڕووی سیاسییەوە (کە خاڵی لاوازییانە) پشت بە پارتی خاوەن پایەی وەکو حیزبی دەعوە ببەستن، بۆ ئەوەی "ناوبانگە خوێناوییەکەیان لێ ببێتەوە". بەڵام ڕەنج عەلائەدین هۆشداریش دەدات کە پایەداربوونی ئەو هێزانە لە کایەی سیاسیدا و تێکەڵاوبوونیان لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دەتوانێت ڕێگەی ئەوەیان بۆ خۆش بکات کە ببنە نوسخەیەکی دیکە لە سوپای پاسدارانی ئێران.

ئەو توێژەرە دەڵێت "ئەوە نەزانیی هەندێک کەسی وڵاتانی ڕۆژئاوایە کە پێیانوابوو مومکینە عەرەبی سوننە و کورد بخەنە لاوە و پشتگوێیان بخەن یان لە بەهایان کەم بکەنەوە، هەموو گرەوەکان لەسەر ئەوە بکەن کە عەبادی دەتوانێت بە تەنیا بەرەنگاری سەرهەڵدانی خێرای حەشدی شەعبی ببێتەوە، ئەگەر بتوانێت خولی دووەمی سەرۆکایەتی حکومەت مسۆگەر بکات".

بە بۆچوونی لێکۆڵەرە کوردەکە، ئەمریکا "دەیتوانی هەوڵەکانی لە نزیککردنەوەی عەبادی لەگەڵ کورد و سوننەکان و ئەو هێزە شیعانەدا بخاتەگەڕ کە ئارەزوو ناکەن عێراق لەوە زیاتر بکەوێتە ناو خولگەی ئێرانەوە"، یان ئەمریکا دەیتوانی ڕێگە خۆش بکات بۆ ئەوەی "عەبادی لەگەڵ موقتەدا سەدر، کەسایەتی بەهێزی شیعە، یەک بگرێ".

ڕەنج عەلائەدین ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەشی بەدەستەوە بوو، ئەویش بریتی بوو لەو دەستە بەهێزەی کورد و عەرەبی سوننە لە بەغدا هەیانبوو. بەڵام پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ کورد و عەرەبە سوننەکان لەدوای هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بۆ سەر کەرکووک لاواز بوو.

عەبادی هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە پێگەیەکی جەماوەری و حیزبیی بەهێزی نەبوو، ئێستاش ڕەوشەکە لە هی کاتی دەستبەرکاربوونی لە خولی یەکەمی دەسەڵاتی جیاواز نییە، لەبەر ئەوەی هێزەکانی حەشد دەتوانن پشکی سەرەکی سەرکەوتنەکانی ئەو سێ ساڵەی ڕابردووی عەبادی لە شەڕی داعش بۆ خۆیان بەرن. ڕەنج عەلائەدین پێیوایە "واشنتن باجی ئەوە دەداتەوە و لەداهاتوودا لە حیساباتی هەڵەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە".

عێراقی پاش داعش یەکێک لە نیگەرانییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە. زۆربەی شارەزایان کۆک بوون لەسەر ئەوەی ئەرکی سەرەکی قۆناغی پاش تێکشکانی داعش چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بێت کە لە ڕۆژی یەکەمەوە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش بوون. عەلائەدین دەڵێت "عەبادی بە دەستبردن بۆ بژارە ئاسانەکان لە جیاتی دروستکردنی هاوپەیمانێتیی سەخت و فرەلایەن کە لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی سیاسی عێراقدا بکاتەوە، هیواکانی دروستکردنی عێراقێکی شموولی لە پاش داعشی لە گۆڕ ناوە". وەکوو چۆن هەموو ئەو "سەرمایەگوزارییەشی لە بن گڵ ناوە کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە سێ ساڵی ڕابردوودا لە عەبادی و عێراقیان خەرج کردووە".

توێژەرێکی کورد لە پەیمانگەی بروکینز

**حەشدی شەعبی دەتوانن لە داهاتوودا کێشەی گەورە بۆ حکومەت دروست بکەن**



چەکدارێکی حەشدی شەعبی (فۆتۆ: AFP)

### 220 هەزار قوتابیی عەرەب لە هەرێمی کوردستان دەخوێنن

# عەرەب بۆ مانەوە لە کوردستان هانا بۆ پەرلەمان دەبەن

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو- سلێمانی**

سارا عادل، خەڵکی بەغدایە و چەند ساڵێکە لە هەرێمی کوردستان دەژی. هەفتەی ڕابردوو لەگەڵ هاوڕێکانی هاتبووە سەر شەقام و بۆ ئەوەی ناڕەزایی دژی بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردەی عێراق دەربڕێ، چونکە ئەو بڕیارە خێزانەکەی ئەوی خستووەتە بەردەم دوو بژارە: سارا یان دەبێ واز لە خوێندن بهێنێ و لەگەڵ خێزانەکەی بگەڕێنەوە بەغدا، یان ئیتر مافی خوێندنی بە زمانی عەرەبی نابێ و حکومەتی بەغدا ئەو قوتابخانانە دادەخات کە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان خەرجیی کێشاون. سارا دەڵێ "من نامەوێ بگەڕێمەوە بەغدا، لەبەرئەوەی تەقینەوەی زۆری تێدایە، خەڵکی ڕۆژانە دەکوژرێن، ناتوانین بچینە دەرەوە، نامەوێ قوتابخانەکەم دابخرێت، دەمەوێت لێرە ژیان بەسەربەرم".

سارە خوێندکاری شەشی بنەڕەتییە، هەرچەندە وەک ئاوارە سێ ساڵی لە کوردستان خوێندووە، بەڵام ئەو ماوەیە بۆ ئەو لە ڕۆژە خۆشەکانی بوون، چونکە لێرە لە کەشێکی ئارام و دوور لە تەقینەوە و هەڕەشەدا ژیاوە.

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عێراق بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، بڕیاری داخستنی سەرجەم ئەو قوتابخانە عەرەبییانەی دەرکردووە کە ساڵانێکە بۆ ئاوارە عەرەبەکانی هەرێمی کوردستان کراونەتەوە. بڕیارەکە گەیشتووەتە نوێنەرایەتی وەزارەتی پەروەردەی عێراق لە هەرێمی کوردستان. بەپێی دەقی نووسراوەکەی وەزارەتی پەروەردەی عێراق، دەبێ لەسەرەتای ساڵی نوێی خوێندنەوە جێبەجێ بکرێت، بەڵام مامۆستایان و خوێندکارانی ئاوارەی عەرەب لەو بڕیارە تووڕەن.

نەرجس عومەر، قوتابی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، وەک سارا تووڕەیە لەو بڕیارە و نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ شارەکەی. چونکە وەک خۆی دەڵێ هەرگیز ئەو ساتانە لەبیرناکات کە لە بەغدا دەژیان و گرووپێکی نەناسراو مامەکانیان ڕفاندووە "ئێمە لەبەردەم هەڕەشەدا ین، ناتوانین بگەڕێینەوە، مامەکانی منیان ڕفاند، لەبەرئەوە ناتوانین بگەڕێینەوە، ئێمە هەڕەشەی کوشتنمان لەسەرە".

پاش ئەوەی چەکدارانی داعش دەستیان گرت بەسەر شاری فەللوجەدا، ڕەسوڵ عەباس، لەگەڵ خێزانەکەی ڕوودەکەنە شاری سلێمانی، ڕەسوڵ هێندە تێکەڵی خەڵکی شارەکە بووە، ئێستا بە کوردییەکی ڕەوان قسە دەکات. ئەو دەڵێت "من نامەوێت بگەڕێمەوە، چونکە خانووەکەم ڕووخاوە، هیچ قەرەبوویەک نییە، دەمەوێت لە سلێمانی بمێنمەوە".

گوتیشی ئەو بڕیارە وای لێناکات سلێمانی جێبهێڵێ و بگەڕێتەوە شارێک کە هیچ گەرەنتییەکی ئەمنیی تێدا نییە.

بەپێی ئامارێک کە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان داویەتییە (ڕووداو)، لە هەولێر 104 قوتابخانە بۆ قوتابیانی شارەکانی عێراق کراونەتەوە کە 73 هەزار و 334 قوتابی تێدا دەخوێنن، لە سلێمانی لە 100 قوتابخانەی عێراقی 36 هەزار قوتابی دەخوێنن، لە دهۆکیش لە 172 قوتابخانەی عێراقیدا 110 هەزار قوتابی دەخوێنن.

بەشی زۆری مامۆستایان و کەسوکاری قوتابییەکان پێیانوایە بڕیارەکەی وەزارەتی پەروەردە سیاسییە و هیچ پەیوەندی بە دۆخی ئەمنیی ناوچە ڕزگارکراوەکانەوە نییە. محەممەد جبووری، باوکی قوتابییەکی عەرەبە و لەگەڵ قوتابییەکان هاتووەتە نێو خۆپیشاندانەکە و دەڵێ لەوەتەی هاتووەتە هەرێمی کوردستان، هیچ کێشە و گرفتێکی بۆ دروست نەبووە، بۆیە نایەوێت بگەڕێتەوە "من کە لێرەم هەست بە مرۆڤبوونی خۆم دەکەم، هەست بەئارامی دەکەم، بەهیچ شێوەیەک نامەوێت بگەڕێمەوە جێگەیەک بەبەرچاومەوە منداڵەکانم بکوژن، ئەگەر حکومەت سووربێت لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکەش، من هەر ناگەڕێمەوە با منداڵەکانم نەخوێندەوار بن، بەڵام ژیانم ئارام بێ".

ئارامی و ئاسایشی باشووری کوردستان کەشێکی وای بۆ مامۆستایان و قوتابیانی عەرەب ڕەخساندووە، وا بە ئاسانی بیر لە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان نەکەنەوە. سەنا عەباس مامۆستایە و داوا لە حەیدەر عەبادی و وەزیری پەروەردە دەکات بەچاوی باوکانەوە سەیری قوتابیان و مامۆستایان بکەن و لەو بڕیارە پاشگەز ببنەوە "من چوار ساڵە لێرە مامۆستام و هیچ کێشەمان نییە، ناتوانم بگەڕێمەوە چونکە ماڵەکەم سووتاوە، کرێ گرانە، من لە شارۆچکەی بێجیم، هەموو دەزانن کە بەهۆی شەڕەوە هێشتا وێرانەیە و بۆ ژیان ناشێت، بارودۆخی ئەمنی ناجێگیرە".

ئاوارە عەرەبەکان لە سەرەتای ساڵی ڕابردوودا بەشێکی زۆریان گەڕانەوە شارەکانی خۆیان، بەڵام گەڕانەوە بۆ ئەو ئاوارانەی کە خەڵکی ناوچە وێرانبووەکانی دوای شەڕی داعشن، وەک ئەوەیە قومارێکی گەورە بە چارەنووسی خۆیانەوە بکەن. چونکە جگە لەوەی هێشتا ئارامی و سەقامگیرییان بۆ نەگەڕاوەتەوە، خانووەکانیشیان وێران بوون و خزمەتگوزاری لە ناوچەکانیان پەکی کەوتووە.

عەبدولموجیب نایف، بەڕێوەبەری گشتی لە نوێنەرایەتی وەزارەتی پەروەردەی عێراق لە هەولێر، پشتڕاستی دەکاتەوە کە نووسراویان لە وەزیری پەوەردەوە پێگەیشتووە و تێیدا هاتووە کە دەبێت ئاوارەکان بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، چونکە قوتابییەکی زۆر گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان و ئێستا پێویستیی زۆریان بەمامۆستا هەیە، بۆیە بڕیاردراوە بەگەڕاندنەوەی مامۆستا و فەرمانبەر و وانەبێژەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان.

ئێستا ئاوارەکان و مامۆستایان و کەسوکاری ئاوارەکان هیچ ڕێگایەکیان لەبەردەم نەماوە بۆ وەستاندنی ئەو بڕیارەی بەغدا و پەنایان بۆ ئەو پەرلەمانتارە عەرەبانە بردووە کە ماڵیان لە کوردستانە. ئیمان محەممەد، بەڕێوەبەری گشتی لە نوێنەرایەتی وەزارەتی پەروەردەی عێراق لە سلێمانی، دەڵێت داوایان لە بەشێک لە پەرلەمانتارە عێراقییەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان کردووە هەوڵ بدەن ئەو بڕیارە هەڵبوەشێننەوە، تاوەکو ئەو کاتەی ئاسایش و ئارامی دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەکانیان. ئەو پێیوایە ئەو بڕیارە سیاسییە و هیچ پێوەندی بەئاسایش و ئارامیی ناوچەکانیانەوە نییە "هەمووان دەزانن ڕۆژانە چ تاوانێک ڕوودەدات لەو ناوچانەی ئێمە"، هەروەها گوتی کە لە ڕۆژانی داهاتوودا لەگەڵ یونیسیف کۆدەبنەوە بۆ ئەو مەبەستە تاوەکو لەو ڕێگەیشەوە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە بدەن "چونکە هەموو منداڵێک مافی خوێندنی هەیە بە ئاسایش و ئارامی".

سیروان سیرینی، سەرۆکی لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی عێراق، پێیوایە ئەو بڕیارە زیاتر سیاسییە و هیچ پێوەندی بەگەڕاندنەوەی ئاسایش و ئارامییەوە نییە بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکان. سیرینی بە (ڕووداو)ی گوت: "وەزیری پەروەردە خۆی پارتێکی سیاسی دروستکردووە و بەشداریی هەڵبژاردن دەکات، دەیەوێت ئاوارەکان بگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی سوود لە دەنگەکانیان وەربگرێ". گوتیشی "ڕێگە نادەین ئەو بڕیارە جێبەجێ بکرێت، چونکە زۆربەی جێگەکان خاپوور کراون، دەبێت کەشێکی ئارام بۆ گەڕانەوەی قوتابیان و مامۆستایان بڕەخسێنرێ".



قوتابییانی عەرەب دەڵێن، ناگەڕێینەوە ناوچەیەک کە هیچ گەرەنتییەکی ئەمنی نییە (فۆتۆ: ڕووداو)

**وەزیری پەروەردەی عێراق بۆ کۆکردنەوەی دەنگ داوای گەڕاندنەوەی مامۆستایان دەکات**

پەرلەمانتارێک

# گەشەی دانیشتووانی عێراق زیاد دەکات و هەرێمی کوردستان کەم دەبێتەوە

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

مامۆستایەکی زانکۆ هۆشداری دەدات لە هێواشیی گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر زیادبوونی خێرای دانیشتووانی عێراقدا و دەڵێت ئەو لاسەنگییە لە داهاتوودا کاریگەریی نەرێنی دەبێ لەسەر بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان، ژمارەی نوێنەرانی کورد لە بەغدا و جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراق.

سەروەر حەمە ئەحمەد، مامۆستا لە کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەددین بە پشتبەستن بە داتاکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراق و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەدواداچوونی بۆ پرسی گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان کردووە و بۆی دەرکەوتووە گەشەی دانیشتووانی عێراق بەراورد بە هەرێمی کوردستان زۆر خێرایە.

سەروەر حەمە ئەحمەد دەڵێت: "بەگوێرەی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی عێراق و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ژمارەی دانیشتووانی عێراق لە ساڵی 2003دا 25 ملیۆن و 627 هەزار و 362 کەس بووە، لەو ژمارەیەش چوار ملیۆن و 864 هەزار و 241 کەسیان کورد بوون، بەڵام لە ساڵی رابردوودا ژمارەی دانیشتووانی عێراق بۆ 37 ملیۆن و 139 هەزار و 519 کەس زیادی کردووە و لەو ژمارەیە، بەپێی دەستەی ئامار ژمارەی کورد 5 ملیۆن و 755 هەزار و 43 کەس بووە".

## ● 15% یە نەک 17%

بەرپرسانی کورد لەدوای 2003 وە بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە کە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان 17%ی دانیشتووانی عێراقە. ئەو مامۆستایە دەڵێت لە 2003 ڕێژەی کورد لەوە زیاتر بووە کە کورد پێداگیرییان لەسەر دەکرد، بەڵام ئێستا ڕێژەکە کەمتر بووەتەوە.

سەروەر حەمە گوتی"بە لێکدانەوەی ئاماری دانیشتووانی هەرێمی کوردستان و عێراق، بۆمان دەردەکەوێت کاتێک نوێنەرانی کورد لە ساڵی 2003 بە ڕێککەوتنی سیاسی و لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتووان بە پشکی 17% لە بودجەی عێراق بۆ کورد رازی بوون، ئەوکات ڕێژەی کورد لە عێراق 18.9% بوو، بەڵام لە ساڵی 2017دا ڕێژەی کورد بۆ 15.4%ی دانیشووانی عێراق دابەزیوە. هەر بۆیە بەرپرسانی عێراق ئێستا زۆر جەخت لەسەر دیاریکردنی بودجەی پارێزگاکان بەپێی ژمارەی دانیشتووانیان دەکەنەوە".

بەبڕوای مامۆستا سەروەر، ئەگەر ژمارەی دانیشتووان بکرێتە پێوەر، کەمیی گەشەی دانیشتووانی هەرێم و خێرایی گەشەی دانیشتووانی عێراق لە داهاتوودا کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی پشکی کورد لە بودجە و ژمارەی نوێنەران دەبێ.

سەروەر حەمە دەڵێت: "بە لەبەرچاوگرتنی گەشەی دانیشتووانی عێراق، لە ساڵی 2022 دا ژمارەیان دەبێتە 43 ملیۆن و 17 هەزار و 453 کەس، ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانیش دەبێتە شەش ملیۆن و 445 هەزار و 621 کەس، واتە 14.9%ی دانیشتووانی عێراق".

مەترسییەکی دیکەی کەمیی گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، وەک ئەو مامۆستایەی زانکۆ ئاماژەی بۆ دەکات، کەمبوونەوەی ژمارەی نوێنەرانی کوردە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، چونکە ژمارەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران بەگوێرەی زیادبوونی ژمارەی دانیشوان زیاد دەکات.

**ژمارەی دانیشووانی سلێمانی کەم دەکات و دهۆک زیاد دەکات**

لە خولی یەکەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا کە بەپێی هەڵبژاردنی 15ی کانوونی یەکەمی 2005 پێکهات، ژمارەی کورسییەکانی ئەنجوومەن کە 275 کورسی بوو، کورد 58 نوێنەری هەبوو. لە خولی دووەمدا کە بەپێی هەڵبژاردنی 7ی ئاداری 2010 پێکهات، ئەگەرچی ژمارەی کورسییەکانی ئەنجوومەن بووە 325 کورسی، بەڵام ژمارەی کورسییەکانی کورد بۆ 57 کورسی دابەزی، ئەم خولەی ئەنجوومەنەکەش کە بەپێی هەڵبژاردنی 29ی نیسانی 2014 پێکهات، ژمارەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ 328 کورسی زیاد کرا و کورد 61 کورسی بەرکەوت.

سەروەر حەمە گوتی "ئەگەر ژمارەی نوێنەرانی کورد لەم چەند خولە بە نموونە وەربگرین، دەبینین لە خولێکەوە بۆ خولێکی دیکە، سەرەڕای زیادکردنی ژمارەی کورسییەکان، بەڵام بەردەوام ژمارەی نوێنەرانی کورد لەکەمبوونەوەدایە. بۆ نموونە بەگوێرەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی عێراق لە ساڵی 2022 ژمارەی کورسییەکانی خولی پێنجەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەبێتە 430 کورسی، بەپێی دابینکردنی ژمارەی کورسی بۆ پارێزگاکان ژمارەی نوێنەرانی کورد ئەگەر یەکگرتوو بن دەبێتە 64 ئەندام، بۆیە دەبینین زیادبوونی نائاسایی ژمارەی دانیشتووانی عێراق مەترسییەکی راستەقینە لەسەر ژمارەی نوێنەرانی کورد لە دەسەڵاتی یاسادانان لە عێراق دروست دەکات".

کێشەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان ساڵ لەدوای ساڵ قووڵتر دەبنەوە، یەکێک لە گرنگترین ئەو کێشانەش وزەیە کە خۆی لە پرۆسەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت و گرێبەستەکاندا دەبینێتەوە. دۆسیەی دووەم دۆسیەی خاکە کە خۆی لە گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە، جگە لە دۆسیەی هێزی سەربازی و پێشمەرگە و دۆسییەکانی دیکە. گەشەی دانیشتووان بە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەو دۆسیانە دەبێ.

سەروەر حەمە دەڵێت: "ئەم سێ دۆسیە گرنگە بەهۆی نەبوونی متمانە و لێکدانەوەی جیاوازی هەردوولا بۆ ماددە دەستوورییەکان، یەکلابوونەوەیان ئاڵۆزە، بۆیە ئەگەر سەرکردایەتی سیاسیی کورد چارەسەری گونجاو بۆ ئەم دۆسیانە نەدۆزێتەوە، لە داهاتوودا ئاڵۆزتر دەبن، بەتایبەتی دوای ئەو زیادبوونە خێرایەی ژمارەی دانیشتووانی عێراق".

## ● گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان

بەپێی یاساکانی عێراق پێویستە هەر 10 ساڵ جارێک سەرژمێری گشتیی دانیشتووان بکرێ، بەڵام بەهۆی ئەو دۆخە سیاسییەی عێراق تێیکەوتووە، ماوەی 31 ساڵە لە هەرێمی کوردستان و 21 ساڵە لە عێراق هیچ سەرژمێرییەکی دانیشتووان نەکراوە.

بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەپشتبەستن بەداتای هەردوو ڕووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر کە لە ساڵی 2006 و 2011 لە هەرێمی کوردستان کراون، پێشبینی زیادبوونی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Spectrum) کردووە. لە ڕێگەی ئەو پرۆگرامەوە گەشەی دانیشتووانی تاوەکو ساڵی 2020 دیاری کردووە.

بەپێی پێشبینی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ژمارەی دانیشتووانی هەرێم لە کۆتایی ساڵی رابردوو 5 ملیۆن و 755 هەزار و 43 کەس بووە، لە کۆتایی ئەمساڵیش دەگاتە 5 ملیۆن و 895 هەزار و 52 کەس، هەروەها پێشبینی دەکرێ لە کۆتایی ساڵی 2020 ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بگاتە 6 ملیۆن و 171 هەزار و 83 کەس.

**لە ماوەی 10 ساڵی رابردوودا گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە 3.8 بۆ 2.5 دابەزیوە**

**سەرۆکی دەستەی ئامار**

**گەشەی دانیشووانی کوردستان لە ساڵی 2022 بۆ 2.2% دادەبەزێ**

سیروان محەممەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "بۆ پێشبینی گەشەی ساڵانەی دانیشتووان، سوودمان لە داتای هەردوو ڕووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەری ساڵی 2006 و 2011 و ئەو داتا و ئامارە وەرگرت کە لە پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانان لە ساڵی 2009 دەستمانکەوت. بەو جۆرە تێکڕای ڕێژەی لەدایکبوون و مردن و کۆچ و کۆچی بەرامبەرمان خەمڵاند، پێشبینی گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانمان بەڕێگەی پرۆگرامی (Spectrum) لە ساڵی 2009 تاوەکو 2020 دیاری کردووە".

بەپێی ڕووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەری (MICS)، ساڵی 2006 تێکڕای بەپیتی و گەشەی دانیشتووان 3.8 بووە، بەڵام بەهۆی گۆڕانکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لە ساڵی 2012 بەدواوە لە کوردستان ڕوویداوە، ڕێژەکە بۆ 3.4% دابەزیوە. بەوەرگرتنی تێکڕای هەردوو ساڵ دەستەی ئاماری هەرێم پێشبینی گەشەی دانیشتووانی لە ساڵی 2009 بە 3.6% دیاری کردووە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بە سوودوەرگرتن لە پرۆگرامی (Spectrum) گریمانەی ڕێژەی گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان تا ساڵی 2020 کراوە.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، ساڵ بەساڵ گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ڕوو لە کەمی دەکات، بەجۆرێک لە ساڵی 2010 تێکڕای گەشە 2.8% بووە، لە ساڵی 2011 و 2012 بۆ 2.7% دابەزیوە، لە ساڵی 2013 بۆ 2.6% و لە ساڵی 2017 بۆ 2.5% دابەزیوە، بەمشێوەیە ساڵانە بەردەوام لەدابەزیندا دەبێت و پێشبینی دەکرێ لە ساڵی 2020 گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بۆ 2.2% دابەزێ.

سیروان محەممەد دەڵێت: "زۆربەی وڵاتان کاتێک بە هەر هۆکارێک نەتوانن سەرژمێری دانیشتووان بکەن، بۆ دیاریکردنی گەشەی دانیشتووان پەنا بۆ پرۆگرامی (Spectrum) دەبەن. پێمانوایە ئەم داتایانە 95% لەڕاستییەوە نزیکن".

## ● ژمارەی دانیشتووانی سلێمانی کەم دەبێتەوە

بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژمارەی لەدایکبوونی منداڵ لە ساڵی 2011 تاوەکو 2014 لە هەڵکشاندا بووە، بە جۆرێک لە 145 هەزار منداڵەوە بۆ 181 هەزار منداڵ زیادی کردووە، بەڵام لە ساڵی رابردوو ژمارەکە بۆ 164 هەزار منداڵ دابەزیوە، واتە نزیکەی 17 هەزار منداڵ بەراورد بە ساڵی پێشتر کەمتر لەدایکبوون.

بەپێی ئامارەکە، پارێزگای سلێمانی لە دابەزینی ڕێژەی منداڵبوون لە پلەی یەکەمە، بۆ نموونە لە ساڵی 2011 لە پارێزگای سلێمانی 59 هەزار و 575 منداڵ لەدایکبوون، بەڵام لە ساڵی 2015 ئەم ژمارەیە کەمی کردووە بۆ 46 هەزار و 37 منداڵ، واتە 13 هەزار و 538 منداڵ کەمی کردووە.

لە پارێزگای هەولێریش ژمارەی لەدایکبوون لە داکشانە، بە جۆرێک لە ساڵی 2014دا 60 هەزار و 62 منداڵ لە دایکبوون، بەڵام لە 2015 ژمارەکە کەمی کردووە بۆ 51 هەزار و 110 منداڵ. واتە 8.952 منداڵ کەمی کردووە.

بە پێچەوانەی هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی، ژمارەی لەدایکبوونی منداڵ لە پارێزگای دهۆک ساڵ بە ساڵ هەڵدەکشێ. بۆ نموونە لە ساڵی 2011دا 48 هەزار و 687 منداڵ لەدایکبوون، لە ساڵی 2015 ئەو ژمارەیە زیادی کردوو بۆ 67 هەزار و 393 منداڵ.

## ● "ئامارەکان ناڕاستن"

پرۆفیسۆر د.خەلیل ئیسماعیل، پسپۆڕی دیمۆگرافیای دانیشتووان پێیوایە هۆکاری سیاسی کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەشەی دانیشتووانی کورد هەبووە و دەڵێ "بەپێی سەرژمێری و ئەو لێکۆڵینەوە مەیدانیانەی لەسەر گەشەی دانیشتووانی شارەکانی هەرێمی کوردستان کراوە، بۆمان دەردەکەوێت تاوەکو ڕاپەڕینی 1991 گەشەی دانیشتووانی شارە کوردنشینەکان بەراود بە شارەکانی عێراق کەمترە، هۆکارە سەرەکییەکەشی سیاسی بووە".

د.خەلیل دەڵێت: "گەشەی دانیشتووان پەیوەندی راستەخۆی هەیە بە تەمەنی هاوسەرگیری و ماوەی هاوسەرگیری. دۆخی سیاسی و ئابووری لە ماوەی رابردوودا لە بەرژەوەندی گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان نەبووە، گەنجەکان کاتیان نەبووە لەکاتی خۆیدا شوو بکەن، یان ژن بهێنن، جگە لەوە بەهۆی شەڕ و دەربەدەری هاوسەرەکان کەمتر لەگەڵ یەک بوون، ئەمەش کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی منداڵ و کەمیی گەشەی دانیشتووان هەبووە".

د.خەلیل ئیسماعیل گومانی لەو ئامارانە هەیە کە پشت بە پێشبینی و هەندێک پرۆگرامی تایبەت بە شیکردنەوەی داتا دەبەستن و دەڵێت: "لەبەر ئەوەی 31 ساڵە لە هەرێمی کوردستان سەرژمێری نەکراوە، بۆیە ئەو ژمارە و پێشبینیانەی دەخرێنەڕوو کە پشت بەوەرگرتنی نموونە دەبەستن، زۆر دروست نین. من پێموایە ژمارە و گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لەوە زیاترە کە بڵاودەکرێتەوە، بەڵگەشم بۆ ئەوە ئەنجامنەدانی سەرژمێری گشتییە لەلایەن عێراق کە دەبوایە لە ساڵی 2007 و 2017 بکرابا، چونکە ئەوان چاک دەزانن ئەگەر سەرژمێری بکرێ، پشکی کورد لە بودجە و ڕێژەی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەران زیاتر دەبێت و ناوچە کوردستانییەکان بەپێی ماددەی 140 دەکەونەوە سەر هەرێمی کوردستان".

بەڵام بەبڕوای مامۆستا سەروەر، ئێستا خێزانی کورد لە بچووکبوونەوەدایە "بەهۆی کاریگەری ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی، خێزانی کورد وەک جاران وەچە ناخەنەوە، بۆیە باشتر وایە نوێنەران و سەرکردایەتی سیاسی کورد لەڕێگەی گفتوگۆ و گوشاری نێودەوڵەتی هەرچی زووە چارەسەری کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بکەن، لەڕێگەی ڕێککەوتنی سیاسی و بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی دیکەی ئەنجوومەنی نوێنەران پێگەی کورد بەهێز بکەن".



بەهۆی کاریگەری ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، خێزانی کورد لە بچووکبوونەوەدایە (فۆتۆ: ڕووداو)

**"ژنانی کورد بەپیتن"**

د.خەلیل ئیسماعیل، پسپۆڕی دیمۆگرافیای دانیشووان، پێیوایە دەتوانرێ بە ئاسانی گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان زیاد بکرێ، بە مەرجێک کەمێک هاندان هەبێ. د.خەلیل دەڵێت: "بەپێی توێژینەوەکان ڕێژەی پیتاندن لە ئافرەتی کورد زیاترە لە ئافرەتی عەرەب و تورک و فارس. کوردیش بەهۆی کاریگەری ئاینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی حەزی بەوەچەخستنەوە هەیە، بۆیە ئەگەر حکومەت مەبەستی بێت، بە کەمێک هاندان، بە ئاسانی دەتوانێ ساڵانە ڕێژەیەک لە گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان زیاد بکات".

**مامۆستایەکی زانکۆ**

**ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 دەبێتە 14.9%ی دانیشتووانی عێراق**

ئاماری لە دایکبوون لە 2011 تاوەکو 2015 لەسەر ئاستی پارێزگاکانی کوردستان

| ساڵ | هەولێر | دهۆک | سلێمانی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| 2011 | 46.652 | 48.687 | 49.799 | 145.138 |
| 2012 | 43.890 | 50.833 | 50.461 | 145.184 |
| 2013 | 50.147 | 47.027 | 57.753 | 154.927 |
| 2014 | 60.062 | 61.991 | 59.575 | 181.628 |
| 2015 | 51.110 | 67.393 | 46.037 | 164.540 |

## نرخی زەوی لە هەولێر 30% بەرزدەبێتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی نزیکبوونەوەی بەغدا و هەولێر و ئەگەری ناردنی مووچە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، نرخی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و لە هەولێر بەڕێژەی 30 % بەرزبووەتەوە. فەرهەنگ قادر کە خاوەنی نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوییە بە (ڕووداو) ی گوت "هەفتەیەکە بازاڕی خانوو و زەوی لە هەولێری نوێ جموجوڵێکی باشی هەیە. لە کۆتاییەکانی هەولێری نوێ نرخی پارچە زەوی لە 25 هەزار دۆلارەوە بۆ 28 هەزار دۆلار بەرزبووەتەوە، لە زەوی و خانووەکانی پێشەشەوە هەمووی 10 هەزار دۆلاری هاتووەتەسەر".

## نیوەی داهاتی تاکسییەکانی کوردستان بۆ کڕینی بەنزینە

# هەولێر هێندەی تاران و ئیستانبوڵ تاکسی تێدایە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی باڵای هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان دەڵێت، تاکسییەکانی کوردستان بەهۆی زۆریی ژمارەیان و بەردەوامیی سووڕانەوەیان بۆ کار، بوونەتە هۆکاری جەنجاڵی لە شەقامەکان و پیسبوونی ژینگە، بۆیە دەبێت بیر لە ڕێکخستنی کاری تاکسی بکرێتەوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، 92 هەزار و 207 ئۆتۆمبێلی کرێ لە هەرێمی کوردستان هەن، لەم ژمارەیەش نزیکەی 82 هەزاریان تاکسین، ئەوانی دیکەش پاس و مینی پاسن، پشکی شێری ئەم ژمارەیەش بەر پارێزگای هەولێر کەوتووە کە 42.321 ئۆتۆمبێلی کرێ لەو شارە هەن. دوای ئەویش پارێزگای سلێمانی بە 31.156 ئۆتۆمبێلی کرێ و پارێزگای دهۆکیش بە 18.317 ئۆتۆمبێلی کرێ لە بە پلەی دووەم و سێیەم دێن.

عەقید ئەسعەد مەلا کەریم، گوتەبێژ و بەڕێوەبەری پلاندانان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر تاکسی هەن کە بەهۆی سووڕانەوەی بەردەوامیان بۆ کار، جگە لەوەی وەک پێویست کاریان دەستناکەوێ، لەهەمانکاتدا بوونەتە هۆکاری جەنجاڵی لە شەقامەکان و پیسبوونی ژینگە، بۆیە بەپێویستی دەزانین لایەنە پەیوەندیدارەکان کاری تاکسی ڕێکبخەن".

**82 هەزار تاکسی لە هەرێمی کوردستان هەن**



تاکسییەکانی کوردستان ڕۆژانە 1.2 ملیۆن لیتر بەنزین دەسووتێنن (کاریکاتێر: هونەر مەرجان)

ئەو بەرپرسەی هاتوچۆ پێیوایە ئەگەر کاری تاکسی لە هەرێمی کوردستان بە سیستەم بکرێت، بەپلەی یەک شۆفێرانی تاکسی سوودمەند دەبن، چونکە ئەوکات ناچار نابن بەبێ دەستکەوتنی کار لە شەقامەکان بسووڕێنەوە و سووتەمەنی بەفیڕۆ بدەن، ئێمەش وەک هاتوچۆی گشتی سوودمەند دەبین، چونکە قەرەباڵغیی سەر شەقامەکان کەم دەبێتەوە و ڕووداوی هاتوچۆ کەمتر دەبێت و ژینگەش پاکتر دەبێت".

لە زۆربەی وڵاتان کاری تاکسی لە ڕێگەی کۆمپانیاکانەوە بە سیستەم کراوە. هاووڵاتیان بە نرخێکی دیاریکراو و لە نزیکترین شوێنی کار یان ماڵەوە تاکسییان دەستدەکەوێ، هەروەها شوفێرانی تاکسی بەنزینێکی زۆر بەخۆڕایی خەرج ناکەن، تەمەنی ئۆتۆمبێلەکانیشیان درێژتر دەبێتەوە. بەڵام لە هەرێمی کوردستان، شوفێرانی تاکسی بە بەردەوامی بەنێو شەقامەکاندا دەسووڕێنەوە، بەهۆی زۆریی نرخی بەنزینیش نیوەی داهاتەکەیان بە بەنزین دەدەنەوە.

سەنگەر یەحیا، ماوەی 5 ساڵە شوفێری تاکسییە، ڕۆژانە لە کاژێر 7ی بەیانی تاوەکو 5ی ئێوارە کار دەکات. ئەو دەڵێت: "زۆریی ژمارەی تاکسی و قەیرانی دارایی کاریگەری زۆری لەسەر کاری تاکسی هەبووە، سەرنشین کەم بووە و نرخی تاکسیش دابەزیوە، لەبەرئەوەش داهاتێکی زۆر کەممان دەستدەکەوێت".

سەنگەر لەبارەی داهاتی ڕۆژانەی گوتی: "ڕۆژی وا هەیە لە بەیانییەوە تاوەکو ئێوارە حەوت هەزار دینار کاردەکەین. ڕۆژی واش هەیە 30 تاوەکو 40 هەزار دینارم دەستدەکەوێت، بەتێکڕا ڕۆژانە 20 تاوەکو 25 هەزار دینارم دەستدەکەوێ، بەڵان نیوەی بە بەنزین دەدەین، چونکە ئۆتۆمبیلەکەم ڕۆژانە 15 تاوەکو 20 لیتر بەنزین دەسووتێنێ".

لە هەرێمی کوردستان چەند کۆمپانیایەکی تاکسی تەلەفۆنی هەن، بەڵام ئەم کۆمپانیایانە ژمارەیەکی کەمی ئۆتۆمبیلی تاکسی لەخۆدەگرن، بۆیە هێشتا زۆربەی شوفێرانی تاکسی بەشێوەی سەربەخۆ کار دەکەن.

کۆمپانیای تاکسی ساوس کوردستان لە ساڵی 2014 لە سلێمانی دامەزراوە، کۆمپانیاکە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی بەسەر 14 زۆندا دابەشکردووە و گرێبەستی لەگەڵ نزیکەی 600 ئۆتۆمبیلی تاکسی لەنێو شاری سلێمانیدا هەیە، کۆمپانیاکە ڕاهێنان بەشوفێران دەکات و جلی تایبەتیان بۆ دابین دەکات و لەزگە و بژمێر و ئامێری لاسلکیی تایبەت بە کۆمپانیاکە بۆ تاکسییەکە دابین دەکات. لەڕێگەی تەلەفۆنەوە کار بۆ تاکسییەکان دەدۆزێتەوە و لە بەرامبەریشدا شوفێران مانگانە 50 هەزار دینار بە کۆمپانیاکە دەدەن.

توانا نووری، بەڕێوەبەری کۆمپانیای تاکسی ساوس کوردستان دەڵێت: "لە هەر گەڕەکێک یان شوێنێک هاووڵاتییەک داوای تاکسی دەکات، نزیکترین تاکسی ئەو شوێنەی بۆ دەنێرین، بۆ ئەوەی بە کەمترین ماوە بگاتە لای".

توانا نووری ئاماژەی بەوە دا کە لە ڕێگەی سیستەمەکەی ئەوانەوە شوفێر داهاتی باشتری دەستدەکەوێ "بۆ نموونە شوفێری وامان هەیە دەڵێت پێشتر داهاتی مانگانەی 400 هەزار دینار بووە، ئێستا لەلای ئێمە داهاتەکەی بووەتە یەک ملیۆن دینار، بە گشتی هەر شوفێرێک مانگانە 250 هەزار دیناری بەس لە کڕینی بەنزین بۆ گەڕاوەتەوە".

بەرپرسێکی گواستنەوە دەڵێت سێ بەشی ئەو تاکسیانەی لە هەرێمی کوردستان هەن زیادن. سەلاح جەوهەر، بەڕێوەبەری گشتیی گواستنەوەی زەمینی و هێڵی ئاسنی لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن دەڵێت: "وەک بەرچاوڕوونی بۆ پێویستیی هەولێر کە پایتەختە، ئاماری تاکسییەکانی ئیستانبوڵ و تارانمان بە نموونە وەرگرت، ئیستانبوڵ کە ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی 15 ملیۆنە، تەنیا 18 هەزار تاکسی تێدایە. تاران کە ژمارەی دانیشتووانی 10 ملیۆن کەسە، 17 هەزار تاکسی تێدایە، بەڵام پارێزگای هەولێر کە ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی 2 ملیۆن کەسە، 40 هەزار تاکسی هەیە، ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە و پێویستە کەم بکرێتەوە".

سەلاح جەوهەر پێیوایە ئەگەر سیستەمێکی باش بۆ ڕێکخستنی کاری تاکسی لە هەرێمی کوردستان دابنرێت، هەرێمی کوردستان تەنیا پێویستی بە نزیکەی 20 هەزار ئۆتۆمبیلی تاکسی هەیە، واتە 62 هەزار تاکسیمان زیادە".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لەبارەی بڕی ئەو بەنزینەی کە ڕۆژانە تاکسییەکان دەیسووتێنن، دەڵێت: "ئەگەر ڕۆژانە هەر تاکسییەک 15 لیتر بەنزین بسووتێنێ، ئەوە ڕۆژانە یەک ملیۆن و 230 هەزار لیتر بەنزین دەسووتێنن".

سەبارەت بە پلانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بۆ هۆیەکانی گواستنەوە، سەلاح جەوهەر گوتی

پرۆژەیەکیان بە دەستەوەیە، سەرەتا ئارم و لۆگۆی تایبەت بەشارەکان بۆ تاکسیەکان دروست دەکەن، دواتریش، بانگەواز بۆ خەڵک دەکەن کە کۆمپانیای تاکسی تەلەفۆنی دابمەزرێنن. سەلاح جەوهەر گوتی "ئێستا خەریکی ئامادەکردنی تەندەرین بۆ پرۆژەی تاکسی تەلەفۆنی، بەڵام ژمارەی تاکسییەکانمان ئەوەندە زۆرە لەوانەیە کۆمپانیاکان نەتوانن هەموویان لەخۆبگرن، بۆ ئەوەی زۆرترین شوفێر لە پرۆژەکە سوودمەند بن، لەوانەیە داوا لە کۆمپانیاکان بکەین بەتاک و جووت کاریان پێبکەن".

**%75ی تاکسییەکانی کوردستان زیادن**

**•**

**خەریکی ئامادەکردنی تەندەرین بۆ پرۆژەی تاکسی تەلەفۆنی**

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن

# یەک ملیۆن دۆنم زەوی بەهۆی کەمیی باران دەبێتە بەیار

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت بەهۆی کەمیی ڕێژەی بارینی باران لە وەرزی چاندنی ئەمساڵ، نزیکەی یەک ملیۆن دۆنم زەوی بە بەیاری ماوەتەوە و نەچێندراوە. ئەو ڕووبەرەشی کە چێندراوە لەبەر بێ بارانی وەکوو پێویست نەڕواوە، بۆیە لەئێستاوە نزیکەی 40 %ی بەرهەمی گەنمی ئەمساڵمان لەدەستداوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە هەشت ساڵی ڕابردوودا ڕووبەری چێندراوی گەنم لە هەرێمی کوردستان ساڵ بەساڵ لەزیادبووندایە، لە یەک ملیۆن و 937 هەزار دۆنمەوە بۆ سێ ملیۆن و 552 هەزار دۆنم زیادی کردووە. بۆ وەرزی چاندنی ئەمساڵیش وەزارەتی کشتوکاڵ پێشبینی دەکرد سێ ملیۆن دۆنم زەوی بەگەنم بچێندرێ، بەڵام بەهۆی کەمیی باران لە وەرزی چاندندا، پێشبینییەکە وا دەرنەچوو.

فاروق عەلی، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و پەسەندکردنی بنەتۆ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە (ڕووداو)ی گوت: "بەهۆی کەمیی ڕێژەی بارانبارینەوە لە وەرزی چاندنی ئەمساڵ، پێشبینی دەکەم تەنیا نزیکەی 60 %ی ساڵی ڕابردوو گەنم چێندرابێت و نزیکەی یەک ملیۆن دۆنم زەوی لەو ناوچانەی باران نامسۆگەرە، بە بەیاری مابنەوە و نەچێندرابن".

دەڵێت ئەو گەنمەی چێندراویشە بەهۆی کەمیی بارانەوە وەکو پێویست نەڕواوە "بۆیە لە ئێستاوە نزیکەی 40 %ی بەرهەمی گەنممان لەدەستداوە".

بۆ ئەوەی بەرهەمی دانەوێڵە بەشێوەی ئاسایی گەشە بکات، پێویستی بەبارینی ڕێژەیەکی باشی بارانە لە سێ کاتی جیاوازدا، ئەوانیش بارانی پایزە، زستانە و بەهارەیە. بارانی پایزە ئاسانکاری دەکات بۆ کێڵان و چاندن و شینبوون. بارانی زستانە بۆ چەسپاندنی ڕەگی گەنم لە زەوی و گەشەکردنی. هەرچی بارانی بەهارەشە بۆ گەشە و گوڵ و قەڵەوبوونی بەرهەم پێویستە.

فاروق عەلی دەڵێت "کەمیی بارینی باران لە هەر وەرزێک کاریگەری خۆی لەسەر بڕی بەرهەم هەیە، بۆیە ئەگەر لە وەرزی زستان و بەهاریش وەک وەرزی پایز باران بەڕێژەی کەم بباریێ، کاریگەری زیاتری لەسەر کەمبوونەوەی بڕی بەرهەم و کوالێتییەکەی دەبێ".

فاروق عەلی ئاماژە بە گرفتێکی دیکەی کەمیی باران دەکات و دەڵێت: "بەهۆی ئەوەی سایلۆکان تەنیا گەنمی ئارد وەردەگرن، گەنمی ئاردیش بە سروشتی خۆی زیاتر لە گەنمی ساوار پێویستی بە ئاوە، بۆیە لەوانەیە جۆری گەنمی چێندراویش ببێتە گرفتێکی دیکە بۆ کەمبوونەوەی بڕی بەرهەم".

بەرهەمی ساڵی ڕابردوو نزیکەی یەک ملیۆن تۆن گەنم بوو کە تەنیا 372 هەزار تۆنی لە جووتیاران وەرگیرا. بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵیش، جووتیاران نزیکەی 400 هەزار تۆن گەنمیان بە بازرگانانی عێراق فرۆشتووە، بەشێکیشی لێ چێندراوە، بۆیە گەنمێکی زۆر لە هەرێمی کوردستان نەماوەتەوە.

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان لە بەرهەمی گەنم دڵی بەزەوییە بەراوەکان خۆشە و دەڵێت: "لەوانەیە ئەمساڵ بەرهەمی گەنم لە زەوییە دێمییەکان باش نەبێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 500 هەزار دۆنم زەویی بەراومان هەیە، ئەگەر جووتیاران باش ئاوی بدەن پێشبینی دەکەم 400 هەزار تۆن بەرهەم بدات، بۆیە ئەمە هیوایەکی باشمان پێدەبەخشێ کە گرفتی دابینکردنی گەنممان بۆ ئاشەکان نەبێت".

فاروق عەلی گوتی: "بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا، بارینی باران وەک جاران نەماوە، بۆیە لە داهاتوودا دەبێت لەڕێگەی هێنانی گەنمی بەبڕشتەوە، جەخت لە زیادکردنی بڕی بەرهەم لە یەکەی ڕووبەر بکەین. لە ناوچە نامسۆگەرەکانی بارانیش هانی جووتیاران بدەین لە جیاتی گەنم جۆ بچێنن".

وەرزی بارینی باران لە هەرێمی کوردستان ساڵانە لە سەرەتای تشرینی یەکەم دەستپێدەکات تاوەکو کۆتایی ئایار.



بەرهەمی ساڵی ڕابردوو نزیکەی یەک ملیۆن تۆن گەنم بوو کە تەنیا 372 هەزار تۆنی لە جووتیاران وەرگیرا (فۆتۆ: ڕووداو)

بەگوێرەی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کەشناسی و بومەلەرزەزانی، ڕێژەی بارانی ئەمساڵ بەراود بەهەمان ماوە لە ساڵی ڕابردوودا لە سنووری پارێزگای هەولێر 61.2 %، لە سنووری سلێمانی بە ڕێژەی 71.6 %، پارێزگای دهۆک بە ڕێژەی 55.5 % و پارێزگای کەرکووک بە ڕێژەی 68.9 % و لە هەڵەبجەش بە ڕێژەی 37.4 % کەمی کردووە، ئەمەش لەکاتێکدایە ساڵی ڕابردووش ساڵێکی پڕ باران نەبوو.

فازل ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی و بومەلەرزەزانی بە (ڕووداو)ی گوت "ڕێژەی بارانی ئەمساڵ بەراود بەهەمان ماوە لە ساڵی ڕابردوو لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان 50 % کەمی کردووە، بۆ نموونە تێکڕای ڕێژەی بارینی باران لە سنووری پارێزگای هەولێر، ساڵانە 400 تاوەکو 450 ملیمە، ساڵی ڕابردوو تەنیا 337 ملیم باریوە، لە دهۆکیش تێکڕای بارینی ساڵانە 600 ملیمە، بەڵام ساڵی ڕابردوو 431.4 ملیم باریوە".

بە گوتەی فازڵ ئیبراهیم، سەرەڕای کەمیی ڕێژەی باران، کاتی بارانیش لە هەرێمی کوردستان دواکەوتووە، بۆ نموونە ئەمساڵ لەکۆتایی مانگی تشرینی دووەم بارینی باران دەستیپێکرد، واتە نزیکەی 55 ڕۆژ لەکاتی خۆی دواکەوت.

بارینی بڕێکی باشی باران لە مانگەکانی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم کە وەرزی چاندنی دانەوێڵەیە لە هەرێمی کوردستان، سوودی زۆری بۆ چاندن و ڕوانی گەنم هەیە.

فازل ئیبراهیم دەڵێت: "دابەشبوونی بارینی باران لە وەرزەکاندا هێندەی بڕی باران گرنگی بۆ کشتوکاڵ هەیە، بۆ نموونە هاوشێوەی مانگەکانی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم بارینی باران لە مانگەکانی ئادار و نیسان ڕۆڵی هەیە لەسەر باشبوونی بەرهەم، بۆیە ئەگەر لەو مانگانەش باران کەم بباریێ، مەترسیی وشکەساڵی لە ناوچەکە زیاتر دەبێ".

بەهۆی ئەو بڕە بارانەی لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەم لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان باری، بەشێک لە جووتیاران زەوییەکانیان کێڵا و گەنمیان چاند، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی بارینی باران، خەریکە بێهیوا دەبن لە هەڵگرتنەوەی بەرهەم لە زەوییەکانیان.

عەلی محەممەد، جووتیارێکی ناحیەی قوشتەپەی شاری هەولێرە، ئەمساڵ 800 دۆنم زەوی بە گەنم چاندووە و زیاتر لە 46 ملیۆن دیناری خەرج کردووە. ئەو دەڵێت "بەهۆی کەمیی بارانەوە نزیکەی 30 %ی ئەو گەنمەی چاندوومانە شین بووە، ئەویش وەک پێویست گەشەی نەکردووە، بۆیە دڵنیانین لەبەدەستهێنانەوەی ئەو خەرجییەی لە چاندنی کردوومانە".

**%40 بەرهەمی گەنمی ئەمساڵ کەم دەبێتەوە**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ

# کۆمپانیاکانی نەوت دەگەڕێنەوە کوردستان

ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو کۆمپانیای نەوتی بەریتانی ناسراو بە (BP) و حکومەتی عێراق ڕێککەوتنێکیان لە کەرکووک واژۆکرد. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە کۆمپانیا بەریتانییەکە یارمەتی حکومەتی عێراق دەدات بۆ ئەوەی ئاستی بەرهەمی کێڵگەکانی کەرکووک بەرز بکاتەوە. ڕۆژی سێشەممەش کۆمپانیای شیڤرۆن ڕایگەیاند کە بەنیازە ستافەکەی بگەڕێنێتەوە هەرێمی کوردستان و دەستبەکار ببنەوە.

ڕێککەوتنەکەی نێوان کۆمپانیا بەریتانییەکە و حکومەتی عێراق لە بنەڕەتدا لێکتێگەیشتننامەیە. بەپێی ڕێککەوتنەکە (BP) لەو کێڵگانە دەست بە لێکۆڵینەوەکانی دەکات، تاوەکو بزانن چۆن بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی کەرکووک بۆ 750 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرز بکەنەوە. مایکڵ تاونسێند، بەرپرسی (BP) لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە مەراسیمی واژۆکردنی لێکتێگەیشتننامەکەدا بەشدار بوو.

(BP) مێژوویەکی کۆنی لە کێڵگەکانی نەوتی کەرکووکدا هەیە. کێڵگەی کەرکووک لە ساڵی 1927 لەلایەن هەردوو کۆمپانیای (BP) و تۆتاڵی فەرەنسی دۆزرایەوە. ئەوکات بە گەورەترین کێڵگەی نەوتی جیهان لەقەڵەم دەدرا. کۆمپانیا بەریتانییەکە تاوەکو 2015 لەو کێڵگانە کاری دەکرد، بەڵام لەگەڵ هێرشەکانی داعش بۆ سەر پارێزگای کەرکووک ناچار بوو ستافی خۆی لەو ناوچەیە بکێشێتەوە. ئەوکات کۆمپانیای نەوتی بەریتانیا هاوکاریی تەکنیکی پێشکەش بە کۆمپانیای نەوتی باکوور دەکرد.

لە مەراسیمی واژۆکردنی لێکتێگەیشتننامەکەدا، عەبدولجەبار لعێبی، وەزیری نەوتی عێراق و مایکڵ تاونسێند، بەرپرسی لقی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی (BP) ئامادە بوون. وەزارەتی نەوتی عێراقیش لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە کۆمپانیای نەوتی بەریتانیا دەست بە ڕووپێوکردن و لێکۆڵینەوە لە کێڵگەکان دەکات. لعێبی لە مەراسیمەکەدا ڕایگەیاند "کۆمپانیای نەوتی باکوور دەبێ پێگەی جارانی خۆی بەدەست بهێنێتەوە و ڕۆژانە 1.5 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێتەوە. پلانێکی گەورەشمان هەیە بۆ ئەوەی کۆمپانیاکە چالاک بکەینەوە".

کەرکووک خاوەنی یەکێک لە کۆنترین و گەورەترین کێڵگەکانی نەوتە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بە گوێرەی هەڵسەنگاندنەکانی (BP) کێڵگەکانی کەرکووک نۆ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگیان تێدایە.

پێدەچێت سەردانی وەزیری نەوتی عێراق و بەرپرسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی کۆمپانیاکە هەنگاوێکی سیمبۆلیک بووبێت بۆ ئەوەی جەخت لەسەر ئارامی ناوچەکە بکەنەوە، بەڵام لێدوانی بەرپرسانی باڵای (BP) ئاماژەیە بەوەی کۆمپانیا بەریتانییەکە تاوەکو ئێستاش بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆسییەکە دەکات.

بێرنارد لونی، بەرپرسی بەشی گەڕان و بەرهەمهێنانی (BP) بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە ڕێککەوتنەکە "لێکۆڵینەوە لەخۆدەگرێت و دەبێ بزانین ئەو لێکۆڵینەوانە بەرەو کوێمان دەبەن. نامەوێ چاوەڕوانی زێدە بدەم. جارێ هەندێک کاری تێدا دەکەین و بزانین لە داهاتوودا چی دەبێت". لونی ڕەتیشیکردەوە کۆمپانیا بەریتانییەکە ڕێککەوتنی "یەک ملیار دۆلاری یان شتی لەو جۆرەی" کردبێت.

لە دوای هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەری سەر کەرکووک، حکومەتی عێراق پەیوەندی بە کۆمپانیای نەوتی بەریتانیاوە کرد بۆ ئەوەی کارەکانیان لە کێڵگەکانی ئەو ناوچەیە دەستپێبکەنەوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە نەوتی کەرکووک بە ئاژانسی بلومبێرگی ڕاگەیاندووە "ئێستا کێڵگەکانی نەوتی کەرکووک ڕۆژانە 140 بۆ 150 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بەرهەم دەهێنن و بەرهەمهێنان لە کێڵگەکانی بای حەسەن و ئاڤانا وەستاون".

ئالان موهتەدی، سەرۆکی کۆمپانیای ڕاوێژکاریی وزە و ئاسایش (T&S)، بە ڕۆژنامەی (فاینەنشڵ تایمز)ی بەریتانی ڕاگەیاندووە "ئێستا کێڵگەکانی کەرکووک توانای بەرهەمهێنانی 450 هەزار بەرمیل نەوتیان لە ڕۆژێکدا هەیە". کۆمپانیاکەی موهتەدی ڕاوێژ پێشکەش بە کۆمپانیاکانی نەوت و غازی سروشتیی هەرێمی کوردستان دەکات.

> **ڕوسنێفت دەتوانێ ڕۆڵی نێوبژیوان لە نێوان هەولێر و بەغدا بگێڕێ**
>
> سەرۆکی کۆمپانیای ڕاوێژکاریی وزە و ئاسایش

ڕۆژی پێجشەممە کۆمپانیای (BP) ڕایگەیاند تەکنۆلۆژیا و شارەزایی مۆدێرن پێشکەش بە کۆمپانیای نەوتی باکوور دەکەن و پڕۆژەکەیان پلانێکی درێژخایەن بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکانی ئەو ناوچەیە لەخۆدەگرێت. هەڵبەت ساڵی 2013ش بەغدا و (BP) ڕێککەوتنێکی هاوشێوەیان بۆ نەوتی کەرکووک واژۆکرد، بەڵام بەهۆی دژایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هیچ کات نەکەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، ساڵی دواتریش هێزەکانی پێشمەرگە پاش ڕاکردنی هێزەکانی عێراق کۆنترۆڵی کەرکووکیان کەوتەدەست.

## ڕۆڵی ڕوسنێفت

موهتەدی لە لێدوانێک بۆ (فاینەنشڵ تایمز) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە پەیوەندییەکانی (BP) و ڕوسنێفتی ڕووسی دەتوانێت ڕۆڵی سەرەکیی هەبێت لە یەکلابوونەوەی داهاتووی نەوتی کەرکووکدا. کۆمپانیا بەریتانییەکە خاوەنی 20 %ی پشکەکانی ڕوسنێفتە. لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، کۆمپانیا ڕووسییەکە وەبەرهێنانی زەبەلاحی لە کەرتی وزەی هەرێمی کوردستاندا کردووە و بە نیازە توانای هەناردەکردنی بۆرییەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبکاتەوە و کار لەسەر ژمارەیەک کێڵگەی نەوتیدا بکات.

بەغدا دەیەوێت بۆرییە نەوتییە کۆنەکەی باکوور چاک بکاتەوە، بەڵام ئەم پلانە هەم کات و پارەیەکی زۆری دەوێت و هەمیش ئەستەمە بتوانێت بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کارە بکات. ئالان موهتەدی لەمبارەیەوە بە ڕۆژنامە بەریتانییەکە دەڵێت "هەستدەکەم بەغدا و هەولێر دواجار دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی لە هەرێمی کوردستانەوە ڕێکبکەون. بە بڕوای من ڕوسنێفت دەتوانێت لەو پرسەدا ڕۆڵی نێوبژیوان بگێڕێ".

شیڤرۆن دەگەڕێتەوە

لە لایەکی دیکەوە کۆمپانیای شیڤرۆنی ئەمریکی ڕایگەیاند بەنیازن بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان و دەست بە کارەکانیان بکەنەوە، ئەمەش دەکرێت ئاماژەیەک بێت بەوەی گرژییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و هەولێر هێوربوونەتەوە. کۆمپانیای شیڤرۆن بەهۆی هێرشەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکووک دەستیان لە کارەکانیان هەڵگرت. گوتەبێژێکی کۆمپانیا ئەمریکییەکە ڕایگەیاندووە شیڤرۆن "لەداهاتوویەکی نزیکدا" دەست بە کارەکانی لە کوردستان دەکاتەوە. گوتەبێژەکە دەڵێت "ئێستا خەریکی ئەوەین هەنگاوە پێویستەکان بنێین بۆ ئەوەی ستاف و کەلوپەلەکانمان بەرینەوە ناوچەکە، دەمانەوێت کە چووینەوە هەرێمی کوردستان ئامادەیی تەواومان بۆ دەستبەکاربوونەوە هەبێ".

شێڤرۆن لە ساڵی 2012ەوە لە کوردستان کاری گەڕان دەکات و تاوەکو ئێستا نەوتی بەرهەم نەهێناوە. شیڤرۆن یەکێک بووە لەو کۆمپانیایانەی بە پێچەوانەی (BP)، گوێی بۆ دژایەتی حکومەتی عێراق شل نەکرد و لەگەڵ هەولێر ڕێککەوت. شێڤرۆن لە هەردوو کێڵگەی سەرتا و قەرەداغ کار دەکات و لەسەر بنەمای هاوبەشی لە بەرهەمهێناندا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕێککەوتووە. بەگوێرەی ماڵپەڕی کۆمپانیاکە، شیڤرۆن لە سەرەتای 2016 گەڕان لە دووەم بیرە نەوتی تەواوکردووە و خەریکی هەڵسەنگاندنی دیکەیە بۆ ئەو کێڵگەیە.



ئەنقەرە زەرەرمەندی یەکەمی لاوازبوونی هەرێمی کوردستان بوو

# تورکیا و سعودیە لە ڕێککەوتنە نەوتییەکەی ئێران و عێراق نیگەرانن

ڕووداو- هەولێر

کۆتایی 2017 عێراق و ئێران ڕێککەوتنێکی ئاڵوگۆڕی نەوتیان واژۆ کرد. هەفتەی پێشووش وەزیری نەوتی عێراق ڕایگەیاند کە پێش کۆتایی ئەم مانگە دەست بە هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بۆ ئێران دەکەن. سعودیە و تورکیا، وەکوو دوو ڕکابەری سەرەکیی ئێران لە ناوچەکەدا، بە نیگەرانییەوە لەم نزیکبوونەوەیە دەڕوانن.

پێشتر بڕیار وابوو لە قۆناغی یەکەمدا ڕۆژانە 60 هەزار بەرمیل نەوت لە کەرکووکەوە بە بارهەڵگر ڕەوانەی ئێران بکرێت، بەڵام وەکوو عەبدولجەبار لعێبی، وەزیری نەوتی عێراق ڕایگەیاند، لە یەکەم قۆناغدا تەنیا 30 هەزار بەرمیل هەناردەی پاڵاوگەی کرماشان دەکرێت. پێشتر ڕۆژانە نزیکەی 360 هەزار بەرمیل لە نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستانەوە هەناردەی تورکیا دەکرا، بەڵام لە دوای هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەر هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بۆ تورکیا ڕاوەستا؟

هەرچەندە قەبارەی هەناردەکردنەکە لە قۆناغی یەکەمدا زۆر بچووکە، بەڵام تورکیا و سعودیە بە هۆکاری جیاواز، بە نیگەرانییەوە سەیری ئەو پەیوەندییە نوێیەی نێوان بەغدا و تاران دەکەن. ئۆلگو ئۆکموش، توێژەری بازاڕی نەوت، لە وتارێکدا لە ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر) دەڵێت، تورکیا نیگەرانە لەوەی ئێران لە جیاتی تورکیا ببێتە کەناڵی سەرەکیی گواستنەوەی نەوتی باکوور بۆ بازاڕەکانی جیهان، لە کاتێکدا پلانی ستراتیژی و درێژخایەنی تورکیا ئەوەیە وڵاتەکەی وەکوو ڕێڕەوی سەرەکی گواستنەوەی نەوت و غازی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ بازاڕەکانی جیهان سەیر بکرێت.

ڕێککەوتنەکەی ئێران و عێراق لە جۆری (سواپ ـ ئاڵوگۆڕی نەوت)ە، لەو جۆرە ڕێککەوتنەدا لایەنی کڕیار لەبری پارە، لە ناوچەیەکی دیکە نەوت بە هەمان چۆنایەتی و هەمان ڕێژە بە وڵاتی فرۆشیار دەداتەوە. لە ڕێککەوتنەکەی ئێران و عێراقدا، ئێران دەبێ لەسەر کەنداو هەمان ڕێژە نەوت بە هەمان چۆنایەتی، بداتەوە بە عێراق. وەکوو لە ڕاپۆرتێکی کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراق (سۆمۆ)دا هاتووە "ئەمجۆرە ڕێککەوتنە قازانجی درێژخایەنی زۆری بۆ ئێران هەیە کە گرنگترینیان ئەوەیە ئێران ببێتە ڕێڕەوێکی سەرەکی گواستنەوەی سەرچاوەکانی وزە".

بەشێک لە ڕێککەوتنەکەی بەغدا و تاران دروستکردنی بۆرییەکی نەوت لەخۆدەگرێت کە ڕەنگە ببێتە جێگرەوەی ئەو بۆرییەی نەوتی کەرکووکی بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا دەگواستەوە، ئەمەش مایەی نیگەرانیی ئەنقەرەیە.

بەندەری جەیهان لە ساڵی 1977ەوە خاڵی سەرەکیی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بۆ بازاڕەکانی جیهان بووە. سەرەڕای کێشە سیاسی و یاساییەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەو بەندەرە هەر وەکوو هێڵی سەرەکی هەناردەکردنی نەوتی ئەو ناوچانە مابووەوە. لە ساڵی 2013 بەدواوە، هەولێر لە ڕێگەی بۆرییە نەوتێکی سەربەخۆوە نەوتی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی ڕەوانەی جەیهان دەکرد.

> **سعودیە پێیوایە هاوکاریی ئێران و عێراق لە بواری وزە، لە داهاتوودا کێشەیان بۆ دروست دەکات**
>
> توێژەرێکی بازاڕی نەوت

دوای گشتپرسیی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان، بەغدا و تاران چاوەڕێیان دەکرد ئەنقەرە ئەو بۆرییە دابخات، بەڵام ئەنقەرە ئامادە نەبوو بە تەواوی پابەندی بڕیار و ڕێوشوێنەکانی حکومەتی عێراق لەدژی هەرێمی کوردستان بێت. ڕاپۆرتێکی گرووپی ئارگۆس میدی کە چاودێریی هەناردە و فرۆشتنی نەوتی جیهان دەکات، دەڵێت هەناردەی نەوتی کوردستان بۆ بەندەری جەیهان تاوەکو ئێستاش نزیکەی 320 هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، هەرچەندە 40 %ی لەچاو پێش گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولی ڕابردوو کەمترە، بەڵام ئاماژەیەکی ڕوونیشە بۆ ئەوەی کە تورکیا نەیتوانیوە، یان نەیویستووە دەست لەو سەرچاوەی داهاتە بەربدات.

سعودیەش بە نیگەرانییەوە لە ڕێککەوتنەکەی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردووی ئێران و عێراق دەڕوانێ. لەبەر ئەوەی ئەو ڕێککەوتنە دەشێت پێگەی سعودیە لە ڕیزبەندی هەناردەکارانی نەوت (ئۆپێک) لاواز بکات. عێراق دووەم و ئێران سێیەم گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی ئۆپێکن. نزیکبوونەوە و هەماهەنگی ئەو دوو وڵاتە تەحەدای نوێ لە بازاڕەکانی نەوتدا بۆ سعودیە دروست دەکات.

بە گوێرەی داتاکانی ئاژانسی (بلومبێرگ)ی ئەمریکی، لە مانگی تشرینی یەکەمی 2017دا هەناردەی نەوتی عێراق بۆ ئەمریکا و هیندستان لە هی سعودیە زیاتر بوو. لە ساڵی 2017دا تێکڕای هەناردەی ڕۆژانەی نەوتی عێراق بۆ هیندستان 794 هەزار بەرمیل بووە، لە کاتێکدا لە هەمان ماوەدا هەناردەی نەوتی سعودیە بۆ هیندستان 738 هەزار بەرمیل بووە.

بەهۆی لادانی سزا ئەتۆمییە نێودەوڵەتییەکانەوە، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێرانیش لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بەرزبووەتەوە. هەناردەی ئەو وڵاتەش دوو بەرامبەر بووە. بەپێی داتاکانی بلومبێرگ هەناردەی نەوتی ئێران لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو گەیشتبووە 2.28 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. ئەمەش لە کاتێکدایە کە هەناردەی نەوتی سعودیە بەشێوەیەکی سەرەکی دابەزیبوو بۆ 7.6 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. ئەمەش وای کردووە تاران و بەغدا هەوڵ بدەن ئەو بازاڕانە داگیر بکەن کە سعودیە بەهۆی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانەوە لەدەستیداون.

ئۆلگو ئۆکموش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سعودییەکان پێیانوایە ئەگەر هاوکارییەکانی ئێران و عێراق لە بواری نەوتدا بەو خێراییەی ئێستا پەرەبستێنێ، ئەوە لە درێژخایەندا دەتوانێت کێشە بۆ دەسەڵاتی سعودیە لە بڕیارەکانی ئۆپێک و هاوسەنگی بازاڕەکانی نەوت دروستبکات. بۆیەش ئۆکولوموش بەدووری نازانێت ڕێککەوتنەکانی ئەمدواییە کاریگەری گەورە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ریاز و بەغدا دابنێ.

لێدوانی بەرپرسانی نەوتی ئێران و عێراق دەریدەخات پەیوەندییە ستراتیژییەکانی نێوان هەردوو وڵات تەنیا لەبواری سیاسی و ئەمنیدا نامێنێتەوە، بەڵکو بۆ بواری وزەش درێژ دەبێتەوە. ئەنقەرە و ریاز دەزانن ئەگەر ڕێککەوتنە شیعییەکەی نەوت لە نێوان بەغدا و تاران بەرەو ڕێککەوتنێکی ستراتیژی بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکان و ڕێڕەوەکانی گواستنەوەی نەوت بگۆڕدرێ، ئەوە ئەوانیش ناچار دەبن گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ستراتیژی وزەی وڵاتەکانیاندا بکەن.

ڕووداو
ژمارە (490) - دووشەممە 2018/1/22

## پەیوەند جاف نوێی دەکاتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند پەیوەند جاف، نوێترین کلیپی گۆرانی خۆی بڵاودەکاتەوە کە گۆرانییەکە بەناوی "دڵم تەنگە" و 25 ساڵ بەر لە ئێستا بڵاوکراوەتەوە و کلیپی بۆ کراوە، بەڵام پەیوەند لەسەر داوای هەوادارانی جارێکی دیکە گۆرانییەکە نوێدەکاتەوە. دەرهێنەری کلیپەکە بڕیار فەتاحە، پێشتر چەندین ئەزموونی لەگەڵ پەیوەند جاف و هونەرمەندانی دیکە هەبووە، بڕیار دەڵێت، لە ڕێگەی ئەم کلیپە مارکێتینگ بۆ شاری سلێمانی دەکات. دڵم تەنگە یەکێکە لە بەنێوبانگترین گۆرانییەکانی پەیوەند جاف، ئەوانەی بیسەری بوون، یادگاری جۆراوجۆریان لەگەڵ گۆرانییەکە تۆمارکردووە.

### گوڵستان پەروەر لە هەڤپەیڤینێکی بێ سانسۆردا

# هێشتا منداڵ بووم کە بووم بە دایک



خانمە هونەرمەندی ناوداری کورد گوڵستان پەروەر، هەموو شەوانێکی شەممە، لە ڕادیۆی ڕووداوەوە میوانی پێشکەشکاری ناودار هیڤیدار زانایە. دوو کچە کوردی باکووری لەو بەرنامەیەدا گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکێش دەکەن. گوڵستان بەبێ سانسۆر ئەزموونی ژیانی تایبەتی و ژیانی هونەری و سیاسیی خۆی و شڤان پەروەر دەگێڕێتەوە. ئێمە لەبەر گرنگیی ئەو گفتوگۆیە، بە باشمان زانی لە هەفتەنامەی ڕووداوەوە بە زنجیرە دووبارە بڵاوی بکەینەوە. گوڵستان لەم بەشەی هەڤپەیڤینەکەدا، باسی دووگیانبوونی بە "سەرخۆبوون"، چوونیان بۆ بەیروت و شەڕی ناوخۆی لوبنان دەکات.

**هەڤپەیڤین: هیڤیدار زانا**

**بەشی حەوتەم**

**ڕووداو: سەرخۆبوون دێتە ژیانی ئێوە، لەگەڵ مامۆستا شڤان پلانتان دانابوو منداڵتان ببێ؟**

**گوڵستان:** نەخێر بێ پلان بوو. چوومە لای پزیشک گوتی دووگیانی.

**ڕووداو: بۆچی نەتاندەویست منداڵتان ببێ؟**

**گوڵستان:** ژیانمان زۆر زەحمەت بوو، بەتایبەتی لەڕووی ئابوورییەوە. ساڵێک بوو گەیشتبوومە ئەڵمانیا، زۆر سەرقاڵ بووین، ژیانمان هەمووی لەنێو ئۆتۆمبێل بوو. ئێمە ئۆتۆمبێلێکمان هەبوو هەر ڕۆژەی لە شارێک بووین. هەر چالاکییەک هەبووایە، هەم ئامادەکاریمان دەکرد و هەمیش بەشداریمان دەکرد. گرووپێکمان دروست کرد لە 35 کەس پێکدەهات، بەرپرسیارێتی ئەو گرووپە لە ئەستۆی ئێمە بوو.

**ڕووداو: ئەی لەنێوخۆتان قەت باسی ئەوەتان نەدەکرد کە منداڵتان ببێ؟**

**گوڵستان:** نەخێر، ئێمە دەمانخواست ژیانێکی نوێ بئافرێنین، ئەو ژیانە نوێیەش لە ڕووی ئایدیۆلۆژیکەوە ئەوەیە هەموو شتی ئێمە بۆ کوردستان بێت، ئێمە خێزان پێکناهێنین، ئێمە ژیانێکی خۆش ناژین، ئێمە هەموو وزەی خۆمان لە خزمەتی ئەو خەباتە بەکاردێنین. ئەوکات لەنێو شۆڕشگێڕان دروستکردنی خێزان دواکەوتوویی بوو.

**ڕووداو: بەڵام تۆ وەک ئافرەتێک حەزت نەدەکرد ببیتە دایک؟**

**گوڵستان:** کچ لەلای ئێمە تەمەنی گەورە دەکرا بۆ ئەوەی زوو بەشوو بدرێ، منیش دوو ساڵ تەمەنم گەورە کرابوو، لە ناسنامە 18 ساڵ بووم، بەڵام بەڕاستی 16 ساڵ بووم. کە سەرخۆبوون لەدایکبوو 17 ساڵان بووم. من بۆ خۆم منداڵ بووم. لەنێو ئەو خەباتەدا مرۆڤ بیر لەوە ناکاتەوە ببێتە دایک، شتی گرنگتر لە دایکایەتی هەبوو. بەرپرسیارێتی گەورە لەسەرشانم بوو، من تینووی ئەفراندن بووم. ئەمەش شتێکی سەیر بوو. ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە، ئەو ئاگرە چی بوو لە دڵی ئێمەدا.

**ڕووداو: کاتێک پزیشک پێیگوتی دووگیانی، کاردانەوەت چی بوو؟**

**گوڵستان:** پزیشکەکە کوردێکی باکوور بوو، کە وای پێگوتم من لە شوێنی خۆم وەستام. شۆک بووم. پێش سەرخۆبوون دووگیان بووم، شڤان گوتی لەباری ببە، لەبارم برد، دەترسام بڵێت ئەوەش لەبار ببە. سەیری ژیانی خۆشم دەکرد، ژیانم یارمەتیدەر نەبوو بۆ دروستکردنی منداڵ.

**ڕووداو: چۆن بە شڤانت گوت؟**

**گوڵستان:** بیرم نایەت چۆن پێمگوت، دوای ماوەیەک هەستم کرد دووگیانم، بۆ کۆنسێرتێک لە بەرلین بووین، لەوێ داوامان لێکرا بچینە

> داوایان لێکردم منداڵەکەم لەناوببەم، بەڵام شڤان ڕازی نەبوو
>
> •
>
> ئێمە بڕیارمان دابوو خۆش نەژین و هەموو شتێکمان بۆ کوردستان بێت

لوبنان بۆ کۆنسێرت. گوتم باشە بەڵام من دووگیانم، چووین بۆ بەیروت، نزیکەی سێ هەفتە مامەوە. هەڤاڵانی دەوروبەرم زانییان دووگیانم، بۆ ئەوان ناخۆش بوو. گوتیان زووە، خەبات پێویستترە، گوتیان منداڵەکە لەبار ببە، بەڵام شڤان ڕازی نەبوو.

**ڕووداو: ئەوکات لە لوبنان شەڕی ناوخۆ هەبوو، ئێوە نەدەترسان؟**

**گوڵستان:** ئێمە ئەوکات ڕوحیەتێکی بەرزی شۆڕشگێڕیمان هەبوو، هەر شتێکیان داوا لێکردباین دەبووایە بیکەین. ئەوە نەبوو بڵێی نەخۆشم، ناتوانم، ئەگەر نەتکردبا ئەوە بە چاوێکی کەم سەیریان دەکردی. ئیدی هەر کارێکیان پێسپاردبام دەمکرد.

**ڕووداو: تێکەڵ بە کوردی لوبنان بوون؟**

**گوڵستان:** بەڵێ، بۆ من وەکو سوورپرایز بوو، من نەمدەزانی ئەوەندە کورد لە لوبنان هەن. ئەوکات نزیکەی 150 — 200 هەزار کورد لەوێ هەبوون. زۆربەشیان لە مێردینەوە چوون بۆ ئەوێ. هەندێکیان لەبەر سەربازی و هەندێکیشیان بەهۆی هەژاری ڕوویان لەوێ کردبوو. ئێمە لەوێ کۆنسێرتێکی گەورەمان کرد.

**ڕووداو: لە بەیروت چەند کۆنسێرتتان کرد؟**

**گوڵستان:** شڤان لەگەڵ ئۆجەلان چوو بۆ کەمپی فەلەستینیان و لەوێ کۆنسێرتێکی ساز کرد، بەڵام من نەچووم، لەبەر ئەوەی هیچ ژنێکی لێنەبوو. شڤان کە گەڕایەوە گوتی گولێ نیوەی سەربازەکانی کەمپی فەلەستینیان سووری بوون. کە من بە کوردی گۆرانیم گوت، هەموویان هاتنە لام و گوتیان ئێمە کوردین. گوتم بۆچی بە کوردی قسە ناکەن. ئەوان گوتیان ئەگەر بزانن کوردین بە چاوێکی کەم سەیرمان دەکەن و پێماندەڵێن ئەکراد.

هەرچەندە ئەوکات شەڕ بوو، بەڵام ئێمە لە سەنتەری بەیروت کۆنسێرتمان کرد، نزیکەی 1000 کەس هاتنە کۆنسێرتەکە. دەلیل دۆغان و هۆزان سەفکان، من و شڤان گۆرانیمان گوت. دوای کۆنسێرتەکە کە خەڵک زانی ئێمە لە بەیروتین، ئیدی کۆبوونەوە دەستیان پێکرد،

> لە بەیروت گوللە تۆپێک بەر خانووەکەمان کەوت
>
> •
>
> بەلای شۆڕشگێڕانەوە دروستکردنی خێزان دواکەوتوویی بوو

خەڵک دەیانگوت شڤان و گوڵستان حیزبێکیان دروستکردووە.

**ڕووداو: لە نزیکەوە شەڕی لوبنانتان بینی؟**

**گوڵستان:** بەڵێ، ئێمە لە خانوویەک دەماینەوە لەسەر دەریا، نزیکەی سێ مانگ لە لوبنان ماینەوە. ڕۆژێکیان ژنێکی کورد هات و مەنجەڵێک دۆڵمەی بۆ هێناین، گوتی ئەمشەو لەم گەڕەکە شەڕ ڕوودەدات، تکایە دەرگا و پەنجەرە بگرن و ڕووناکی بکوژێننەوە. ئێمە بە قسەی ژنەکەمان کرد، هەر کە شەو داهات، ئیدی شەڕ دەستیپێکرد، نزیکەی سەعات 12ی شەو چەکدارەکان هاتە نێو خانووەکەی تەنیشتمان، گرووپەکەی دیکە تەقەیان لێدەکردن و گوللە تۆپێک بەر خانووەکەمان کەوت، ئەوان تاوەکو بەیانی شەڕیان کرد، دوایی دونیا بێدەنگ بوو، منیش چووم لە پەنجەرەوە تەماشای دەرەوە بکەم بزانم چی ڕوویداوە، بینیم ئەو دەوروبەرە هەمووی تەرم بوو. دواتر هاتن تەرمەکانیان بردەوە، ڕەوشەکە ئاسایی بووەوە، وەکو ئەوەی هیچ ڕووینەدابێ.

**ڕووداو: ئەوکاتەی ئێوە لەوێ بوون، پەکەکەش لە لوبنان بوو، ئەوان لەوێ سەرقاڵی چی بوون؟**

**گوڵستان:** ژمارەیەک گرووپی باکوور وەکو ڕزگاری، دەدەکادە، ئاڵای ڕزگاری، پەسەکە، دەنگی کاوە، کۆکجی هەموو لەوێ بوون. چونکە لە تورکیا ڕۆژانە تەنیا لە زانکۆکان 100 کەس دەکوژران، بۆیە زۆربەیان ڕوویان لە لوبنان کردبوو.

### شەهلا قادریان، مۆدێل و نمایشکاری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# جوانییەکەم کێشەی بۆ دروستکردووم



> بەشداری لە فیلمێکی کوردی - فارسیدا دەکەم

بە جوانییەکەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی پڕ کردووە. بەشێکی زۆر لە وێنەکانی بە جلوبەرگی کوردییەوە بڵاودەکاتەوە، دەم نا دەمێکیش بە ڤیدیۆ لەنجە و لارەکانی خۆی نمایش دەکات و ئاوێزانی گۆرانی و میوزیکی کوردی دەکات. شەهلا قادریان، خانمە نمایشکار و مۆدێل کە دانیشتووی شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ناوبانگی هەر تەنیا لە ڕۆژهەڵاتدا نەماوە، بەڵکو بەهۆی جوانییەکەیەوە لە پارچەکانی دیکەش ناوبانگی پەیدا کردووە و دەیان پەیج و ئەکاونت بەناوی ئەوەوە کراونەتەوە. لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی کار و چالاکییەکانی خۆی دەکات.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: لە ئێران کاری نمایشکاری جلوبەرگ بۆ ئافرەتان سەخت نییە؟ چۆن ئەو کارەت هەڵبژارد؟**

**شەهلا:** بێگومان لە ئێران ئەم کارانە زۆر سەختن، لەبەر ئەوەی هیچ ئازادییەک بۆ ئەو جۆرە کارانە نییە، تەنانەت ئەگەر حیجابی کاملیشت هەبێت ئەم کارانە ڕێگەیان پێ نادرێت. وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئێرانیش ئەم کارەی قەدەغە کردووە. هەر کارێکیش کە دەیکەی دەبێت خۆت بیکەی و تاوانەکەشی لە ئەستۆی خۆتە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکەکەش ئەم کارەیان پێ سەیرە. هێشتا بەتەواوەتی لەنێو کولتوور و فەرهەنگی ئێمەدا جێگای نەبووەتەوە، بۆیە هێدی هێدی دەبێت چەند کەسێکی وەکو من ئەو باوەڕە لای خەڵکی بگۆڕن، بۆیە هەتا بڵێی کارکردنی فۆتۆ مۆدێل لە ئێران سەخت و دژوارە.

**ڕووداو: ئەو گیروگرفتانە چین کە ڕووبەڕووی تۆ دەبنەوە؟**

**شەهلا:** گیروگرفت لە کاری ئێمەدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەلێک زۆرن. ئێمە لەلایەک لە دەسەڵاتداران دەترسین و لەلایەکی دیکەوە لە قسەی خەڵکی نیگەرانین. بەشێک لە خەڵکەکەش لەگەڵ ئەو کارەی ئێمە نین، هێشتا لە ئامانج و پەیامی ئەم کارە تێنەگەیشتوون، وادەزانن تەنیا خۆنمایشکردنە، نەخێر بەڵکو ئەمە هونەرێکی مەزنە و دەکرێت سوودی زۆری بۆ کۆمەڵگا هەبێت.

**ڕووداو: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرنگی بە مۆدێل و نمایشکاری دەدرێت؟**

**شەهلا:** نەخێر هیچ گرنگییەک بەم کارە نادرێت، ڕێگەش نادرێت لە شوێنە گشتییەکان کاری مۆدێلینگ بکەی. تەنیا ئەگەر لەنێو کۆمەڵێک خانم ئەم کارە بکەی، واتە زۆر زۆر بەکەمی ئەم کارە لە ڕۆژهەڵات دەکرێ.

**ڕووداو: جگە لە کاری نمایشکاری، هیچ کارێکی دیکەی هونەری دەکەی؟**

**شەهلا:** ئێستا ڕاهێنەری لەشجوانیم. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاهێنەری سەمای فارسیم کە لەنێو هۆڵی تایبەت بەخۆم ئەم کارە دەکەم.

**ڕووداو: لە پارچەکانی دیکەی کوردستان هیچ کار و چالاکییەکت نەبووە؟**

**شەهلا:** بە گەشت و گەڕان چوومەتە باشووری کوردستان، بەڵام هیچ کارێکی هونەریم لەوێ نەکردووە. هەست دەکەم کاری مۆدێل لە باشووری کوردستان ئێستا زۆر بووە، هەرچەندە چەند داواکارییەکم بۆ هاتووە، بەڵام هێشتا بە ترسەوە دەڕوانمە ئەم کارە و کەسیشم لە باشوور نییە هاوکار و یارمەتیدەرم بێت.

> بەناو و وێنەی منەوە زۆر پەیج و ئەکاونت دروستکراون
>
> •
>
> جوانی تارادەیەک بۆ نمایشکار و مۆدێل پێویستە

**ڕووداو: دەتەوێت وەکو کامە نمایشکاری جیهانی بناسرێی؟**

**شەهلا:** بەڕاستی من نامەوێت لە هیچ کەس بچم، حەز دەکەم زیاتر ستایل و شێوازی خۆم هەبێت، هەر پێم خۆشترە بە کارەکانی خۆم بناسرێم. هەردەم هەوڵم داوە لە خەڵکی دیکە جیابم و تەنیا لە خۆم بچم.

**ڕووداو: هەوادارانت دەڵێن زۆر جوان و قەشەنگی، ئەمە کێشەی بۆ دروست نەکردووی؟**

**شەهلا:** من پێموایە هەموو شتێک بەدەستی مرۆڤەکە خۆیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێ لەسەر ئینتەرنێت کە ئێستا هەموو خەڵکی پێوەی سەرقاڵن، بەناو و وێنەی منەوە زۆر پەیج و ئەکاونت دروستکراون و قسە لەگەڵ خەڵکی دەکەن، ئەوە نیگەرانی کردووم، چونکە کێشەی زۆری دروستکردووە و خەڵکیش وا دەزانن منم، بەڵام لێرەوە ڕایدەگەیێنم کە بەقسەی ئەو خەڵکانە نەکەن و وەڵامیان نەدەنەوە.

**ڕووداو: جوانی بۆ نمایشکار پێویستە؟**

**شەهلا:** جوانی تاڕادەیەک بۆ نمایشکار پێویستە، چونکە کاری مۆدێلینگ بە جوانییەوە دەتوانێت پەیامەکانی خۆی بگەیەنێ و سەرنجی بەرامبەر ڕابکێشێ، بۆیە ئەگەر جوانی لە کاری نمایشکاری و مۆدێلدا هەبێت، زیاتر سەرکەوتوو دەبێ.

**ڕووداو: نمایشکاران زۆرجار سەرنجی دەرهێنەران ڕادەکێشن، هیچ دەرهێنەرێک داوای لێنەکردووی لە فیلم و دراماکانیدا بەشدار بی؟**

**شەهلا:** بەڵێ داواکاریی یەکجار زۆرم بۆ هاتووە، بڕیارە لە کاتێکی نزیکدا بەشداری لە فیلمێکی هاوبەشی کوردی فارسی لە تاران بکەم.

> لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاری مۆدێل و نمایشکاری زۆر سەختە




Family Mall
Shopping & Entertainment Center
Erbil
Family Mall
Carrefour
hi!
EMPIRE CINEMA
KFC sogood
LC WAIKIKI
Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder
حليب

ژنان
ڕووداو
ژمارە (490) - دووشەممە 2018/1/22

## ژن و پیاوێک دەکوژرێن

**ڕووداو- هەولێر**

شەوی 2018/1/18 لە گوندی سێبەردان لە شارۆچکەی کەسنەزان ژن و مێردێک کوژران، پۆلیس دەڵێن ژن و مێردەکە لە خەودا و لە ماڵەکەی خۆیاندا کوژراون و بەگوللە لەسەریان دراوە. هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "شەوی 2018/1/18 کەسێک هەڵدەکوتێتە سەر ماڵێک لە گوندی سێبەردانی شارۆچکەی کەسنەزان و ژن و مێردێک دەکوژێت کە چوار مانگە هاوسەرگیرییان کردووە. گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەشڵێت، پێشتر پیاوەکە ژنێکی دیکەی هەبووە و لەو ژنە خاوەنی دوو کچە، بەڵام بەهۆی کێشەیەکەوە لەیەکدی جیابوونەتەوە، دوای چوار مانگ ئەو ژنەی هێناوە و لەکاتی ڕووداوەکەش هەردوو منداڵەکە لە ماڵەوەبوون و ئاگاداری چۆنیەتی ڕووداوەکە بوون.



# ژنانی شەڕڤان دەبنە "ماری سوور"

**ڕووداو- هەولێر**

کارۆلین فورێست، ڕۆژنامەنووس و دەرهێنەری فیلمی بەڵگەنامەیی و فێمینیستی بەناوبانگی فەرەنسی، سەرقاڵی دەرهێنانی یەکەم فیلمی درامایی و ئەکشنی خۆیەتی کە باس لە بەتالیۆنێکی ئافرەتە شەڕڤانەکان و خۆبەخشە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکات.

داعش خەریکە بە تەواوی کۆتایی دێ، بەڵام ئەوانەی بەهۆی داعشەوە جا چ بە ئازاردانیان لەلایەن داعشەوە، یان بەرەنگاربوونەوەیان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەدا، ناوبانگیان بە جیهاندا بڵاوبووەوە، خەریکە دەبنە مەتریاڵێکی گرنگ بۆ ڕۆژنامەڤانان و دەرهێنەرانی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکان.

فیلمی "ماری سوور" نوێترین کاری کارۆلین فورێستە کە لەسەر بنەمای چیرۆکی ڕاستەقینە داڕێژراوە. چیرۆکی فیلمەکە بەشێوەیەکی سەرەکی لە دەوری ڕووداوەکانی ئافرەتێکی کوردی ئێزدی بەناوی زارا دەسووڕێتەوە کە لەلایەن داعشەوە ڕفێنراوە و وەکوو کۆیلە بە چەکدارێکی داعش فرۆشراوە. بەپێی چیرۆکی فیلمەکە، زارا دواجار دەتوانێت لەدەست چەکدارانی داعش ڕابکات و بێتە ناو بەتالیۆنێک کە تەنیا لە ئافرەتی شەڕڤانی خۆبەخش پێکهاتووە. بەتالیۆنەکە ناوی "فیرقەی مار"ە و لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهانەوە شەڕڤانی تێدایە.

زارا، کاراکتەری سەرەکی فیلمەکە، لەو ماوەیەدا لەگەڵ ژمارەیەک ئافرەتی دیکەی خەڵکی وڵاتی جیاواز ئاشنا دەبێت، لەوانەش لینا، کێنزا، فەرەنسییەکی بەڕەچەڵەک جەزائیری، کلاریس، ئەمریکییەکی ڕەشپێستی ناسراو بە "نیشانشکێنی ئەمریکی" و یاڵ کە ئافرەتێکی فەرەنسی بەڕەچەڵەک ئیسرائیلییە و پەرستاری بەتالیۆنی مارە.

ئافرەتەکان پێشینە و چیرۆکی جیاوازیان هەیە، بەڵام هەموویان یەک ئامانجیان هەیە، ئەویش تێکشکاندنی گرووپێکی دڕندەیە کە دەستی لە دەستدرێژی و بە کۆیلەکردن و کوشتنی ئافرەت و گەنجانی ناوچەکەدا هەیە. لە فیلمەکەدا زارا و هاوسەنگەرەکانی دەتوانن ترس بخەنە دڵی چەکدارانی داعشەوە، لە کاتێکدا چەکدارەکانی داعش پێیانوایە ئەگەر بەدەست ئافرەتێک بکوژرێن بەهەشتیان بەقسمەت نابێت.

لە فیلمەکەدا ژمارەیەک ئەکتەری تازەپێگەیشتووی بەناوبانگی جیهانی ڕۆڵ دەبینن، لەوانەش دیلان گوین، کامێلیا جۆردانا، یاسمین ترینکا، ڕەزان جەمال، مارک ڕایدەر، گولشیفتە فەراهانی کە ئەمەی دوایی ئەکتەرێکی ئافرەتی ئێرانییە و لە ترسی دەسەڵاتدارانی ئێران ناچار بوو ئەو وڵاتە جێبهێڵێ.

کارۆلین لەسەر لاپەڕەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر وێڕای پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکە، نووسیویەتی "بە شانازییەوە (دەرهێنانی) فیلمی ماری سوور ڕادەگەیەنم. پاش 12 فیلمی بەڵگەنامەیی، ئەمە یەکەمین کاری چیرۆکئامێزمە. ئەم فیلمە وەکوو ڕێزلێنانێک پێشکەشە بە شەڕڤانە ئافرەتەکانی کورد و خۆبەخشە نێودەوڵەتییەکان کە دوایین شەڕی جیهانییان بۆ ئێمە بردەوە. ئەمە داستانێکە کە تێیدا ڕێز لە هێزی ئافرەتان دەنرێت و ئەکتەری چاکیش ڕۆڵی تێدا دەبینن".



> ئەو ئافرەتانە دوایین جەنگی جیهانیان بۆ ئێمە بردەوە
>
> دەرهێنەری فیلمەکە

فۆرێست لە تەمەنی کاری ڕۆژنامەڤانی و دەرهێنەریی خۆیدا 21 فیلمی بەڵگەنامەیی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرهەمهێناوە. بیرۆکەی فیلمی "ماری سوور"یش لەدوای هێرشەکانی کانوونی دووەمی 2015 بۆ سەر بارەگای گۆڤاری شارلی ئیبدۆ، لای گەڵاڵە بووە. سیناریۆی فیلمەکە لەسەر بنەمای دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ دەیان ئافرەتی کوردی ئێزدی ڕزگاربووی دەستی داعش و شەڕڤان و پێشمەرگە ئامادەکراوە.

دەرهێنەری فیلمەکە بە گۆڤاری (ڤەرایەتی)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە "سەرسام بووم بە هەموو ئەو ئافرەتانەی خۆبەخشانە لە ناوچە جیاجیاکانی جیهانەوە هاتبوونە نێو بەرخۆدانی کوردان لە دژی داعش، سەرسام بووم بەوەی ئەو خوشکانە قەبووڵیان نییە وەکوو قوربانی سەیر بکرێن، بەڵکو دەست دەکەنەوە".

فورێست کە 1975 لە ئایز ئێنپرۆڤینسی فەرەنسا لەدایکبووە و دەرچووی بەشی زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسا، چەندین خەڵاتی بۆ بەرهەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وەرگرتووە، لەوانەش خەڵاتی لائیسیتێ (عەلمانییەت) لە ساڵی 2005 و خەڵاتی "کتێبی سیاسی ساڵ" لە ساڵی 2006. وەکوو خۆیشی دەڵێت "فیلمەکە لەبارەی هێزی ئافرەتانەوەیە، بە بڕوای من ئەو فیلمە شتێک لە کۆمەڵگاکەی ئێمەدا دەجووڵێنێ".

فیلمەکە بەهەر چوار زمانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و فەرەنسی ئامادە دەکرێت. بەپێی ئەو ستافە پرۆفێشناڵەش کە کاری تێدا دەکەن، چاوەڕێ دەکرێت لەڕووی ستانداردی بەرهەمهێنانەوە لە ئاستێکی بەرزدا بێت. بە گوتەی فورێست فیلمەکە ئەکشنێکی سیاسی دەبێت کە تێیدا کاراکتەری ئافرەتی بەهێز بەشدار دەبن، چاوەڕێش دەکرێت دیمەنی شەڕ و پێکدادانەکان سەرنجی بینەرێکی زۆر لە جیهان ڕابکێشێ. بە گوێرەی گۆڤاری (ڤەرایەتی)، وێنەگرتنی فیلمەکە لە مانگی شوباتی ئەمساڵ دەستپێدەکات.



مانگی داهاتوو دەست بە وێنەگرتنی فیلمی (ماری سوور) دەکرێت

## خێزانە بچووکەکان زوو لێکهەڵدەوەشێنەوە

# 22 هەزار کەس لە دەرەوەی دادگاکانی کوردستان ژنی دووەمیان مارە کردووە

**سەرباز سیامەند**
**ڕووداو- هەولێر**

ئامارەکانی ئەنجوومەنی دادوەری دەریانخستووە زۆربەی زۆری حاڵەتەکانی تەڵاق و جیابوونەوە، لەنێو ئەو خێزانانە تۆمارکراوە کە تەمەنێکی کەمیان هەیە و تەمەنیان لە نێوان 15 تاوەکو 30 ساڵاندا بووە.

بەپێی ئامارەکانی ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی حەوت ساڵ و شەش مانگدا، واتە لە 2010/1/1 تاوەکو 2017/6/30 لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان، 331 هەزار و 540 گرێبەستی هاوسەرگیری تۆمارکراون، لە بەرامبەریشدا 46 هەزار و 488 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە ڕوویداوە. زۆربەی حاڵەتەکانی جیابوونەوەش لەنێو ئەو هاوژینانەدا بووە کە تەمەنیان لە نێوان 15 تاوەکو 30 ساڵاندا بووە.

دوای هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی و دەرچوواندنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی، هێنانی زیاتر لە ژنێک زۆر سنووردار کراوە، بەڵام بەپێی ئامارەکەی ئەنجوومەنی دادوەری لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا 910 کەس بە یاسایی ژنی دووەم یان سێیەم یان چوارەمیان هێناوە. هەر لەو ماوەیەدا 22 هەزار و 873 مارەبڕینی دەرەکیش لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراون، ئەو مارەبڕینە دەرەکییانە هێنانی ژنی دووەم و سێیەم و چوارەم بووە. ئەو گرێبەستانە لە دادگاکانی شارەکانی عێراق و ناوچە کێشە لەسەرەکان تۆمارکراون و دواتر لەلایەن دادگاکانی کوردستانەوە پەسەندکراون.

### ڕۆژانە 121 خێزان پێکەوە دەنرێ

بەپێی ئامارەکەی ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی حەوت ساڵ و شەش مانگی یەکەمی 2017دا، 331 هەزار و 450 گرێبەستی هاوسەرگیری لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراون، واتە ڕۆژانە 121 خێزانی نوێ لە کوردستان پێکدەهێنرێ.

بەپێی ئامارەکە لەو ماوەیەدا زۆرترین گرێبەستی هاوسەرگیری لە دادگاکانی سنووری پارێزگای هەولێر تۆمارکراون کە 128 هەزار و 644 گرێبەست بووە، هەروەها لە پارێزگای سلێمانی 93 هەزار و 878 گرێبەست و لە پارێزگای دهۆکیش 82 هەزار و 747 گرێبەست تۆمارکراون. کەمترین گرێبەستیش لە دادگاکانی کەرکووک/ گەرمیان بووە کە 26 هەزار و 281 گرێبەست بووە.

موقەدەمی مافپەروەر ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە پارێزگای هەولێر پێشتر ئاماژەی بەوە کردبوو کە ساڵ بە ساڵ ئاماری گرێبەستەکانی هاوسەرگیری دادەبەزن، هۆکارەکەشی بۆ "قەیرانی دارایی، ناسەقامگیریی دۆخی سیاسی، بێکاری و ڕاگرتنی پێشینەکانی هاوسەرگیری و خانووبەرە" گەڕاندبووەوە.

بەبڕوای موقەدەم ژیلەمۆ ئەگەر دابەزینی ئاماری مارەبڕین بەردەوام بێ، لەداهاتوودا لێکەوتەی زۆر خراپی دەبێ، چونکە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان، هەروەها کێشەی کۆمەڵایەتیش زۆرتر دەبن.

> **هۆکارەکانی تەڵاق و جیابوونەوە:**
> - نەگونجان
> - باری ئابووری
> - خیانەتی هاوژینی
> - داواکردنی ماڵی سەربەخۆ
> - خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان
> - جیاوازیی تەمەن
> - نەخۆشی
> - هێنانی ژنی دووەم

### پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی

لە ئامارەکانی حەوت ساڵی ئەنجوومەنی دادوەریدا ئاماژە بە مارەبڕینی دەرەکیش کراوە کە 22 هەزار و 873 حاڵەت بووە، واتە ئەو مارەبڕینانە لە دەرەوەی دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراون، دواتر لە هەرێمی کوردستان پەسەندکراون.

بە گوێرەی ئامارەکە زۆرترین مارەبڕینی دەرەکی لە سنووری هەولێر تۆمارکراوە کە 9 هەزار و 508 حاڵەت بووە، پارێزگای دهۆک بە 6 هەزار و 187 حاڵەت و پارێزگای سلێمانی بە 5 هەزار و 867 حاڵەت بە پلەی دووەم و سێیەم دێن، کەمترین مارەبڕینی دەرەکیش لە کەرکوک/ گەرمیان بووە کە تەنیا هەزار و 311 حاڵەت بووە.

ئامارەکەی ئەنجوومەنی دادوەری ئاماژەی بە ژمارەی ئەو کەسانەش داوە کە لەو ماوەیەدا زیاتر لە ژنێکیان هێناوە. بەپێی ئامارەکە لە ساڵی 2010 تاوەکو 2016، 891 پیاو لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان ڕێگەیان پێدراوە ژنی دووەم یان سێیەم یان چوارەم بهێنن. بەپێی ئامارەکە لەو جۆرە ژنهێنانەدا پشکی شێر بەر پارێزگای سلێمانی کەوتووە کە 336 پیاو ژنی دووەمیان هێناوە، دوای ئەویش هەولێر بە 278 حاڵەت و کەرکووک/ گەرمیان بە 204 حاڵەت و دهۆک بە 92 حاڵەت بە پلەی دووەم و سێیەم و چوارەم دێن.

هەر بەپێی داتاکانی ئەنجوومەنی دادوەری لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا، 19 گرێبەستی هێنانی ژنی دووەم لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراون.

### تەڵاق و جیابوونەوە

هەرچی پەیوەندیدارە بەتەڵاق و جیابوونەوە، لە ماوەی حەوت ساڵ و شەش مانگی یەکەمی 2017 دا بە گشتی 46 هەزار و 488 حاڵەت تۆمارکراوە، زۆربەی حاڵەتەکانی تەڵاق و جیابوونەوە لە پارێزگای هەولێر بووە کە 18 هەزار و 881 حاڵەت بووە، بەڵام دهۆک کەمترین حاڵەتی تۆمار کردووە کە 8 هەزار و 488 حاڵەت بووە. لە پارێزگای سلێمانی 17 هەزار و 75 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە تۆمارکراوە. لە دادگاکانی کەرکووک/ گەرمیانیش سێ هەزار و 55 حاڵەت تۆمارکراون.

ژیلەمۆ عەبدولقادر ئاماژە بە هۆکارەکانی تەڵاق و جیابوونەوە و تەمەنی جیابووەوەکان دەکات و دەڵێت "زۆربەی ئەوانەی جیادەبنەوە تەمەنیان لە نێوان 15 بۆ 25 ساڵانە، هۆکارەکەشیان نەگونجان، کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، داوێنپیسی، داواکردنی ماڵی سەربەخۆ، خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، جیاوازیی تەمەن، نەخۆشی و هێنانی ژنی دووەمە".

بە گوتەی ژیلەمۆ عەبدولقادر زۆربەی ئەوانەی جیادەبنەوە، هۆکاری ڕاستەقینەی جیابوونەوەکە لە دادوەر دەشارنەوە و دەڵێن لەگەڵ یەکدی ناگونجێن، بۆیە لە داتای دادگاکاندا پشکی شێر بەر ئەو هۆکارە کەوتووە "بەڵام بەپێی بەدوادچوونەکانی ئێمە بۆ ئەو دۆسیانەی دێنە لامان، لایەنی ئابووری هۆکاری سەرەکیی زۆربەی تەڵاق و جیابوونەوەکانە".

**هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە داتای حەوت ساڵی ئەنجوومەنی دادوەریدا**

| | |
|---|---|
| 331540 | گرێبەستی هاوسەرگیری |
| 46488 | حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە |
| 910 کەس | بە یاسایی پتر لە ژنێکیان هێناوە |
| 22873 | مارەبڕین لە دەرەوەی دادگاکانی کوردستان |





## پێشمەرگەیەک خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- سۆران**

پێشمەرگەیەکی تەمەن 21 ساڵ لە قەزای سۆران بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ڕائید هاوار ئەرگوشی، گوتەبێژی پۆلیسی سۆران بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژی 2018/1/20، لە ڕووداوێک لە گوندی هاودیانی سەر بە قەزای سۆران ئاگادارکراینەوە، دوای گەیشتنی تیمێکی پۆلیس دەرکەوت گەنجێک بەناوی (م.ه.م) خۆی کوشتووە". گوتەبێژی پۆلیسی سۆران گوتیشی گەنجەکە تەمەنی 21 ساڵە و پێشمەرگەی زێرەڤانی بووە، خێزاندار بووە. هاوار ئەرگوشی لەسەر زاری کەسوکاری پێشمەرگەکە ڕاشیگەیاند: "پێشمەرگەکە خۆی گوللەیەکی لەسەری خۆی داوە و هیچ کێشەیەکی دیاریکراویشی نەبووە".



ژیلەمۆ عەبدولقادر

موقەدەمی مافپەروەر

## ژن و مێردێکی کەللەڕەق

ژن و پیاوێک سکاڵایان لەسەر یەکدی هەبوو، ژنەکە دەیگوت مێردەکەم ئەشکەنجەی داوم، پیاوەکەش دەیگوت ئەویش دەستی خۆی وەشاندووە و لێیداوە. ناکۆکیی نێوان ئەو ژن و پیاوە گەیشتبووە ئاستێک تەنانەت لێژنەی ئاشتەواییش نەیتوانی کۆتایی بە کێشەکەیان بهێنێ و بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە.

سەرەتا ئافرەتەکە سەردانی کردین و لەگەڵ خۆی ڕاپۆرتێکی پزیشکیی هێنابوو، بەپێی ڕاپۆرتەکە ژنەکە لێیدرابوو، ژنەکە دەیگوت مێردەکەی لێیداوە. کاتێک دۆسیەکەی ڕەوانەی بەردەم دادوەر کرا، دادوەر بڕیاری دا بەپێی ماددە حەوت لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بانگی پیاوەکە بکرێ و قسەی لەگەڵ بکرێ.

کاتێک پیاوەکە ئامادەبوو، ئەویش باسی ئەوەی کرد کە لەلایەن ژنەکەیەوە لێیدراوە، پیاوەکە باسی کێشەی نێوان خۆی و ژنەکەی کرد و گوتی: "هەموو کێشەی ئەو ژنە لەگەڵ من لەسەر ئەوەیە کە بڕوانامەکەی لەوەی من بەرزترە، وەزیفەیەکی باشی هەیە، خۆی لەمن بە گەورەتر دەزانێ، بۆیە بەردەوام شەڕم پێدەفرۆشێ. ئەو ژنە خزمی خۆمە، کاتێک چوومە خوازبێنی، ڕازی بوو شووم پێبکات، واتە بە زۆر هاوسەرگیری نەکردووە، تەنانەت لەکاتی مارەکردندا داوای مارەییەکی زۆری کرد، منیش ڕازی بووم. ئێستا بە هەموو جۆرێک دژایەتی ماڵی باوکم دەکات. ناهێڵێ منداڵەکانم بچنە ماڵی باوکم، بەڵام زوو زوو دەیانبات بۆ ماڵی باوکی خۆی. کەسوکارەکەم لەبەر ژنەکەم هاتوچۆم ناکەن، ژنەکەم زۆر ئیستیفزازم دەکات. هەرچەندە دایکم و باوکم دەڵێن کوڕم خۆت بگونجێنە خەمی ئێمەت نەبێ، بەڵام من دەزانم ئەوان چەند منداڵەکانی منیان خۆشدەوێ، کەچی لەبەر ژنەکەم ناوێرم بیانبەم بۆ لایان".

ئەو پیاوە درێژە بە گێڕانەوەکەی دەدات و دەڵێت: "من ناتوانم تەڵاقی بدەم، چونکە دەبێ هەقە مارەییەکەی بدەم کە زۆر زۆرە. دوایینجار زۆر زۆر ئیستفزازی کردم، جنێوی پێدام، بوو بە شەڕمان، من لێم دا، بەڵام ئەویش لە منی دا".

دۆسیەکەیان بەدوو ڕاپۆرتی پزیشکییەوە کە یەکێکیان هی پیاوەکە بوو، یەکێکیشیان هی ژنەکە، ڕەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە کرا، دادوەریش بڕیاری ئازادکردنی پیاوەکەی دا، چونکە ئەویش سکاڵای تۆمار کردبوو. پاشان هەردووکیان ڕەوانەی لێژنەی ئاشتەوایی کرد، هەرچەندە لێژنەی ئاشتەوایی زۆر هەوڵی لەگەڵ دان و لایەنی یاسایی و کۆمەڵایەتی و خێزانی کێشەکەی بۆ ڕوونکردنەوە، بەڵام بەهۆی کەللەڕەقی و بەرقداچوونی ژن و مێردەکە، هەوڵی ئاشتەوایی هیچی لێ سەوز نەبوو، بۆیە ژن و مێردەکە بەبێ چارەسەرکردنی کێشەکەیان گەڕانەوە ماڵەوە و دۆسیەکەیان ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند کرا.

بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، ژنەکە و پیاوەکە هەردووکیان تۆمەتبارن. ژنەکە بەهۆی ئەوەی پەیوەندی خزمایەتی بڕیوە، پیاوەکەش بەهۆی ئەوەی توندوتیژی بەرامبەر ژنەکەی بەکارهێناوە و لێیداوە. بەپێی ماددەی حەوت لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانیش سزاکەیان بریتییە لە "هەر کەسێک توندوتیژییەکی خێزانی بکات، بۆ ماوەیەک بەند دەکرێ کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە سێ ساڵیش زیاتر نەبێ. هەروەها بە بڕە پارەیەک غەرامە دەکرێ کە لە یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ، یان بە یەکێک لەو دوو سزایە".

# تەرمی ئافرەتێکی گوللەبارانکراو دەدۆزرێتەوە

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- کۆیە**

لە نیوەشەودا ژمارەیەکی نەناسراو تەلەفۆن بۆ پۆلیسی کۆیە دەکات، کەسەکە خۆی بە شوان دەناسێنێ و لە هەوڵی کوشتنی ئافرەتێک ئاگاداریان دەکاتەوە و شوێنی ڕووداوەکەشیان پێدەڵێ. بەڵام تا پۆلیس دەگەنە شوێنەکە، کارلەکار ترازابوو. مەفرەزەیەکی پۆلیس هەر بەو شەوە دەچنە ناوچەی شاخە پیسکە، دوای گەڕانێکی زۆر تەرمی ژنێک دەدۆزنەوە کە بە چەند گوللەیەک کوژرابوو.

تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، تەرمەکە وەکو تەرمی نەناسراو لەلای پۆلیس تۆمار کراوە، چونکە هیچ ناسنامە و بەڵگەنامەیەک لە شوێنی تاوانەکە یان لە نێو جلوبەرگی قوربانییەکە نەدۆزراوەتەوە، هەر بۆیە تەرمەکە یەکسەر بۆ پەیمانگەی دادپزیشکی لە شاری هەولێر نێردرا، بۆ ئەوەی پشکنین و توێکاری بۆ بکرێ.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کەسە نەناسراوەکە کاژێر 11ی شەوی 2018/1/20 تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کردووە، هەر ئەو شەوە پۆلیسی کۆیە و بنکەی پۆلیسی ناحیەی دێگەڵە و بنکەی ئاسایش تا بەرەبەیانی ڕۆژی 2018/1/21 لە گەڕان و سووڕاندا بوون لە نێوان گوندی گۆمەشین و شاخەپیسکە، دواتر پۆلیسی کۆیە لە نزیک گوندی شاخەپیسکە تەرمەکەی دۆزییەوە.

عەقید شۆڕش کاکە فەتحوڵڵا، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای کۆیە بە (ڕووداو)ی گوت: "کاژێر 11ی شەو بوو کەسێک تەلەفۆنی کرد گوتی من شوانم و دەمەوێت هەواڵێکتان پێ ڕابگەیەنم، ئێستا لە شوێنێکم گوێم لە دەنگی ئافرەتێک بوو هاواری دەکرد، دواتر دەنگی چەند گوللەیەک هات، پێدەچێ ژنەکەیان کوشتبێ".

ئەگەرچی پۆلیس زۆر هەوڵی لەگەڵ کەسە نەناسراوەکە دا کە خۆی بناسێنێ، بەڵام خۆی نەناساند و تەلەفۆنەکەی داخستەوە، ئێستاش ژمارەکەی داخراوە.



ئافرەتەکە چوار گوللەی دەمانچەی لە پشتەوەڕا لێدرابوو

عەقید شۆڕش دەڵێت "پێمانگوت تۆ کێیت، تەنیا گوتی من شوانم، داوای زانیاری زیاترم لێی کرد، بەڵام هیچی دیکەی نەگوت و تەلەفۆنەکەی داخست".

هەر ئەو شەوە پۆلیس دادوەر لە ڕووداوەکە ئاگادار دەکاتەوە، ئەویش مۆڵەتیان دەداتێ بەدوای سەرچاوەی قسەی هەواڵدەرەکەدا بچن. هەر بەو شەوە پۆلیس دەست بە گەڕان دەکەن.

شۆڕش کاکە زانیاری زیاتری لەبارەی تەرمەکە بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی: "بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان، ژنەکە تەمەنی نزیکەی 20 ساڵ دەبێ، هیچ ناسنامەیەکی پێ نەبوو، هەر بە جلی ماڵەوە هێنراوەتە دەرەوە، ماکسییەک و پاڵتۆیەکی سپی لەبەر بوو، نەعلێکی پەمەیی لەپێدابوو. هەروەها لەسەر قۆڵی تاتۆیەک هەبوو کە ناوی کەسێکە بەناوی (قانیع)، تەرمەکە لەنێو چەند تاشەبەردێک کەوتبوو".

سەبارەت بە بکەرانی تاوانەکەش، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای کۆیە گوتی: "زیاتر لە کەسێک تاوانەکەی ئەنجام داوە. بەپێی ئەو هێڵکارییەی بۆ شوێنی ڕووداوەکە کراوە، تۆمەتبارەکان بە ئۆتۆمبێلی بچووک هاتوونەتە ئەو شوێنە". هەروەها گوتی: "لە شوێنی ڕووداوەکە چوار قەوانی گوللەی دەمانچە دۆزراونەتەوە، واتە تاوانەکە هەر لەو شوێنە کراوە کە تەرمەکەی لێ دۆزراوەتەوە، گوللەکانیش لە نزیکەوە و لە پشتەوەڕا لە ئافرەتەکە دراون.

پۆلیس گومان دەکات کە ئەو ئافرەتە بە ناوی "پاراستنی شەرەف" کوژرابێ. هەروەها دەڵێت: بەپێی لێکۆڵینەوەکان ماوەی کوژرانی ئافرەتەکە و دۆزینەوەی تەرمەکەی، 12 کاژێر نێوانیانە، ئەمەش گومانی لەلای پۆلیس دروستکردووە کە ئەو کەسەی تەلەفۆنی کردووە، یەکێک بێ لە ئەنجامدەرانی تاوانەکە، چونکە کەسە نەناسراوەکە کاژێر 11ی شەو تەلەفۆنی کردووە و تەرمەکەش لە بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر دۆزراوەتەوە. عەقید شۆڕش پێیوایە ئەوانەی ئەو ئافرەتەیان کوشتووە، پێناچێ خەڵکی ناوچەکە بن.

بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە دەڵێت دوای ڕووداوەکە دۆسیەیان بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە، تەرمی ئافرەتەکەشیان بە مەبەستی پشکنین ناردووە بۆ پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێر. گوتیشی "ئەمساڵ ئەوە یەکەمین تاوانی کوشتنە لە سنوورەکەمان ڕوودەدات، تاوەکو ئێستاش کەس لەسەر ئەو تاوانە دەستگیر نەکراوە و کەسیش سکاڵای تۆمار نەکردووە".

لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا ئەوە دووەمین تەرمی نەناسراوی ئافرەتانە لە سنووری قەزای کۆیە دەدۆزرێتەوە. ئێوارەی ڕۆژی 2017/7/24 لە نێوان هەردوو گوندی جەلی و گوندی هیزۆپی بچووک لە نزیک کۆیە، تەرمی ئافرەتێک لەنێو زەویی جووتیارێکدا دۆزرایەوە کە بە دوو گوللە کوژرابوو. سەرەتا پیاوێکی دانیشتووی هەولێر کە لە کاتی دۆزینەوەی تەرمەکە، هاوژینەکەی ون بووبوو، خۆی کرد بە خاوەنی تەرمەکە، بەڵام دواتر هاوژینەکەی پەیدا بووەوە.

ئەوکات عەقید شۆڕش لەبارەی تاوانەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی لێکۆڵینەوەکان ئەو ئافرەتە کە تەمەنی نزیکەی 20 ساڵ دەبێ، منداڵێکی تەمەن نزیکەی دوو ساڵان و دوو کەسی دیکەی لەگەڵ بووە، پانتۆڵێکی منداڵەکە لە شوێنی تاوانەکە بەجێماوە، هەروەها کەرەستەی خواردنی سێ کەس لە شوێنەکە هەبووە. دوو بەتانیش لە شوێنەکە ڕاخرابوون".

هەروەها گوتبووی: "ئەو ئافرەتە بە دوو گوللەی دەمانچە کوژراوە، گوللەیەک لە پشتەوە لە کەللەی سەری دراوە، گوللەی دووەمیشیان لە پشتی دراوە، فیشەکێکی نەتەقیویش لەوێ دۆزراوەتەوە".

سەنگەر ئەحمەد، لێپرسراوی نووسینگەی مافی مرۆڤ لە قەزای کۆیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئاگاداری دۆزینەوەی تەرمەکەی گوندی شاخەپیسکەی سەر بە ناحیەی دێگەڵەن و لێژنەیەکیان بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکە دروستکردووە.

## پۆلیسی کۆیە

### ئەو کەسەی هەواڵەکەی پێدان پێدەچێ خۆی یەکێک بێ لە تۆمەتبارەکان

# هاوژینەکەی لەپێش خانەی بەساڵاچووان فڕێ دا

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

لەنێوان شێخان، تەلعەفەر، کەرکووک و هەولێر، دواجار فەریدە خۆی لە خانەی بەساڵاچووان بینییەوە. فەریدە چیدی لە دەرگای خانەکە ناڕوانێ، چونکە بینایی لەدەستداوە، بەڵکو گوێی هەڵخستووە بۆ دەنگی هاوژینەکەی یان براکانی، هەر هیچ نەبێ زڕکوڕەکەی کە بەهۆی ئەوەوە کەوتە خانەی بەساڵاچووان.

فەریدە خەلیل، تەمەن 55 ساڵ، لەسەر یەکێک لە قەرەوێڵەکانی خانەی بەساڵاچووانی هەولێر دانیشتووە و شەکوای حاڵی خۆی بۆ (ڕووداو) دەکات، ئەو لە بنەڕەتدا خەڵکی تەلعەفەرە، شووی بە مەلایەک کردووە لە قەزای شێخان، نەهامەتییەکانی فەریدە ئەو کاتە دەستپێدەکەن کە شوو بە مەلا حەمید دەکات.

فەریدە گوتی: "شووم بە مەلا حەمید کرد کە تەمەنی نزیکەی 90 ساڵ دەبێ، دوای ئەوەی چاوی بە من کەوت عاشقم بوو، هاتە خوازبێنیم، منیش شووم پێکرد. ئەو پێشتر ژنی هەبوو، بەڵام مردبوو".

فەریدە حەوت ساڵ ژیانی لەگەڵ مەلا حەمید بەبێ کێشە بەڕێدەکات، بەڵام تووشی شەکرە دەبێ، بەو هۆیەوە بینایی لەدەست دەدات و بەهۆی ئاڵۆزبوونی نەخۆشییەکەشی، قاچێکی دەبڕنەوە.

فەریدە گوتی: "لەگەڵ هاوژینەکەم هیچ کێشەم نەبوو، بەڵام کوڕەکەی گوشاری بۆ هێنا کە من دەربکات، تەنانەت هەڕەشەی لێکرد کە ئەگەر من تەڵاق نەدات، ئەوە دەیکوژێ، بۆیە ئەویش ناچاربوو بە زارەکی تەڵاقم بدات".

گوتیشی: "مەلا حەمید پێیگوتم زۆرم خۆشدەوێی، بەڵام لە ترسی کوڕەکەم ناچارم تەڵاقت بدەم".

فەریدە لە دادگا گرێبەستی هاوسەرگیری نییە، هەر بۆیە نەیتوانیوە پەنا بۆ دادگا ببات، تاکە شوێنیش شکی ببات، ماڵی براکەی بووە لە کەرکووک کە مەلای یەکێک لە مزگەوتەکانی ئەو شارەیە.

فەریدە گوتی "ڕۆژی 2017/2/11 مەلا حەمید لەگەڵ کوڕەکەی منی برد بۆ لای براکەم لە کەرکووک، لەوێ بە براکەمی گوت: من فەریدەم تەڵاقداوە. ئیدی منیان لەوێ بەجێهێشت و ڕۆیشتن".

بەڵام براکەشی پشتی تێکرد، وەک فەریدە دەڵێت، براکەی هەر دەمودەست پێیگوت تۆ نەخۆشی و کەس ناتوانێ خزمەتت بکات، بۆیە دەینێرێ بۆ خانەی بەساڵاچووان.

فەریدە دەڵێ: "بەیانییەک براکەم تاکسییەکی هێنایە بەردەرگا و منیان خستە نێو تاکسییەکە. شوفێری تاکسییەکە منی هێنایە هەولێر و لەبەردەم خانەی بەساڵاچووان جێیهێشتم. لەبەرامبەردا 200 دۆلاری لە براکەم وەرگرت".

فەریدە کە بە گوتەی خۆی هەشت خوشک و برای هەیە، لە ماوەی ئەو 10 مانگەی لە خانەکەیە، هیچیان سەردانیان نەکردووە، تەنیا هاوژینەکەی نەبێ کە هەرچەندە تەڵاقیشی داوە، بەڵام جاروبار سەردانی دەکات.

ئێستا نزیکەی 80 بەساڵاچوو لە خانەی بەساڵاچووانی هەولێرن کە فەریدە یەکێکیانە. ئامانج عومەر کە توێژەرە لە خانەی بەساڵاچووانی هەولێر، باسی مەرج و ڕێنماییەکانی وەرگرتنی بەساڵاچووان دەکات و دەڵێت: "هەر بەساڵاچوویەک دانیشتووی شارەکانی هەرێمی کوردستان، یان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بێ، لە خانەکە وەردەگیرێ، بەو مەرجەی ڕەگەزی نێر لە 60 ساڵ زیاتر نەبێ و ڕەگەزی مێ لە 55 ساڵ زیاتر نەبێ".

بەڵام ئامانج عومەر دەڵێت ئەوانەی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دێن، کێشەیان زۆرە، چونکە کەس سەردانیان ناکات.

ئامانج باسی کێشەی فەریدەی کرد و گوتی "هاوژینەکەی فەریدە ماڵ و موڵکێکی زۆری هەیە، ئەگەر بمردایە ئەوە بەشێکی بۆ فەریدە دەبوو، بۆیە کوڕەکەی ناچاری کردووە فەریدە تەڵاق بدات، بۆ ئەوەی هەموو میراتەکە بۆ خۆی بێ".

کارمەندانی خانەکە زۆر پەسنی فەریدە دەدەن و دەڵێن ئافرەتێکی تا بڵێی هێمن و بێدەنگە و هیچ کێشەیەک دروست ناکات.

پەیمان عەباس کە توێژەرە لە خانەی بەساڵاچووان بە (ڕووداو)ی گوت "فەریدە یەکێکە لەو ئافرەتانەی هێندە ئارام و لەسەرخۆیە گوێت لە دەنگی نابێ، تەنیا یەکجار بینیومە بگری، ئەویش ئەو کاتە بوو کە هاوژینەکەی سەردانی کرد". فەریدە دڵی هەر لای مەلا حەمیدە، هەر بۆیە خۆشترین ڕۆژی لە خانەکە ئەو ڕۆژەیە کە مەلا حەمید سەردانی دەکات، ئەو دەڵێت مەلا حەمید ئەوی زۆر خۆشدەوێ، بۆیە چاوەڕێیە ڕۆژێکیان لەگەڵ خۆی بیباتەوە ماڵەوە.



فەریدە چاوەڕێیە ڕۆژێک مێردەکەی لەگەڵ خۆی بیباتەوە




## دەزگای کۆچی سوێد: دۆخی ئەمنیی عێراق باشتربووە

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

لە هەڵسەنگاندنێکی نوێدا دەزگای کۆچی سوید پێیوایە لەو کاتەوەی داعش لە شارەکانی عێراق وەدەرنراوە، دۆخی ئەمنیی عێراق لە جاران باشتر بووە. فرێدریک بێیەر بە ئێکۆت، بەرپرسی داد لە دەزگای کۆچ بە ڕادیۆی سوێدی ڕاگەیاندووە "لە عێراق ناوچەیەکی وا نەماوە کە بە بڕوای ئێمە مەترسیدار بێت بۆ ژیان". لە هەڵسەنگاندنی پێشتری دەزگای کۆچ کە لە ساڵی 2016 بڵاوبووەوە، هەلومەرجی عێراق ئەوەندە مەترسیدار دەبینرا کە مافی مانەوەیان دەدایە هەموو خەڵکانی پارێزگای نەینەوا، کەرکووک و ئەنبار.بە بڕوای دەزگای کۆچ ئێستا دۆخی عێراق بە جۆرێک باش بووە کە ئیدی مانای ئەوە نییە هەر خەڵکی ئەو ناوچانە بی، مافی مانەوە وەربگری.

## چارەنووسی خێزانەکانیان نازانن

# چوار گەنجی کوردی ئێزدی دەبردرێنە سوێد

**ڕووداو – ستۆکهۆڵم**

شەیما و عادل، لەگەڵ دوو کچی دیکەی کوردی ئێزدی هێندە نابێت لە ڕێگەی ڕێکخراوێکی کوردی – سوێدییەوە گەیشتوونەتە سوێد، ئەوان لە خانەیەکی پاراستنن لە باکووری ستۆکهۆڵم. ئەو چوار گەنجە هیچ شتێک لەبارەی چارەنووسی خێزانەکانیان نازانن کە لە دوای پەلاماری داعشەوە لێکدابڕاون.

بەهۆی تەواونەبوونی پرۆسەی وەرگرتن و هەستیاریی کەیسەکەیان، لەسەر داوای بەرپرسی کەیسەکان، ناوی ڕێکخراو و ناوی ڕاستەقینەی ئەو چوار گەنجە ئێزدییە لەلای (ڕووداو) پارێزراوە کە هەفتەی ڕابردوو گەیەندرانە سوێد و ئێستا لە خانەیەک پارێزراون.

شەیما کە گەورەترینی ئەو چوار کەسەیە و تەمەنی 21 ساڵە، تراژیدیای ئەو ماوەیە دەگێڕێتەوە کە لە گرتووخانەکانی داعش و لە ماڵی ئەمیرەکاندا بەسەری بردووە. زۆر لە دیمەنەکانی ئەو ماوەیە و وێنەی ئەو پیاوانەی لە مۆبایلەکەیدا پاراستووە کە وەک کەنیزەک مامەڵەیان لەگەڵ کردووە.

ڕوان بە هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دوو لەو کچانە ڕزگار کراوە، ئەوی دیکەشیان عادلی 15 ساڵانە کە خۆی نازانێ ناوی ڕاستەقینەی چی بووە، لەلایەن گرووپێکی حەشدی شەعبی ڕزگارکراوە و هیچ یەکێک لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە و خۆیشی ئەوەیان باس نەکرد کە چۆن بەدەستی ئەو گرووپە گەیشتووە. تەنیا ئەوە نەبێت کە ڕێکخراوێکی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان هاوکار بوون.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) ئەمە سێیەمین گرووپی گەنجی کوردی ئێزدییە کە لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا گەیەندراونەتە سوێد.

لینا سترومبێری، چالاکڤان و سەرپەرشتیاری یەکێک لەو گرووپانە دەڵێت: "شیاندنەوەی ئەوان لەگەڵ کۆمەڵگە و ژیانی ئاسایی کارێکی قورس و پرۆسەیەکی درێژخایەنە".

لەبارەی ژیانی عادل و ئەو کوڕانەی لە گرووپەکانی پێشوو هەبوون، سترومبێری دەڵێت: "گەنجی وایان تێدابوو بەزۆر خەڵکیان پێ کوشتووە، زۆربەیان کاری دڕندانە و نامرۆڤانەی گرووپە توندڕەوەکانیان بینیوە، لە کوشتن، سەربڕین، سووتاندن و برسیکردن، بۆیە سڕینەوەی ئەو دیمەنانە لەبەرچاویان ئاسان نییە".

### بیرەوەرییە تاڵەکان

تەنیا ڕێگە بە شەیما و عادل درا بۆ (ڕووداو) بدوێن کە جگە لە دەردەسەری و ژیانێکی پڕ نەهامەتی، هیچ شتێک لە یادەوەرییاندا نییە.

شەیما وردەکاری ئەو ڕۆژەی لەبیرە کە چەکدارەکان گەیشتنە نێو شنگال "ئەوکاتە من لە دەرەوە بووم و زۆریش دوور بووم لەماڵ، نەمدەزانی بەرەو کوێ ڕابکەم، هەرچۆنێک بوو خۆم گەیاندە ماڵەوە، بەڵام کەس لەو گەڕەکە نەمابوو، ئۆتۆمبێلێکی سەربازی لە نزیک دەرگاکەمان وەستا و ئەوەندەم زانی زەبرێک بەر سەرم کەوت و ڕاپانکێشام، ئاگام لەخۆم نەما".

شەیما کاتێک هۆشی هاتووەتەوە، خۆی لە پشتی پیکابێکدا بینیوە. دواتر لەگەڵ ژمارەیەک کوردی دیکەی ئێزدی خراونەتە نێو قوتابخانەیەک، پاشان 25 کچی وەکو ئەویان جیاکردووەتەوە و بە تەنیا لە ژوورێکیان داناون.

شەیما لەگەڵ کچەکان سەرەتا براوەتە مووسڵ، پاشان ڕەققە. وەک خۆی دەڵێت لەو ماوەیەی لەلایەن داعشەوە ڕفێندراوە، بە زیاتر لە 10 چەکداری داعش فرۆشراوە و وەکو کەنیزەک مامەڵەی لەگەڵ کراوە. دوایینجاریش خۆی لەلای چەکدارێکی چیچانی بینیوەتەوە کە ناسناوەکەی ئەبوعوسمان بووە، بەهۆی ئەویشەوە هەندێک چیچانی و ڕووسی فێر بووە.

شەیما دەڵێت: "ئەبوعوسمان کەسێکی بێ ئەندازە زاڵم بوو، بەڵام لەگەڵ من زۆر خراپ نەبوو، ئەگەرچی هاوشێوەی ئەوانی دیکە دەستدرێژی دەکردە سەرم، بەڵام هەندێکجار موراعاتی دەکردم".

شەیما تا ئەو کاتە لەلای چەکدارە چیچانییەکە ماوەتەوە کە بەر هێرشێکی ئاسمانیی هاوپەیمانان کەوتووە. دەڵێت "ئەبو عوسمان ئەمیر بوو، کەمتر ڕاستەوخۆ دەچووە بەرەکانی جەنگ، بەڵام ڕۆژێکیان ڕۆیشت و نەگەڕایەوە، دواتر هاتن من و دوو کەسی دیکەش کە لە ماڵەکەی بووین، بردیانین".

شەیما وەکو زۆر ئافرەت و منداڵی دیکەی دەستی داعش بە پارە ئازادکراوە و تاوەکو گەیشتووەتەوە کوردستان چەند جارێک کڕین و فرۆشتنی پێوەکراوە.

ئەو دەڵێت "بە تەواوی ئاگادار بووم مامەڵەمان پێوە دەکرا، ڕۆژ هەبوو خەریک بوو دەخنکام لە تینوواندا، لەبەر ناکۆکی لەسەر بڕی پارەکە تەنانەت نەیاندەهێشت لە ژوورەوە بێمە دەرەوە".

عادل نازانێ خۆی کێیە و لە چ خێزانێکە، تەنیا ئەوەندە نەبێت کە ئێزدییە. عادل بە عەرەبییەکی سووریی تەواو قسە دەکات و کەمێک ڕووسی و ئینگلیزیش فێر بووە.

ئەو لەو ماوەیەی کە لەلای داعش بووە، لەگەڵ نزیکەی 100 گەنجی دیکە مەشق و ڕاهێنانی قورسی پێکراوە.

بەبڕوای سترومبێری، پرۆسەی شیاندنەوەی کەسانی وەکو عادل کارێکی قورسە، بەڵام زۆر گرنگە. گوتیشی "ئەگەر ڕاستیتان دەوێت، هەموو خەڵکی مووسڵ و ڕەققە پێویستیان بەم پرۆسەیە هەیە. بەتایبەت منداڵەکان کە دەبێ دووربخرێنەوە لە هزری توندوتیژی".

ئەو گرووپەی ئەم کارەیان کردووە لە چەند گەنجێکی کورد و سوێدی پێکهاتوون کە وەک سترومبێری دەڵێت، تا ئێستا 11 کچ و پێنج کوڕی ئێزدییان ڕزگار کردووە و ئێستا لە سوێد دەژین.


خۆبەخشەکان 25 گەنجی کوردی ئێزدییان گەیاندووەتە سوێد

# پەنجەمۆری بولگاریا ئایندەی کۆچبەرانی کورد ڕەش دەکات

**زامدار ئەحمەد**
**ڕووداو- بولگاریا**

"ڕزگاربوون لە پەنجەمۆری بولگاریا ئەستەمە، بەهیچ جۆرێ لە کۆڵت نابێتەوە و ئەورووپات لەبەرچاو ڕەش دەکات. خۆشیی ژیان و چێژی ئەورووپات لێ دەکاتە جەهەننەم" ئەمە قسەی کۆچبەرێکی کوردە بەناوی سەلاح کە بەهۆی وەرگرتنی پەنجەمۆرییەوە لە بەریتانیاوە دیپۆرتی بولگاریا کراوەتەوە.

زۆرن ئەو کۆچبەرانەی بەهۆی پەنجەمۆری بولگاریاوە گیرۆدە بوون، لەوساتەی پەنجەمۆریان وەردەگرن، تەنگەتاو دەبن و بیریان لای ئەو وڵاتەیە کە دەیانەوێ تێیدا بگیرسێنەوە، ئاخۆ دیپۆرتی بولگاریایان دەکاتەوە یان دەرفەتی مانەوەیان دەداتێ؟

سەلاح محەممەد کە خەڵکی هەولێرە، لە مانگی تشرینی یەکەمی (2016)ەوە بەرەو ئەورووپا بەڕێکەوتووە، دوای ئەوەی گەیشتووەتە نێو خاکی بولگاریا، لەلایەن پۆلیسی ئەو وڵاتەوە دەستگیر کراوە، پاش مانگێک زیندانی و بەر لە ئازادکردنی مۆری دە پەنجەی لێوەردەگیرێ.

سەلاح ئەو کاتەی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد، لە گرتووخانەی لۆبۆمێز بوو، گوتی "پەنجەمۆر بە ئارەزووی کۆچبەر نییە، بە زۆر ئەو پەنجەمۆرەت پێدەکەن. پێش ئەوەی لە زیندان بێینە دەرەوە، ئێمەیان بردە ژووری کۆمپیوتەر و بە گوشار و زۆرلێکردن مۆری دە پەنجەیان لێوەرگرتین".

لە بولگاریا مەحاڵە بکەویتە دەستی پۆلیس و بەند بکرێی و کە هاتیتە دەرەوە پەنجەمۆرت لێ وەرنەگیرێ، سەلاح دەڵێت: "هەوڵی زۆرمان دا کە پەنجەمۆرمان پێ نەکەن، بەڵام بێ ئەنجام بوو. هیچ دەرفەتێک نییە بۆ ئەوەی پەنجەمۆر نەکەی، هەرچی بکەی، ئەگەر لە بولگاریا دەستگیر بکرێی ئەوا مۆری پەنجەت وەردەگیرێ".

هەر کۆچبەرێک لە سنووری وڵاتانی شنگن کە ژمارەیان 26 وڵاتە پەنجەمۆری وەربگیرێ، دیپۆرتی ئەو وڵاتە دەکرێتەوە کە پەنجەمۆری وەرگرتووە، بولگاریا هەرچەندە لەنێو وڵاتانی شنگندا نییە، بەڵام ڕێککەوتنی شنگن جێبەجێ دەکات. بە پێچەوانەوە ئیتاڵیا هەرچەندە ئەندامی ناوچەی شنگنە، بەڵام پەنجەمۆری کۆچبەران نانێرێتە نێو سیستمی ناوچەی شنگن.

سەلاح لەدوای ئازادکردنی لە زیندانی لۆبۆمێز، ڕووی کردووەتە ئەڵمانیا. دوای ماوەیەک مانەوە لەو وڵاتە کە هەموو هیوایەکی لەسەر هەڵچنیبوو، هێندەی نەخایەند بەهۆی پەنجەمۆری بولگاریاوە بەرەو سۆفیا ڕەوانەیان کردەوە و ڕادەستی پۆلیسی بولگاریا کرا.

شێروان عومەر، کۆچبەرێکی خەڵکی ڕانیەیە، لەنێو خاکی بولگاریا دەستگیر دەکرێ. ئەو چیرۆکی خۆی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی "پاش ئەوەی خراینە زیندان و باسوخواسی پەنجەمۆر هاتەگۆڕێ، لەوێ زۆر نموونەیان هێنایەوە کە پەنجەمۆری بولگاریا دونیایەک کۆچبەری گەڕاندووەتەوە، هیچ ڕێگەیەکی دەربازبوون لەو پەنجەمۆرە نەفرەتییە نییە، لەدوای بیستنی ئەو قسانە هەستم کرد دەمرم".

وەک چاوەڕێ دەکرا، شێروان هەر 10 پەنجەی مۆر کرا، ئینجا ڕێگەی درا پێ بخاتە ئەودیوی دەرگای زیندان. شێروان گوتی: "لە دوای وەرگرتنی پەنجەمۆریش، هەر بڕیارم دا بڕۆم بۆ بەریتانیا. لەدوای خەرجکردنی زیاتر لە 10 هەزار دۆلار، گەیشتمە ئەوێ، بەڵام بەداخەوە بەخت یاوەرم نەبوو، ئەو ڕۆژەم بینی کە هەرگیز نەمدەخواست ببینینم، مردنم پێ خۆشتر بوو لەوەی دەستگیر بکرێم و بە کەلەپچەکراوی دیپۆرتی بولگاریا بکرێمەوە".

بەگوێرەی قسەی کۆچبەرانی دیپۆرتکراو، نەمسا و ئەڵمانیا لە ڕیزبەندی پێشەوەی ئەو وڵاتانەن کە کۆچبەران بەهۆی پەنجەمۆری بولگاریاوە دیپۆرت دەکەنەوە. لەماوەی ڕابردووشدا بەریتانیا 11 کۆچبەری بە پاسەوانیی پۆلیسی بەریتانی و بە فرۆکەی تایبەت بۆ بولگاریا دیپۆرت کردووەتەوە.

مورتەزا کە خەڵکی کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەهۆی چەندین کێشەوە ڕۆژهەڵات جێدەهێڵێ و ڕوو دەکاتە ئەورووپا. لەدوا خاڵی سنووری بولگاریا و سربیا لەلایەن پۆلیسی بولگارییەوە دەستگیر دەکرێ و بەرەو زیندانی بۆسمۆس بەڕێدەکرێ، لەدوای زیاتر لە 50 ڕۆژ مانەوە لە زیندان، پەنجەمۆری پێدەکەن و ئازادی دەکەن. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "باوەڕم وابوو پەنجەمۆر کێشەیەکی گەورە نەبێ، بەتایبەتی بۆ منی ڕۆژهەڵاتی. پێشتر لەمەلاو لەولا بیستبووم کە هەموو کۆچبەرێک پەنجەمۆری پێدەکرێ و کێشە نییە. لەدوای بولگاریا چوومە سربیا و ڕۆمانیا و هەنگاریا، هیچ کێشەیەک نەبوو، بەڵام لە نەمسا دەستگیرکراین، لەنێو گرووپێکی 12 کەسیدا هەشت کەسمان پەنجەمۆری بولگاریامان بەدیار کەوت، لەدوای ماوەیەک دەستبەسەرکردن لە ڤییەنا، هەر هەشتمان دیپۆرتی بولگاریا کراینەوە. ئەوە ماوەی چوار مانگە لە زیندانم و گوایە لەدوای شەش مانگ ئازاد دەکرێم".

ئەو کۆچبەرانەی دیپۆرتی بولگاریا دەکرێنەوە، هەوڵی زۆر دەدەن و ئەوەندەی دەتوانن هاوار دەکەن و دەیانەوێ جەستەی خۆیان بریندار بکەن، ئەوان نایانەوێ لەدوای خەرجکردنی بڕە پارەیەکی زۆر بیانگەڕێننەوە خاڵی سفر، بەڵام ئەم هەوڵانە سوودیان نییە و هەرچی بکەن و بڵێن دیپۆرتیان دەکەنەوە.


نەمسا و ئەڵمانیا لە ڕیزبەندی پێشەوەی ئەو وڵاتانەن کە کۆچبەران بەهۆی پەنجەمۆری بولگاریاوە دیپۆرت دەکەنەوە



## جەڵتەی دڵ و مێشک هەڕەشە تەنیا لە پیرەکان ناکات

# پزیشکێک: گۆڕانی شێوازی ژیان هۆکاری تووشبوونی گەنجانە بە جەڵتەی دڵ و مێشک



**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

هێرش حەسەن، 28 ساڵ، تەماشای گرتە ڤیدیۆیەک دەکات کە تێیدا هاوژینی پشتیوان بەدەویی هونەرمەند بە گریانەوە لە پرسەکەیدا دەڵێ: "مێردەکەم هیچ نەخۆشییەکی نەبوو، جەڵتەی دڵ لەناکاو لێیدا". وەک باس دەکرێ، پشتیوان لە شوێنی کارەکەی هەستی بە دڵەکوتێ کردووە، بەپێی خۆی سەردانی نەخۆشخانەی کردووە و ئیدی نەگەڕاوەتەوە و لەوێ دڵی لە لێدان کەوتووە.

هێرش دەڵێ سێ هەفتە لەمەوبەر خوشکی هاوژینەکەی ئەویش کە تەمەنی 35 ساڵە، جەڵتەی مێشک لێیداوە و لەوکاتەوە بێهۆشە و هیچ کەسێک گوێی لە دەنگی نەبووە "پزیشک دەڵێ بەشی زۆری مێشکی مردووە و ئەگەر بە هۆشیش بێتەوە، بۆ هەمیشە لەنێو جێگە دەمێنێتەوە و بە ئەستەم دەتوانێ قسە بکات و خواردن بە ئاسایی بخوات".

پزیشکەکان بە سەرسوڕمانەوە لە زیادبوونی جەڵتە لەنێو گەنجان دەڕوانن.

د.زانیاری نووری عوسمان، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو، پاش 10 ساڵ ئەزموونی کارکردن لە یەکەکانی فریاکەوتنی تەندروستی، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئیدی سەردەمی ئەوە نەماوە بڵێین گوشاری خوێن و شەکرە و جەڵتە نەخۆشیی کەسانی بەتەمەنن، ئێستا زۆر لە گەنجانیش تووشی ئەم نەخۆشییانە دەبن".

نێوەندی کۆنترۆڵکردن و پێشگیری لە نەخۆشییەکان لە ئەمریکا (CDC)، دەڵێ چواریەکی هەموو حاڵەتەکانی مردن لەو وڵاتە بەهۆی نەخۆشیی دڵ و بۆڕییەکانی خوێنە (جەڵتەی دڵ و مێشک بە تایبەت). لە کەسانی 45 — 55 ساڵانیشدا هاوشێوەی کەسانی سەروو تەمەنی 65 ساڵان، هۆکاری یەکەمی مردن هەر نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێنە.

ماڵپەڕی زانکۆی هارڤارد دەڵێ 4-10%ی حاڵەتەکانی جەڵتەی دڵ لەو کەسانەدا ڕوودەدەن کە تەمەنیان لە 45 ساڵ کەمترە.

دکتۆر زانیار، دەڵێ هۆکاری سەرەکی پشت ڕوودانی زۆربەی حاڵەتەکانی جەڵتەی دڵ و مێشک ڕەقبوونی بۆڕییەکانی خوێنە کە هەرچەندە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن ڕوودەدات، بەڵام کەم نین ئەو کەسانەی لە سییەکانی تەمەنەوە دەکەونە بەر مەترسی.

بەبۆچوونی ئەو پزیشکە، گۆڕانی شێوازی ژیانی ئێستا، هۆکارێکی سەرەکیی زیادبوونی حاڵەتەکانی جەڵتەی دڵ و مێشکە لەنێو گەنجاندا "جگەرەکێشان، خواردنەوەی کحول، گوشاری دەروونی، کەم جووڵان و خۆراکی نادروست، هەریەکەیان بە ڕادەی خۆیان ڕۆڵیان هەیە لە تووشبوونی گەنجان بە جەڵتەی دڵ و مێشک".

### پزیشکێکی مێشک و دەماریش جەخت لە زیادبوونی حاڵەتەکانی جەڵتەی مێشک دەکاتەوە لەنێو گەنجاندا.

د.زانا عەبدولڕەحمان کە دکتۆرای لە نەخۆشییەکانی مێشک و دەماردا هەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێستا لە قاوش نەخۆشی ئەوتۆمان هەیە کە لە سییەکانی تەمەنیدایە و جەڵتەی مێشک بەشێوەیەکی پەکخەر لێیداوە و بێهۆشە، بەگشتی ئێستا لە سی و چلەکانی تەمەندا حاڵەتی جەڵتەی مێشک دەبینین".

وەک ئەو پزیشکە باسی دەکات، لە حاڵەتەکانی جەڵتەی گەنجاندا هەندێکجار هۆکاری دیکە هەن کە جیاوازن لە هۆکارە بڵاو و زانراوەکانی جەڵتە لە کەسانی بەتەمەندا "نەخۆشیی دەستنیشاننەکراوی دڵ، زیادەی ئەو پرۆتینانەی خوێن لینج و خەست دەکەنەوە، گرفت لە سیستمی مەیینی خوێن و هەندێکجاریش زەبری دەرەکی هۆکاری دیاری جەڵتەن لەنێو گەنجاندا. ئەوە جگە لە هۆکارەکانی پەیوەست بە گۆڕانی شێوازی ژیانی ئێستا بە ئاراستەیەکی ناتەندروست".

### لایەنی بۆماوەیی

دکتۆر زانیار دەڵێ کەسانی ئاسایی دەبێ لە تەمەنی چل ساڵییەوە پشکنینە گشتییەکانی پەیوەست بە نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن بکەن، بەڵام هەندێک دەبێ لە تەمەنێکی زووترەوە ئەو پشکنینانە بکەن.

دکتۆر زانیار دەڵێ "ئەوانەی کەسێکی خێزانەکەیان بەر لە تەمەنی 50 ساڵی بە یەکێک لە نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن مردووە، یان لە تەمەنی گەنجییەوە چەوریی خوێنیان بەرزە، یان لە تەمەنێکی زووەوە تووشی نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن بوون، گرنگە زوو پشکنینیان بۆ بکرێ".

ئەو پزیشکە ئەو کەسانە دڵنیا دەکاتەوە کە لەڕووی بۆماییەوە لەمەترسیدان تووشی شەکرە، بەرزیی چەوریی خوێن، بەرزیی گوشاری خوێن و نەخۆشییەکانی دڵ ببن، ئەگەر شێوازی ژیانیان باش بکەن، مەترسییەکان لە خۆیان دووردەخەنەوە "ماڵ هەیە چوار کەسیان شەکرە یان بەرزەپەستانی خوێنیان هەیە، بەڵام پێنجەمیان بەهۆی خۆراکی دروست و وەرزشکردنەوە، خۆی لەو نەخۆشییانە پاراستووە".

### پیربوونی بایۆلۆژی

مەبەست لە پیربوونی بایۆلۆجی، پیربوونی هەناومانە بە خێراییەکی زیاتر لەوەی تەمەنە ڕاستەقینەکەمان پێمان دەڵێ. واتە دوور نییە تۆی تەمەن 40 ساڵان، خاوەنی دڵێک بیت کە تەمەنی 70 ساڵە.

بەپێی توێژینەوەیەکی نوێ کە ساڵی 2015 لە بی بی سی بڵاوکراوەتەوە، کەسانی هاوتەمەن، بە ڕێژەیەکی تەواو جیاواز شانەکانی جەستەیان پیردەبێت.

توێژەران بە بەکارهێنانی چەندین پێوەری زانستیی وەکوو ڕادەی کارکردنی گورچیلەکان، تێکچوونی ڕێکیی باڵا، تەندروستیی دەم و ددان و چەندینی دیکە، لە تەمەنی بایۆلۆژیی ئەو کەسانەیان کۆڵییەوە کە لە توێژینەوەکەدا بەشداربببوون و هاوتەمەن بوون.

هەندێک لەوانەی بەپێی ساڵی لەدایکبوون 38 ساڵ بوون، شانەکانی جەستەیان هێندە پیربوون وەک ئەوەی کاتی خانەنشینکردنیان هاتبێ.

توێژینەوەکە لەسەر 954 کەسی نیوزیلەندی کراوە کە خەڵکی هەمان شارۆچکە بوون و لەدایکبووی 1972–1973 بوون. توێژەرەکان تەماشای 18 پێوەری تەمەنی شانەکانی جەستەیان کرد کاتێک کەسەکان دەگەیشتنە 26، 32 و 36 هەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونیان. توێژەران گوتیان هەندێکیان بە تێپەڕبوونی هەر ساڵێک لە تەمەنیان، شانەکانی لەشیان سێ ساڵ پیردەبوون.

توێژینەوەیەکی دیکەی نوێ لە هیندستانەوە دەریخستووە پەیوەندی هەیە لەنێوان قژڕووتانەوە و چوونەتەمەنی پێشوەخت لەلایەک و تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ لەلایەکی دی. توێژینەوەکە دەریخستووە ئەو پیاوانەی قژیان دەڕووتێتەوە یان تووشی پیربوونی پێشوەخت دەبن لە شێوەی سەرسپیبوونی پێشوەخت بۆ نموونە، پێنج هێندەی پیاوانی دیکە زیاتر تووشی نەخۆشییەکانی دڵ دەبن.

# مەگنیسیۆم لە "بکوژە بێدەنگەکە" دەتپارێزێ

**ڕووداو- DW**

بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی بەدەست بەرزیی گوشاری خوێنەوە دەناڵێنن کە بە "بکوژە بێدەنگەکە" ناسراوە. ئێستا توێژینەوەی زانستی دەریخستووە ئەو کەسانەی ڕەگەزی مەگنیسیۆم لە ژەمە خۆراکییەکانیاندا زۆرە، کەمتر تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن.

نێوەندێکی ئەڵمانی کە گرنگی بە ئاماژە زیندەگییەکانی جەستە دەدات، دەڵێ ڕەگەزی مەگنیسیۆم لە خۆراکدا یارمەتی دابەزاندنی گوشاری خوێن دەدات و بەتایبەت بۆ ئەوانە گرنگە کە گوشاری خوێنیان لە ئاسایی زیاترە.

بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن ڕێخۆشکەرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن. بۆیە نێوەندە ئەڵمانییەکە داوا لە تووشبووان دەکات مەگنیسیۆم لە ژەمەکانیاندا زیاد بکەن.

پرۆفیسۆر کلاوس کیستەر، پزیشکی ڕاوێژکار لە ئەڵمانیا ڕێنمایی خەڵکی دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەرزیی فشاری خوێنیان ڕووبکەنە زیادکردنی مەگنیسیۆم لە ژەمەکانیاندا، چونکە تووشبووانی ئەم نەخۆشییە مەگنیسیۆم لە جەستەیاندا کەمە.

ئەوانەی ئازاری ماسولکەکانیان هەیە و زوو زوو تووشی گرژبوون (تەشەنوج)ی ماسولکە دەبن، یان دڵەڕاوکێ و گوشاریان زۆرە و زوو زوو سەرئێشە دەگرن، نینۆک و ددانەکانیان خراپن، سنگیان توند دەبێ و خەویان ئارام نییە، ئەگەری زۆرە مەگنیسیۆم لە جەستەیاندا کەم بێ. بۆیە ئەگەر هەست بەم نیشانانە دەکەی، وا باشە مەگنیسۆم لە ژەمەکانتدا زیاد بکەی.

سەرچاوە گرنگەکانی مەگنسیۆم بریتین لە مۆز، ماسی، پرتەقاڵ، چەرەس، چەڵتووک، گۆشت (قاز و مراوی و قەل). ئاردی بۆر، کەلەرم و هەویری عەلی بابا.

### لەبارەی گوشاری خوێن:

دڵ پاڵ بە خوێنەوە دەنێ بۆ جەستە، ئەوەش گوشار دەخاتە سەر دیواری بۆڕییەکانی خوێن. لەکاتی گرژبوونی دڵدا گوشاری سەرەوەی خوێن دروست دەبێ و کاتی خاوبوونەوەشی گوشاری خوارەوە (کە پێت دەڵێن گوشارت 11 لەسەر 7 ـە) ئەوە مانای وایە گوشاری کاتی گرژبوونی دڵ 110 ملم/ جیوەیە و گوشاری کاتی خاوبوونەوەی دڵ 70 ملم/ جیوەیە.

ماندووبوون و گوشاری دەروونی و جەستەیی بۆ ماوەیەکی کاتی گوشاری خوێن بەرز دەکەنەوە. هەرکاتێک گوشاری سەرەوە لە 140 ملم/ جیوە و هی خوارەوە لە 90 ملم/ جیوە زیاتر بوون، ئەوە وا دادەنرێ تۆ گوشاری خوێنت بەرزە. درێژەکێشانی ئەم بەرزییەی گوشار، زیان بە دیواری بۆڕییەکانی خوێن دەگەیێنێ و تووشی ڕەقبوونی ئەو بۆڕییانەت دەکات و ئەوەش سەرچاوەی زۆربەی نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێنە، وەکوو: جەڵتەی دڵ، جەڵتەی مێشک و ڕەشبوونەوە و گانگرینی پەلەکان و چەندنی دیکە.

# شەش چەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەوریی ورگ



**ڕووداو- DPA**

زۆربەی خەڵکی ئارەزووی باڵایەکی ڕێک و ورگێکی تەخت دەکەن، هەندێک وادەزانن تەنیا بە ڕێجیمێکی ئێجگار توند و وەرزشێکی زۆر ماندووکەر دەگەنە ئەو ئارەزووەیان، بەڵام ڕێگەی ئاسانتریش هەن وەک ڕێگاخۆشکەر بۆ دابەزاندنی چەوریی ورگ، ئەمانە شەش ڕێگەی ئاسانن کە توێژینەوە سەلماندوویەتی لە کەمکردنەوەی چەوریی ورگدا کاریگەرن:



**1 چای سەوز:**

لە چای سەوزدا پێکهاتەی ئەوتۆ هەن کە پرۆسەی زیندەپاڵ (گۆڕینی چەوری و شەکر بۆ وزە) تاودەدەن. دەرکەوتووە خواردنەوەی چای سەوز هانی جگەر دەدات چەوری کۆنەکاتەوە، بەڵکو بیکاتە وزە. بۆیە وا باشە بیکەیتە نەریت ڕۆژانە 4-5 کووپ چای سەوز بخۆیتەوە.



**2 خەوی باش**

بۆ ئەوەی ئاستی هۆرمۆنی سووتێنەری شەکر و هۆرمۆنەکانی گوشار لە ئاستێکی تەندروستدا بمێننەوە، وا باشە شەوانە 8-9 کاژێر بنووی. خەوی قووڵ وادەکات ڕۆژی داهاتوو جەستەت چالاک بێ و وزە دەرپەڕێنێ و چەوری و شەکر کۆنەکاتەوە.



**3 زەردەچەوە:**

زەردەچەوە ماددەیەکی تێدایە پێیدەگوترێ "کۆرکۆمین" کە خاسیەتی دژە هەوکردنی هەیە، هەروەها پرۆسەی زیندەپاڵ تاودەدات و چالاکی دەکات. بۆیە وا باشە زەردەچەوە بکەیتە ژەمەکانتەوە و بەشێکی دانەبڕاو بێت لە سیستەمی خۆراکیت. دەتوانی بەشێوەی کەپسوولیش بیخۆیت. ڕۆژانە خواردنی دوو کەپسوول لە زەردەچەوە، سوودێکی بەرچاوی دەبێت بۆ نەهێشتنی چەوریی ورگ.



**4 دووربوون لە گوشاری دەروونی:**

ئەوکاتانەی لە دڵەڕاوکێ و نائارامی و گوشاری دەروونیدای، هۆرمۆنی کۆرتیزۆڵ لە خوێندا کەڵەکە دەبێ. کۆرتیزۆڵ حەزی خواردن زیاد دەکات و پرۆسەی زیندەپاڵ سست دەکات.

هەندێک ڕێوشوێن هەن ئارامت دەکەنەوە و دوورت دەخەنەوە لە گوشاری دەروونی، لەوانە: یۆگا، تەکنیکەکانی هەناسەی قووڵ و خاوبوونەوە و گەرماوی گەرم و ساونا. ئەمانە ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیزۆڵ دادەبەزێنن، ئەوەش زیندەپاڵ چالاک دەکات و سووتاندنی چەوریی زیادە تاودەدات.

**5 ئاو:**

ڕۆژانە خواردنەوەی هەشت پەرداخ ئاو، جگە لەوەی پرۆسەی هەرس ڕێکدەخاتەوە و گازاتی سک کەمدەکاتەوە، دەرکەوتووە پرۆسەی زیندەپاڵیش چالاک دەکات. بە گشتی ئاو خواردنەوەی زۆر یاریدەی دابەزاندنی کێش دەدات بە ڕێوشوێنی جیاواز.





**6 ڕۆنی گوێز هیندی:**

ڕۆنی گوێز هیندی جگە لەوەی ئاسان هەرس دەبێت و بۆ تووشبووانی بەدهەرسی بەسوودە، وەهایە جگەر کەمتر کۆی دەکاتەوە لە شانەکانی جەستەدا، هەروەک پێکهاتەکەی پرۆسەی زیندەپاڵ چالاک دەکات و ڕێگە خۆش دەکات بۆ سووتاندنی چەوریی زیادەی جەستە.



# گۆشەگیری هێندەی جگەرەکێشان مەترسیدارە



**ڕووداو- DW**

پاش ئەوەی توێژینەوەیەک دەریخست بەشێکی بەرچاو لە بەریتانییەکان بەدەست تەنیاییەوە دەناڵێنن، ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو حکومەتی ئەو وڵاتە کەمپەینێکی گەورەی ڕاگەیاند بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆشەگیری و تەنیایی، چونکە دەرکەوتووە گۆشەگیری و تەنیایی زیانێکی گەورە بە تەندروستیی مرۆڤ دەگەیەنن.

تێریزا مەی، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، لە ڕاگەیاندنی هەڵمەتەکەدا گوتی "بە نیسبەت ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئێستا، تەنیایی بووەتە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگری ژیانی مۆدێرن، دەبێ هەموومان ئەوەی لە توانامانداوە بیکەین بۆ ئەوەی دڵنیاببینەوە تەنیایی هەمیشەیی نەبێتە ڕاستییەکی قەبووڵکراو".

بەپێی توێژینەوەکان، نۆ ملیۆن بەریتانی هەست بە تەنیایی دەکەن، جا بەشێوەی کاتی بێ یان هەمیشەیی، 200 هەزار کەسی بەتەمەنیش گوتوویانە بە مانگ قسەیان لەگەڵ هاوڕێ یان خزمێکیان نەکردووە!

هەروەها 85%ی کەسانی پێکەیشتووی خاوەن پێداویستی تایبەت هەست بە تەنیایی و گۆشەگیری دەکەن، جا بە هەمیشەیی بێ یان بە شێوەیەکی زۆر دیار. بۆیە حکومەتی بەریتانیا بە نیازە کار لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوە تایبەتمەندەکان بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرفتی گۆشەگیری و هەستکردن بە تەنیایی.

مارک ڕۆبنسن سەرۆکی ڕێکخراوی (HUK) تایبەت بە یارمەتیدانی بەساڵاچووان لە بەریتانیا دەڵێ: "تەنیایی کوشندەیە و دەرکەوتووە گۆشەگیری و هەستکردن بە تەنیایی لەوە خراپترە کە ڕۆژانە 15 جگەرە بکێشی".

ڕۆبنسن دەڵێ لەگەڵ ئەو هەموو لێکەوتە خراپانەی تەنیایی و گۆشەگیری، دەزانین کە ئەمە گرفتێکە قابیلی چارەسەرە، بۆیە نابێ ڕێگە بدەین زەفەر بە تەندروستی بەساڵاچووەکانمان ببات".


داوا لە هێزەکانی ئەمریکا کراوە خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەو هەڕەشەیەی کە بەڕێوەیە

## بەشێکی هێزەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەگوازێتەوە

# ئەمریکا خۆی بۆ شەڕی کۆریای باکوور ئامادە دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

سوپای ئەمریکا بەشێوەیەکی نهێنی پلان بۆ شەڕێک دادەنێ کە جیهان هیواخوازە ڕوونەدات. قەبارەی ڕاهێنانە نوێیەکانی هێزەکانی ئەمریکا دەریدەخات شەڕی نێوان ئەمریکا و کۆریای باکوور ئەگەرێکی جددییە و ئەمریکا دەیەوێت بۆ کاژێری سفر ئامادە بێ.

جەیمز مەتیس، وەزیری بەرگریی ئەمریکا لە چەندین بۆنەدا جەختی لەوە کردووەتەوە کە ڕێگەچارەی دیپلۆماتیک بۆ بەرەنگاربوونەوەی تموحە ئەتۆمییەکانی کۆریای باکوور دەگرنەبەر، لەبەر ئەوەی هەر شەڕێک لەگەڵ کۆریای باکوور "ئاکامی کارەساتباری بەدواوە دەبێ"، بەڵام زیاتر لە بیست بەرپرسی ئێستا و پێشووی پێنتاگۆن و سوپای ئەمریکا لە لێدوانیاندا بۆ ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی گوتوویانە کە مەشقەکانی ئێستای سوپای ئەمریکا لەسەر داوای مەتیس دەکرێن.

یەکێک لەو شتانەی کە سوپای ئەمریکا ئامادەکاری بۆ دەکات دامەزراندنی بنکەی سەربازییە بۆ دۆخی نەخوازراو کە تێیدا دەبێت بە خێرایی هێز ڕەوانەی ناوچەی شەڕ بکرێت. مانگی داهاتوو ئۆڵۆمپیادی زستانە لە شاری پیۆنگچانگ لە کۆریای باشوور دەستپێدەکات، سوپای ئەمریکاش بەنیازە هێزی تایبەتی زیاتر بۆ نیمچە دوورگەی کۆریا بنێرێ.

ژمارەیەک بەرپرسی سەربازیی ئەمریکا بەدووری نازانن ئەمریکا بیر لە بنکەیەکی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لەو ناوچەیە بکاتەوە کە هاوشێوەکەی لە سووریا و عێراق هەن. لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی ئەمریکا مەشقی ناردنی هێزیان بۆ ناو وڵاتی بێگانە فراوانتر کردووە.

زیاتر لە 15 ساڵ بەسەر هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان و عێراقدا تێدەپەڕێ و ماوەی دوو ساڵیشە ئەمریکا هێزی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی لە ڕۆژهەڵات و باکووری سووریا جێگیر کردووە، بەڵام فەرماندەیی هێزەکانی ئەمریکا نیگەرانە لەوەی سەربازانی ئەمریکی هێندەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرووپە چەکدارە ناحکومییەکان ئامادەن، هێندە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزێکی دەوڵەتیی وەکوو کۆریای باکوور ئامادە نین.

بەشێکی زۆر لە ڕاهێنانەکانی ئەمدواییەی سوپای ئەمریکا لەسەر هێزی ئاسمانی چڕکراونەتەوە، بۆ نموونە لە دوایین ڕاهێناندا کە لە بنکەی ئاسمانیی نێلیس لە ولایەتی نیڤادا کراوە، ژمارەی فڕۆکە بارهەڵگرەکان دوو بەرامبەر بوون. ئەو فڕۆکانە بۆ گواستنەوەی خێرای سەرباز و چەک لە دۆخی نەخوازراودا بەکاردەهێنرێن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (تایمز)ی ئەمریکی، سەرەتای ئەم مانگە ژەنەراڵ تۆنی تۆماس، فەرماندەی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی فلۆریدا، ڕایگەیاندووە کە دوور نییە لە مانگی ئایار یان حوزەیرانی ئەمساڵدا ژمارەیەک لە هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە عێراق و سووریاوە ڕەوانەی نیمچە دوورگەی کۆریا بکرێن، ئەگەر هەڕەشەکانی کۆریای باکوور لەسەر وڵاتانی ناوچەکە پەرەبستێنێ.

ژمارەیەک فەرماندەی سەربازیی پێنتاگۆن بۆ (تایمز)یان ئاشکرا کردووە کە ژەنەراڵ مارک میلی، فەرماندەی گشتیی سوپای ئەمریکا لە چەندین کۆبوونەوەی پێنتاگۆندا جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئەگەر ئەمریکا خۆی بۆ شەڕی کۆریای باکوور ئامادە نەکات، ئەزموونی شکستەکانی پێشووی دووبارە دەبێتەوە، لەوانەش شکستی سوپای ئەمریکا لەکاتی جەنگی جیهانیی دووەم بەرامبەر هێزەکانی ئەڵمانیای نازی لە ناوچەی کاسێرین.

میلی پێیوایە سیستەمی مووشەکی و ئەتۆمیی کۆریای باکوور گەورەترین هەڕەشەن لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا، بۆیەش داوای لە هێزەکانی ئەمریکا کردووە "چاوەڕێی فەرمان، یاسای نووسراو و ڕێنمایی مەکەن، بەڵکو خۆتان ئامادە بکەن بۆ ئەو هەڕەشەیەی کە بەڕێوەیە". نیگەرانییەکانی مارک میلی پرسیاری لای زۆربەی فەرماندەکانی سوپای ئەمریکا لە سەرانسەری جیهان دروستکردووە کە ئاخۆ کەی ڕەوانەی نیمچە دوورگەی کۆریای باکوور دەکرێن.

ژمارەیەک بەرپرسی پێنتاگۆن وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئامادەکارییە سەربازییەکانی سوپای ئەمریکا، دەڵێن ئامادەکارییەکان وەکوو ئەو هەنگاوە خێرا و بەرفراوانانە نین کە ئەمریکا لە 2002 دەیکرد بۆ ئەوەی خۆی بۆ شەڕی ساڵی دواتری عێراق ئامادە بکات.

تاوەکو ئێستا هیچ هۆشدارییەک لەبارەی گەشتکردن بۆ ژاپۆن و کۆریای باشوور بە هاووڵاتییانی ئەمریکی نەدراوە. ژمارەیەک فەرماندەی سەربازیش ئەمە بە ئاماژەیەک دەزانن بۆ ئەوەی هەنگاوی سەربازی لەدژی کۆریای باکوور نزیک نییە.

هەندێ لە بەرپرسانی کۆشکی سپی پێیانوایە هێرش بۆ سەر کۆریای باکوور دەبێت یەکجار بچووک و سیمبۆلیک بێت، بۆ ئەوەی پیونگ یانگ بیر لەوە نەکاتەوە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر ژاپۆن و کۆریای باشوور دروستبکات. کەسانی نزیک لە مەتیس ئاشکرایان کردووە کە وەزیری بەرگریی ئەمریکا بەدووری دەزانێت کۆریای باکوور بە شێوەیەکی سنووردار وەڵامی هێرشی مووشەکیی ئەمریکا بداتەوە.

> دانوستاندن لەگەڵ کۆریای باکوور هیچ شتێکی ماناداری لێ سەوز نابێت
>
> دۆناڵد ترەمپ

ژمارەیەک شرۆڤەکار پێیانوایە هەوڵەکانی مەتیس بۆ ئەوەیە نیگەرانییەکانی ترەمپ بڕەوێنێتەوە. میشێل فلورنۆی، بەرپرسێکی باڵای پێشووی پێنتاگۆن، سەبارەت بە جموجوڵەکانی وەزارەتی بەرگری دەڵێت: "ئەگەر هیچ بڕیارێکیش لەسەر کۆریای باکوور نەدرابێت، دیسان هێزە سەربازییەکان دەبێت بۆ ئەنجامدانی هەر چەشنە هێرشێک کە لە دەرەوەی چاوەڕوانییە، ئامادە بن".

هەفتەی پێشوو دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی ڕاگەیاند: "دانوستاندن لەگەڵ کۆریای باکوور هیچ شتێکی ماناداری لێ سەوز نابێت و کێشەکە چارەسەر ناکات". ڕووسیاشی بەوە تۆمەتبار کرد کە بە فرۆشتنی سووتەمەنی بە کۆریای باکوور سزاکانی سەر پیونگ یانگی سووک کردووە. ساڵی ڕابردوو چین و ڕووسیا سزاکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیان لەدژی کۆریای باکووریان واژۆ کرد.

هەفتەی پێشوو ژەنەراڵ مارک ناولەند، فەرماندەیەکی باڵای هێزی ئاسمانیی ئەمریکا بە کۆنگرێسی ڕاگەیاند: "ئەگەر پرسیاری ئەوەم لێبکەن کە ئاخۆ ئێستا بۆ لێدانی هێزی ئاسمانیی کۆریای باکوور ئامادەین یان نا، بە بەڵێ وەڵامتان دەدەمەوە. ئەگەر داوامان لێبکرێت دەتوانین باڵادەستیی هێزی ئاسمانیی خۆمان پیشان بدەین". بەڵام هێشتا قسەکانی ناوڵەند تەواو نەببوو کە ژەنەراڵ ڤیرالین جەیمس، بەرپرسی زانیاریی هێزی ئاسمانی ڕایگەیاند "دەبێ ئەوەشتان پێ بڵێم کە هەوڵەکانی پێنتاگۆن بۆ پشتگیری لە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی وەزیری دەرەوەیە".

لێدوانەکانی ئەو دوو ژەنەراڵە پایەبەرزەی ئەمریکا دەریدەخات کە چۆن ئیدارەی ئەمریکی لە نێوان دوو هێڵی گشتیدا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کۆریای باکوور گیری خواردووە. مەتیس پشتگری لە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی وەزیری دەرەوە دەکات، بەڵام دەبێت سەرۆکیش دڵنیا بکاتەوە لەوەی سوپاکەی بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی لێدان ئامادەیە.

## ڕێی نزیکبوونەوەی سعودیە و ئیس

# ئێران دوو نەیـ
# تەقلیدییەکە ک

**ڕووداو- هەولێر**

ئیسرائیل بە پێچەوانەی وڵاتانی عەرەبی، هیچکات نەیشاردووەتەوە کە پەیوەندیی نهێنییان لەگەڵ جیهانی عەرەبی پەرەی سەندووە، هەرچەندە پەیوەندییە دیپلۆماتیک و فەرمییەکان لە ئاستێکی زۆر نزمدا ماونەتەوە. یەکێک لەو وڵاتانەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل بەنهێنی هێشتووەتەوە سعودیەیە کە خۆی بە ڕابەری کۆمەڵگای موسوڵمانی سوننەی جیهان دەزانێت. بەربەستەکانی پەیوەندیی ڕیاز و تەلەڤیف تەگەرەی گەورەش دەخاتە بەردەم هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی فراوانخوازیی ئێران لە ناوچەکەدا.

لەپاش هاتنەسەرکاری دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، هەوڵێکی هەمەلایەنە بۆ لێکنزیککردنەوەی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەتیش سعودیە، دەستپێکردووە. ئەم هەوڵە لەلایەکەوە پەیوەندی بە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین و ئیسرائیلەوە هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە بەشێکە لە ستراتیژێکی بەرفراوانی واشنتن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران و گرووپە میلیشیاییە شیعەکانی لایەنگری تاران کە سنووری چالاکییان لە کابولەوە بۆ کەنارەکانی دەریای نێوەڕاست درێژبووەتەوە.

بەگوێرەی میدیاکانی ئیسرائیل، پەیوەندییە نافەرمییەکانی سعودیە و ئیسرائیل گەیشتووەتە ئاستێک کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا بێوێنە بووە. یوێل گوزانسکی و ئاری هەیستاین کە دوو توێژەری پەیمانگەی لێکۆڵینەوە لە ئاسایشی نیشتیمانیی ئیسرائیلن، لە وتارێکی هاوبەشدا لە گۆڤاری ناشناڵ ئینترێستی ئەمریکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە سعودییەکان دەیانەوێت ڕای گشتی وڵاتەکەیان لەسەر نزیکبوونەوەی ڕیاز و تەلەڤیف ڕابهێنن. بەبۆچوونی هەردوو توێژەرەکە، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئاخۆ سعودیە ئامادەیە لە پێناوی نزیکبوونەوە لە ئیسرائیل بۆ بەرپەرچدانەوەی ئێران لە هەندێک لە داواکانی خۆی لەسەر دۆسیەی فەلەستین خۆشبێت؟

پەیامی نوێی سعودییەکان بۆ ئیسرائیل دوو لایەنەیە. لەلایەکەوە جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئیسرائیل دەبێ داواکارییەکانی نێو "دەستپێشخەری ئاشتیی عەرەب لە 2002" قەبووڵ بکات و لەلایەکی دیکەشەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە مەرج نییە هەموو مادەکانی ئەو دەستپێشخەرییە وەکوو ئەوەی هاتووە جێبەجێ بکرێ، بەڵکو دەکرێت بەپێی داواکاریی فەلەستینییەکان گۆڕانکاری و دانوستاندنیان لەسەر بکرێ.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا محەممەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینی سعودیە کۆمەڵێک هەنگاوی ناوە بۆ ئەوەی باڵانسی هێز بە قازانجی وڵاتەکەی بشکێنێتەوە، بەڵام لەو ماوەیەدا سعودیە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پرۆسەی ئاشتی ئیسرائیل و فەلەستیندا نەبووە، لە کاتێکدا ئەو کێشەیە دەتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاو لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئێران و کۆکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەدەوری ئەجێندای سعودیە ببینێ.

گۆزانسکی و هەیستاین پێیانوایە ڕێگەی نزیکبوونەوەی سعودیە و ئیسرائیل بە واشنتندا تێدەپەڕێت، مەلەفی فەلەستینیش دەتوانێت هۆکاری پەیوەندییەکان بێت، لەو هەوڵەدا ئەمریکا دەرگای دانوستاندن و گۆڕینەوەی پەیام لە نێوان ڕیاز و تەلەڤیف دەبێت، چونکە لە دۆخێکی وەکوو ئێستادا کە سعودیە بە قۆناغی گواستنەوەی سیاسی و ئابووریدا دەڕوات، محەممەد بن سەلمان ناتوانێت باس لە پەیوەندیی ئاشکرا لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل بکات.

لەو هەنگاوەدا سعودیە لە ڕێگەی واشنتنەوە دەتوانێت گوشار بۆ ئیسرائیل بهێنێ بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ فەلەستینییەکان لەو دۆخە ئاڵۆزەی ئێستا دەربکات، دوو توێژەرەکە پێیانوایە ئەم هەوڵە نەک هەر سێ وڵاتەکە لێکدی نزیک دەکاتەوە، بەڵکو بەرپەرچی هەژموونی ناوچەیی ئێرانیش دەداتەوە.

لە ئاستی سیاسەتی دەرەوە هەستیارترین مەلەف بۆ بن سەلمان مەلەفی ئێرانە، هەر ئەمەش ڕەنگە هاندەرێکی گەورە بێت بۆ ئەوەی شازادەی جێنشین بیر لە پەیوەندییەکی سنووردار لەگەڵ ئیسرائیل



## ساڵێک بەسەر دەستبەکاربوونیدا تێپەڕی

# ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە مـ



**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو 20ی کانوونی دووەم ساڵێک بەسەر دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکادا تێپەڕی. هەرچەندە یەکەم گەشتی دەرەوەی ترەمپ بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو، بەڵام سەرکردە عەرەبە سوننەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە نیگەرانییەوە لە هەنگاوەکانی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا دەڕوانن. کوردیش بە بیرەوەرییەکی خۆشەوە یادی یەک ساڵ حوکمی ترەمپ ناکەن کە تێیدا کەرکووک کەوت و ئێستاش لەسایەی چاوپۆشی و بێدەنگیی ئیدارەکەی، عەفرین لە مەترسیدایە.

### شەڕی سووریا

شەڕی نێوخۆی سووریا یەکێک لەو قەیرانە ناوچەییانەیە کە لە ئیدارەی پێشترەوە بۆ ترەمپ بە میرات ماوەتەوە. ئەو شەڕە هەر لە ساڵانی یەکەمەوە ڕەهەندی ناوچەیی و نێودەوڵەتی قووڵی وەرگرت. ئۆپەراسیۆنی عەفرین و پاشگەزبوونەوە لە پلانی پێکهێنانی هێزی پاسەوانی سنوور زۆر بە ڕوونی سنووری بەرتەسکی دەسەڵاتی ئەمریکا بەسەر تورکیا و ڕووسیادا دەردەخات.

لە ماوەی ئەو ساڵەدا گەورەترین دەستکەوتی ئیدارەی ترەمپ لە سووریا و عێراق تێکشاندنی خەلافەتەکەی داعشە، بەڵام ترەمپ هەر لە سەرەتاوە ڕایگەیاندبوو کە شەڕی وڵاتەکەی لە سووریا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیمەشق نییە، بەڵکو لەدژی خەلافەتەکەی داعشە کە واشنتن بە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی خۆی دەیبینی.

بەو پێیەش سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ، هاوشێوەی سیاسەتی ئیدارەی پێشتر، بریتی بوو لەوەی خۆیان لە تێوەگلان لە شەڕی هەمەلایەنەی سووریا بپارێزن، هەر ئەوەش دەرگای بۆ ڕووسیا، ئێران و تورکیا کردووەتەوە ڕووداوەکانی شەڕی نێوخۆی سووریا ئاراستە بکەن کە دواترین نموونەیان ئۆپەراسیۆنی عەفرینە.

ئیدارەی ترەمپ، بە پێچەوانەی ئیدارەی پێشوو، پەیوەندییەکی نزیکتری لەگەڵ هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دروستکرد، گرتنەوەی ڕەققە و دەرکردنی داعش لە ناوچەکانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی سووریا بەرهەمی ئەو هاوبەشییە بوو. ئێستاش ئەمریکا دەیەوێت ئەو هێزانە بۆ بەرپەرچدانەوەی فراوانخوازیی ئێران لە سووریا بەکاربهێنێ، بەڵام پەیوەندییەکانی واشنتن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی عەرەب و تورکمانی سوننەی سووریا لاوازتر بووە.

ئەم دوو هەڵوێستە پەیوەندییەکانی نێوان واشنتن و ئەنقەرەی هێندەی دیکە ئاڵۆز کرد و تورکیای لە ڕووسیا و ئێران نزیکتر کردووەتەوە، بۆیەش زۆربەی ڕووداوەکانی ئەمدواییەی سووریا بەرهەمی هاوئاهەنگیی سێ لایەنەی مۆسکۆ، تاران و ئەنقەرە بووە و واشنتن بەشێوەیەکی سەرەکی خۆی لە پرۆسەی سیاسیی سووریا بەدوور گرتووە.

## لە سایەی بێدەنگیی واشنتن و گڵـــۆپی سەوزی مۆسکۆ و دیمەشق

# عەفرین لەبەردەم هەڕەشەی جەنگ و کاولکاریدا



شەڕی عەفرین گرژییەکانی نێوان پەکەکە و ئەنقەرە لە نێوخۆی تورکیاش قورستر دەکات

(فۆتۆ: AFP)

**ڕووداو- هەولێر**

تاوەکو چەند ڕۆژ لەمەوبەر بڕیار بوو ئەمریکا هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوا لە چوارچێوەی هێزێکی 30 هەزار کەسی بۆ پاراستنی سنوور ڕێکبخات، بەڵام درەنگانی شەوی هەینی وەرەقەکان هەڵگەڕانەوە، کاتێک تورکیا دەستی بە تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی عەفرین کرد. شەوی شەممە تۆپباران بۆ ئۆپەراسیۆنێکی هەمەلایەنە بە ناوی "ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون" گۆڕا. ئۆپەراسیۆنەکە دوای هەفتەیەک هەڕەشەی توندی بەرپرسانی تورکیا لە دژی ناوچەی عەفرین دێت. ئیدارەی ئەمریکا کە تاوەکو هەفتەیەک لەمەوبەر باسی پڕچەککردنی "هاوبەشە کوردەکان"یان دەکرد، بە وریاییەوە باسی دۆخەکە دەکەن. بەرپرسێکی پێنتاگۆن کە ناوی ئاشکرا نەکراوە، بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانی ڕاگەیاندووە "داوا لە هەموو لایەنەکان دەکەین خۆیان لە ئاڵۆزترکردنی دۆخەکە دووربگرن و فۆکەسیان لەسەر ئەرکە گرنگەکە بێت کە تێکشکاندنی داعشە". لەلایەکی دیکەوە هیزەر ناورت، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەڤانی وەزارەتەکەیدا ڕایگەیاند "داوا دەکەین ـ بێگومان مەبەستمان تورکیایە ـ ئەم جۆرە هەنگاوانە نەنێت".

گوتەبێژەکەی وەزارەتی دەرەوەش جەختی لەوە کردەوە کە تەرکیز دەبێت تەنیا لەسەر شەڕی داعش بێت. لێدوانەکانی وەزارەتی دەرەوە و پێنتاگۆن لەلایەکەوە ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە ئەمریکا بۆ قۆناغی دوای داعش هیچ پلانێکی نییە و لەلایەکی دیکەشەوە ئاشکرای دەکەن کە ئەمریکا لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست جێپێیەکی نەماوە و ناتوانێت ڕووداوەکان ئاراستە بکات، لە کاتێکدا لێدوانەکانی ئیدارەی ئەمریکی لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا زیاتر لە لێدوانەکانی کاتی هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەری سەر کەرکووک دەچن کە ئەمریکا بە دەستەوەستانی سەیری ڕووداوەکانی دەکرد.

بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەش ئاشکرای کردووە کە ڕێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی تورکیا و ڕووسیا قسەی کردووە، بەڵام وردەکاری گفتوگۆکەی نەخستووەتەڕوو. هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە سێ ساڵی ڕابردوودا خاڵی ناکۆکی نێوان ئەنقەرە و واشنتن بوون. ئەمریکا هێزە کوردییەکانی سووریای بە گەورەترین هێزی هاوبەشی زەمینی لە شەڕی دژی داعش لە سووریا ناودەبرد، تورکیا ئەو هێزانە بە درێژکراوەی پارتی کرێکارانی کوردستان دەزانێ.

سام هێلەر، لێکۆڵەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی سەتە، لە وتارێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەمریکا لە عەفرین پشتگیری لە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ناکات، چونکە "لەو ناوچەیە هیچ چەکدارێکی داعشی لێ نییە". لە سێ ساڵی ڕابردوودا، ئەمریکا هەوڵەکانی خۆی لە سووریا لە چوارچێوەی تێکشکاندنی داعشدا سنووردار کردووە و مەلەفی چارەسەری قەیرانی سەرانسەری سووریای ڕادەستی ڕووسیا، تورکیا و ئێران کردووە و خۆی لە دەستێوەردان لەو ناوچانە دوورگرتووە کە لە زۆنی نفوزی هێزەکانی نزیک لە ئەمریکادا نین. عەفرین تەنانەت لەو ناوچانەشدا نەبووە کە فەرماندەیی هێزەکانی ئەمریکا ڕایگەیاندبوو بە نیازی دروستکردنی هێزی پاسەوانی سنوورە بۆیان.

پێشتر گومان دەکرا وجوودی هێزەکانی ڕووسیا لە عەفرین ڕێگر بێت لەوەی تورکیا ئۆپەراسیۆنەکان بۆ قووڵایی عەفرین بگوازێتەوە. کۆتایی هەفتەی پێشوو بەرپرسانی سەربازیی تورکیا و ڕووسیا مۆسکۆ کۆبوونەوە. دوو ڕۆژ دواتر وەزارەتی بەرگریی ڕووسیا ڕایگەیاند کە هێزە چاودێرەکانیان بۆ تەلعەجار و تەلرەفعەت دەگوازنەوە، کە ناوچەی ئارامن. پێشتر سێرگێی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، ڕەتیکردبووەوە هێزەکانیان لە عەفرین کێشابێتەوە.

کەریم هاس، پرۆفیسۆری پەیوەندییەکانی ڕووسیا و تورکیا لە زانکۆی مۆسکۆ، بە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی ڕاگەیاند "دیمەنەکان باسی ئەوەمان بۆ دەکەن کە بەرژەوەندییەکانی تورکیا و ڕووسیا خەریکە گۆڕانیان بەسەردا دێت". بە بۆچوونی هاس ڕووسیا نایەوێت خۆی تێکەڵ بە شەڕێکی 100 ساڵەی نێوان تورکیا و کورد بکات، وەکو چۆن ناشیەوێت یارمەتی تورکیا بدات، ئەگەر سوپای تورکیا لە عەفرین تووشی کێشە بوو. هاس دەڵێت "ڕووسیا بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە سووریا نییە".

ڕامی عەبدولڕەحمان، بەرپرسی ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤی سووریا، بە ئاژانسی (ئەسۆشیێتد پرێس)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە کە تورکیا هێزێکی 10 هەزار کەسی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بەشدار بن. فەرماندەیەکی گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیاش ئاشکرای کردووە کە هەزاران کەس لەو چەکدارانە لە عەزاز جێگیرکراون و سەدان کەسیشیان لە ئەتمە لە باشووری عەفرین چاوەڕێی فەرمانی هێرش بۆ سەر عەفرین دەکەن. "ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون" مەترسی گەورەشی بۆ تورکیا پێوەیە. یەپەگە هەشت بۆ دە هەزار شەڕڤانی لە عەفرین هەیە کە ئەزموونی سێ ساڵ شەڕ لەگەڵ داعش و گرووپە توندئاژۆ ئیسلامییەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریایان هەیە. جیا لەمە چاوەڕێ دەکرێت شەڕی عەفرین گرژییەکانی نێوان پەکەکە و ئەنقەرە لە نێوخۆی تورکیاش قورستر دەکات.

چاوەڕێ دەکرێت ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا و ئۆپۆزیسیۆنی سووریا نارەزایەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیشی لێ بکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی دەیان هەزار ئاوارەی ناوچەکانی دیکەی سووریا لە ناوچەی عەفرین نیشتەجێن، ژمارەیەکی زۆر لەو ئاوارانە لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا بە هۆی قورسبوونەوەی شەڕی ئدلیب لە نێوان حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن، ڕوویان لە عەفرین کردووە. ئێستا ناوچەی عەفرین 880 هەزار هاووڵاتی مەدەنی تێدا دەژی.

ئارۆن ستاین، لێکۆڵەری کاروباری سیاسی و ئەمنیی سووریا لە ئەنجوومەنی ئەتلانتیک، پێیوایە یەکێک لە کێشەکانی شرۆڤەکاران ئەوەیە کە "تاوەکو ئێستاش هیچ کەسێک نازانێت تورکیا بەنیازی چییە". ستاین چاوەڕێش دەکات "دانیشتووانی عەفرین دژی ئەو هێزانە هەڵوێست وەربگرن کە تورکیا پشتگیرییان دەکات".

لێکۆڵەرەکەی ئەنجوومەنی ئەتلانتیک لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی دەڵێت، هەوڵە نهێنییەکانی ڕووسیا و ئەمریکا بۆ نزیککردنەوەی هێزە کوردییەکان و حکومەتی سووریا دەکرێت یەکێک لە پاڵنەرەکانی هێرشەکەی تورکیا بێت، چونکە بەبۆچوونی ستاین "ئەمە ئەو شتەیە کە تورکیا کەیفی پێ نایەت و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە نارەزایەتی خۆی دەرببڕێ".

ژمارەیەک لە لێکۆڵەرانی لایەنگری ئۆپۆزیسیۆنی سووریاش پێیانوایە ئۆپۆزیسیۆن هەڵە دەکات کە بووە بە بەشێک لە مەرامەکانی تورکیا. بەناوبانگترینی ئەو لێکۆڵەرانە حەسەن حەسەن، لێکۆڵەری پەیمانگای چەسم هاوسی بەریتانییە کە لە تویتێکدا دەڵێت "ئەمە بێماناترین و گەمژانەترین شەڕە کە ئۆپۆزیسیۆن بەشداریی تێدا کردبێت. ئۆپۆزیسیۆن نەک هەر هیچ بەرژەوەندییەکیان لەم شەڕەدا نییە، بەڵکو زیان بە دۆزەکەی خۆشیان دەگەیەنن"، کە گۆڕینی سیستەم و دەسەڵاتی سیاسییە لە سووریا.

### نەمانی داعش و خەونی تورکیا

لە دوو ساڵی ڕابردوودا ئەنقەرە خۆی لە ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ سەر ناوچە کوردییەکانی سووریا بەدوورگرت، ڕەنگە لە چوارچێوەی لێکتێگەیشتنی واشنتن و ئەنقەرە بووبێ بەهۆی ئەوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات تاکە هێزی شەڕکەری سەر زەوی بوون لە جەنگی دژی داعشدا. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی (ستراتفۆر) تورکیا چاوەڕێ بوو ئەمریکا دوای تێکشکانی داعش لە ناوچە کوردییەکان بکشێتەوە و یارمەتییەکانی بۆ هێزە کوردییەکان بوەستێنێ. لە لایەکی دیکەوە تورکیا بەنیاز بوو نفووزی خۆی لەناو ئۆپۆزیسیۆن وەکوو کارتێک بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی ڕووسیا ڕێگەی هێرشی سەر ناوچە کوردییەکانی پێبدات. دۆخی ئێستای ناوچەکە لە دۆخی کۆتاییەکانی 2016 دەچێت، کاتێک هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لە ڕۆژهەڵاتی حەلەب بەرەنگاری هێزەکانی لایەنگری حکومەت دەبوونەوە. ئەو کات تورکیا بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات و گرتنی جەرابلوس ئامادە بوو پشتی ئۆپۆزیسیۆن بەربدات. ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فوراتیش بۆ دابڕاندنی عەفرین لە دوو کانتۆنەکەی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان بوو. ئایا تورکیا ئەمجارەشیان ئۆپۆزیسیۆنی سووریای لە ئدلیب بۆ هێرشەکانی عەفرین پشتگوێ خستووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پێگە و چارەنووسی ئۆپۆزیسیۆن لە شەڕی نێوخۆی سووریادا دەگۆڕێت.

## ...مرائیل بە واشنتندا تێدەپەڕێت

# ...ــــارە ...ــۆدەکاتەوە؟

بکاتەوە. شارەزایان پێیانوایە واشنتن دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لەوەی بن سەلمان جدیتر بیر لەو هەنگاوە بکاتەوە، بە تایبەتیش ئەگەر لە شەڕی حووسییەکانی یەمەن هاوکارییەکی زیاتری بکەن.

### فەلەستین تاکە هۆکار نییە

ئیسرائیلییەکان بە چاوێکی ئەرێنی سەیری هەنگاوە توندەکانی بن سەلمان لە ناوچەکە دەکەن، بەتایبەتیش شەڕی ڕیاز لە دژی حووسییەکانی یەمەن و گوشارەکانی لەسەر حیزبوڵڵای لوبنان و قەتەر. بەڵام گۆزانسکی و هەیستاین دەڵێن "هەنگاوەکانی ڕیاز کۆمەڵێک لە لاوازییەکانی سعودیەشی دەرخستووە". بۆیەش تاکە کێشە ئەوە نییە سعودییەکان ناوێرن بە ئاشکرا باسی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل بکەن، بەڵکو نفووز و کارایی سعودییەکان لە ناوچەکەش هۆکارێکی دیکەیە کە وای کردووە تەلەڤیڤ بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ مەلەفی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودیە بکات. بێ شتر دەسەڵات و نفووزی سعودیە لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا بۆ وجودی دوو حەرەمەکە: (کەعبە و مەزاری پێغەمبەری ئیسلام)، هەروەها دەستڕۆیشتووییە

ئابوورییەکەی لە هاوکاریکردنی وڵاتانی هەژار و باڵادەستییەکەی بەسەر بازاڕی نەوتدا دەگەڕایەوە، بەڵام ئێستا هیچکام لەوانە وەکوو جاران شەرعیەت بە دەسەڵاتی سعودیە نادەن. دامەزراوەی ئاینیی سعودیە کە لەژێر چاودێری و پشتیوانی ئالی سعوددایە، دەسەڵاتی جارانی نەماوە. هاوکارییەکانی سعودیەش بۆ گرووپە سەلەفییە جیهادییەکان بە هۆکاری سەرهەڵدانی گرووپە توندوتیژە ئیسلامییەکان دەزانرێ و گومانی زیاتری لەسەر ئەو دامەزراوە ئاینییانە دروستکردووە.

ڕەوشی دارایی سعودیەش ئەو قورساییەی جارانی نەماوە، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی سعودیە لە چەند دەیەی ڕابردوودا دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بووە، دابەزینی نرخی نەوت و بەرزبوونەوەی خێرای ژمارەی دانیشتووان باری سەرشانی حکومەتی قورس کردووە، بۆیەش بن سەلمان دەیەوێ ئابووریی سعودیە لە نەوت دووربخاتەوە و خەرجییەکانی سەر حکومەتیش کەم بکاتەوە.

لە حەوت ساڵی ڕابردوودا پەیوەندییەکانی سعودیە و ئەمریکاش درزیان تێکەوتووە. ئەمریکییەکان کێشەیان لەگەڵ ئەو کولتوور و بەهایانەدا هەیە کە سعودیەکان چەندین دەیەیە بڵاوی دەکەنەوە. سعودییەکانیش لە دوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی چیدی متمانەی جارانیان بە ئەمریکا نەماوە. کاردانەوەی ئەمریکا بەرامبەر ڕاپەڕینی خەڵکی میسر و سووریا بوونە هۆی ئەوەی سعودیە ئەمریکا بە هاوپەیمانێکی جێی متمانە نەزانێ. هەموو ئەو هۆکارانە ڕۆڵیان هەیە لەوەی نفووز و کارایی سعودیە لە ناوچەکەدا لاواز بێ.

گۆزانسکی و هەیستاین پێیانوایە سەرەڕای بەربەستەکانیش، پەیوەندییەکانی سعودیە و ئیسرائیل ڕێگەیەکی درێژی لەبەرە بۆ ئەوەی پەیوەندییە نافەرمییەکانیان بە هەموو توانای خۆیانەوە بەردەوام بن و کاریگەری لەسەر دۆخی ناوچەکە دابنێن، بەڵام هەردوو لێکۆڵەرەکە دەڵێن تەلەڤیڤ دەبێت ئەو بەربەستانەش لەبەرچاو بگرێت کە سعودیە لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا هەیەتی، بۆ ئەوەی خەونێکی گەورە لەسەر پشتی توانا گەورە کراوەکانی سعودیە هەڵنەچنێ.

> هەنگاوەکانی ڕیاز کۆمەڵێک لە لاوازییەکانی سعودیەشی دەرخستووە
>
> گۆزانسکی و هەیستاین



مەلەفی ئێران هانی بن سەلمان دەدات بیر لە پەیوەندییەکی سنووردار لەگەڵ ئیسرائیل بکاتەوە

# ...ــــاوەی یەک ساڵ حوکمی ترەمپدا

### عێراق

گەورەترین دەستکەوتی ئەمریکا لە عێراق ڕزگارکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش بووە، بەڵام هەر ئەو دەستکەوتە دەتوانێت لە چەند ساڵی داهاتوودا هەوێنی سەرئێشەی نوێ بێت بۆ ئەمریکا و ناوچەکە و تاوەکو ئێستاش دیار نییە سیاسەتی ئەمریکا بۆ عێراقی پاش داعش چییە.

ئەمریکا ڕایگەیاندووە کە ئامادە نییە بەشدارییەکی کارای لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشدا هەبێت، لە کاتێکدا شەڕی سێ ساڵە لەدژی داعش زۆربەی شار و ناوچەکانی نێوەڕاستی عێراقی وێران کردووە و چەند ملیۆن خەڵکی لە ماڵ و حاڵی خۆی هەڵکەندووە. شەڕی دژی داعش، گەندەڵی دارایی و دابەزینی بەرچاوی نرخی نەوت، ئابووریی عێراقی داتەپاندووە، هەر بۆیە ئەستەمە بەغدا بتوانێت بەتەنیا ئەو ئەرکە قورسە هەڵگرێت. شکستی عێراق لەو بوارەدا دەتوانێت زەمینەی ڕووداوەکانی 2013 و سەرهەڵدانەوەی گرووپە توندڕەوە جیهادییەکان ساز بکاتەوە.

هیچ ڕووداوێکی ساڵی ڕابردووی عێراق هێندەی هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەری کەرکووک ئەو ناڕوونییەی سیاسەتی ئەمریکای بۆ عێراقی پاش داعش دەرنەخستووە. ئەو ڕووداوە دوو ڕاستیی سیاسەتی ئەمریکای بۆ عێراق دەرخست: یەکەمیان دەسەڵاتی ئەمریکا بوو بەسەر حکومەتی عێراقدا. ڕاپۆرتە ڕۆژنامەڤانییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە چەند ڕۆژێک پێش هێرشەکانی کەرکووک، ئەمریکا هەوڵێکی شکستخواردووی بۆ ڕێگری لە هێرشەکانی کەرکووک دەستپێکردبوو.

ڕاستیی دووەمیان کە کاردانەوەی لەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبێت، پەیوەندی بە هێز و نفووزی ئەمریکاوە لەبەرامبەر ئێران هەیە.

کەوتنی کەرکووک تەنیا کوردی لە ئەمریکا بێئومێد نەکرد، بەڵکو وڵاتانی عەرەبیشی گەیاندە ئەو بڕوایەی کارتەکانی بەردەستی ئەمریکا لەبەرامبەر ئێراندا زۆر کەمن، بۆیەش ناتوانن بۆ بەرپەرچدانەوەی فراوانخوازییەکانی تاران تەنیا پشت بە واشنتن ببەستن، ئەم هەڵوێستەی وڵاتانی سوننەی ناوچەکە کاریگەریی ئەمریکا لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەمتر دەکاتەوە.

### ئێران و سعودیە

لە ئاستی گوتاری سەر شاشەکاندا، ئیدارەی ترەمپ هەمان ئەو شتە لەدژی ئێران دەڵێت کە وڵاتانی عەرەبی خەونی پێوە دەبینن، لەوانەش لێسەندنەوەی متمانە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران، بەرەنگاربوونەوەی پلانی ئێران بۆ گەورەکردنەوەی هەژموونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پشتگیریکردن لە نارەزایەتییە نێوخۆییەکانی ئێران، بەڵام زۆربەی شارەزایان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئیدارەی ترەمپ هەر لەسەرەتاوە هیچ ستراتیژێکی یەکانگیری بۆ ئێران نەبووە. ئیدارەی ترەمپ هیچ هەنگاوێکی بەرهەمداری لەدژی ئێران نەناوە و چاوەڕێش ناکرێت لە ساڵی دووەمی دەسەڵاتی خۆیدا هیچ هەنگاوێکی ستراتیژی لەدژی ئێران بهاوێژێ. دەستەوستانیی ستراتیژی ئەمریکا لە ئاست پلانی ئێران بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پاش داعش دەتوانێت وڵاتانی ناوچەکە هانبدات سیاسەتی تاکلایەنەی توند لەدژی ئێران بگرنەبەر، کە ئاکامی کارەساتباری بۆ هەموو ناوچەکە دەبێ.

ئەوەی زیاتر لە هەموو شتێک دەریدەخات واشنتن هیچ پلانێکی ئەوتۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران نییە، ئەوەیە کە زۆربەی هەنگاوەکانی ئەو ئیدارەیە لە قازانجی ئێران شکاونەتەوە: هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە نەک هەر تاران و ئەوروپای نزیکتر کردووەتەوە، بەڵکو بەرەیەکی ڕووسی، چینی و ئەوروپی لەدژی هەوڵەکانی ئەمریکا لەو بوارەدا دروستکردووە.

جگە لەمەش، بە پایتەخت ناساندنی ئورشەلیم لەلایەکەوە بیانووی بە ئێران داوە بۆ ئەوەی مەشروعیەتی نوێ بۆ دژایەتی ئیسرائیل بەدەستبهێنێ و لەلایەکی دیکەشەوە وای کردووە وڵاتانی عەرەبی بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ مەلەفی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل بکەن، ئەم هەنگاوە بە کردەوە ئاسۆی پەیوەندیی وڵاتانی عەرەبی سوننە و ئیسرائیلی لەدژی ئێران لێڵتر کردووە.

خێراترکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی تێکشکاندنی داعش لە عێراق بێ ئەوەی هیچ پلانێک بۆ ڕۆژی دواتر هەبێت، وای کردووە بۆشاییەکی ئەمنی و ئیداری لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشدا دروست ببێت کە جگە لە میلیشیاکانی سەر بە ئێران هیچ هێزێک نییە پڕیان بکاتەوە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# ئەمریکا دەڕوا، ئێران دەمێنێتەوە

لە چەند وتارێکی تردا باسی ئەوەم کردووە کە پێویستە هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکانیدا هاوسەنگی لە نێوان ئەمریکا و ئێران رابگرێت و نەبێتە لایەنگری هیچ کامیان لە ململانێ لەگەڵ ئەوی دیکە، چەند جارێکیش رەخنەی ئەوەم لە سیاسەتی کوردستان گرتووە کە رۆڵ و پێگەی ئێران لەبەرچاو ناگرێت لە هاوکێشە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکاندا و بیانووی ئەوەمان رەخساندووە کە ئێران وەک مەترسی بۆ سەرخۆی لە ئایندەی هەرێمی کوردستان بڕوانێت.

رووداوەکانی چەند مانگی رابردوو ئەوەی دەرخست ئێران داینەمۆی ئەو مانۆڕە سیاسی و سەربازی و دیبلۆماسی و گوشارە ئابوورییانە بوو کە خرانە سەر کوردستان و بەهۆیانەوە نزیکەی نیوەی جوگرافیا و سەرچاوەی داهاتی کوردستان کەوتنەوە ژێر کۆنترۆڵی بەغدا و لەڕووی سەربازییەوە شکۆی کورد شکا و لەڕووی سیاسیشەوە بووە هۆی ئەوەی مل بۆ سەرلەنوێ پاشکۆیەتی عێراق کەچ بکەین. دەکرا ئاراستەی رووداوەکان بەو ئاقارەدا نەچووبا، بەڵام هەڵوەستەی ئێران لە ئێمە و هەژموون و کاریگەریی لەسەر هەڵوێستی وڵاتانی دیکەی پەیوەندیدار بە عێراق ئەوەی لێکەوتەوە کە ئێستا دەیبینین. تەنانەت گومانی ئەوە دەکرێت مەکگۆرک نێردەی ئەمریکی و سەفیرەکەشیان لە بەغدا، پەیوەست بەم پرسە، سەرباری ناکۆکی و ململانێی نێوانیان، کەوتبنە ناو ئەجندای ئێرانەوە.

ئێستا خەریکە هاوکێشەکان دەگۆڕدرێن، کوردستان بەشێکی مەترسییەکانی تێپەڕاند و هەندێ لەو دەرگایانەی بەسەریدا داخران، بەڕوویدا کراونەتەوە. بەڵام ئەم کرانەوەیە ناکاتە ئەوەی کە ئیتر رووبەڕووی مەترسیی دیکە نابێتەوە، بەتایبەتی کە هێشتا ئێران تێگەیشتنی نەگۆڕاوە لەبارەی ئەوەی هەرێمی کوردستان سەرچاوەی هەڕەشەیە بۆی. لە دوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە چەند جارێک لە گوتاری ئاینی نوێژی هەینیی تاراندا، وەک مەترسی بۆ سەقامگیریی ناوچەکە ئاماژە بە هەولێر دەکرێت. لەگەرمەی خۆپیشاندانەکانی مانگی رابردووی شارەکانی ئێرانیشدا لەزاری موحسین رەزایی بەرپرسی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەولێر بە سەرچاوەی هەڵگیرساندنی خۆپیشاندانەکان تۆمەتبار کرا. ئەمانە ئاماژەی مەترسیدارن بۆئەوەی ئێران دەیەوێ رای گشتی وڵاتەکەی وا ئاراستە بکات کە کوردستان نزیکترین دوژمنە لێیانەوە.

کوردستان نابێت ئەو هەڵانەی رابردووی دووبارە بکاتەوە و گوێ نەداتە ئەو ئاماژە مەترسیدارانە. پێویستە ئەم دیدەی ئێران بگۆڕێت. ئێران هیچ بەڵگەیەکی نییە بۆ ئەوەی هەولێر وەک سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی وێنا بکات، بەڵام بیانووی ئەوەی پێیە بەو جۆرە لە هەولێر بڕوانێت. چونکە پێیوایە هەولێر دۆستی نەیارەکانیەتی. کاتێ لەسەر نەخشە تەماشای عێراق دەکات، جگە لە هەولێر و دهۆک هەژموونی خۆی بەسەر هەموو عێراقدا سەپاندووە، لێرەوە چاوی بڕیوەتە ئەو جوگرافیایەش. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ناکرێت هەولێر دۆستی تارانیش بێت؟ لە کاتێکدا ئێستا و تا ماوەیەکی دوورتریش مانەوە و لەسەرپێوەستانی بەستراوە بەوەی کە لانیکەم ئێران بەچاوی مەترسی لێی نەڕوانێت.

رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، داگیرکردنی کەرکووک و جینۆسایدی خورماتوو، پێویستی بەوە هەیە کە کوردستان هەڵسەنگاندنێک بۆ هەڵوێست و جۆری مامەڵەی دۆستە ئەمریکی و ئەوروپیەکانی بکاتەوە. بەتایبەتی کە بۆی روون بووەتەوە ئەگەر ئەمریکا و ئەوروپا راستەوخۆش یارمەتیدەری فراوانخوازیی ئێران نەبن، بە ناڕاستەوخۆ هۆکاری سەپاندنی هەژموونی ئێرانن بەسەر تەواوی ناوچەکەدا. جیا لەوەش چاوپۆشینی رۆژئاوا لە داگیرکردنەوەی بەشێکی کوردستان لەژێر فەرماندەیی راستەوخۆی فەرماندەکانی سوپای پاسدارانی ئێران و چاوپۆشینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاستی پەلامارەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین، دەبێ بایی ئەوە رامانچڵەکێنێ و بەشی ئەوە بەئاگامان بێنێتەوە کە تێبگەین لەوەی وێڕای ئەوەی هەر یەک لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە بەزهنیەتی سەردەستە و ژێردەستە مامەڵە لەگەڵ کورد دەکەن، بەڵام کێشەی کورد لەگەڵ ئەو سیاسەتە نێودەوڵەتیەشدایە کە نەخشەدارێژەری ئەو دابەشکاریەن و ئێستاش پاسەوانی مانەوەی ئەو دۆخەن.

هاوکێشەکانی ئێستا پێچەوانەی هەموو لۆژیکێکی سیاسین، دابەشبوونی کورد بەسەر وڵاتانی ناچەکە و دابەشبوونی ئەو وڵاتانە بەسەر هاوکێشە هەرێمایەتیەکاندا، وای دەخواست کە کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان جۆری پەیوەندی و هەماهەنگیی خۆی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لەسەر بنەمای ئەو دابەشکارییە هەرێمایەتییە بێت کە لەرابردوودا کورد بۆ شۆڕش و راپەڕینەکانی کەڵکی زۆری لێ وەرگرتووە. لە رابردوودا عێراق و تورکیا دوو دەوڵەتی سوننی بوون، ئێران و سووریا شیعە بوون. کورد لە کوردستانی عێراق و لە کوردستانی تورکیا پشتیوانیی ئێران و سووریای هەبوو لە هەموو شۆڕش و راپەڕینەکانیدا. هەروەها بە پێچەوانەشەوە عێراق و تورکیاش سوودیان لە ناکۆکی و کێشەی کورد لە ئێران و سووریا وەرگرتووە.

ئێستا لەگەڵ ئەوەی هاوکێشە هەرێمایەتیەکە گۆڕاوە بەوەی سێ دەوڵەتی ناوچەکە شیعەن و تورکیا تاکە وڵاتی سوننەی ناوچەکەیە، لۆژیکی سیاسی و جۆری ناکۆکییە هەرێمایەتییەکان وای دەخواست کوردیش لەگەڵ ئەم گۆڕانە سیاسیەی ئەو وڵاتانەی کێشەی کوردیان تێدایە، جۆری پەیوەندییەکانی رێکبخاتەوە، کەچی واقیعی ئێستا پێچەوانەیە. ئێران تا ئەندازەیەک کێشەی کوردی لە ناکۆکییە هەرێمایەتیەکاندا خستووەتە دەستی خۆیەوە، کورد لە سووریا و کورد لە تورکیا، واقیع خەریکە ئەوەش فەرز دەکات کە کورد لە عێراقیش، هەموویان وابەستەی ئێران بن. ئەگەر ئێران هەڵگری ئەو خەسڵەتە بووایە کە کێشەکان چارەسەر بکات، ئەمە یارمەتیدەرێکی باش دەبوو بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی ئاشتیانەی کێشەی کورد لەو سێ وڵاتە شیعییە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە ئێران هەوڵ دەدات کێشەکان لەخۆیدا بتوێنێتەوە نەک چارەسەریان بکات.

سەرباری ئەو مەترسیەش کە ئێران نابێتە هۆکاری چارەسەرکردنی کێشەی ئێمە لە عێراق و ئەوەندەی لە رێگەی بەغدای سێبەری تارانەوە دەیەوێ زیاتر لاوازمان بکات، بەڵام هێشتا بەپیرەوەچوونی ئەم رێگەیە باشترە لە دوژمنایەتیکردنی. چونکە لەدۆخێکی وەک ئێستادا کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی چاوی لە ئاستی تاوانکارییەکانی جیهان داخستووە و وڵاتانی رۆژئاواش لەسەرووی هەموویانەوە ئەمریکا ئەگەر تاکتیک و پەلکێشکردنی ئێرانیش بێت بۆ ناو قووڵایی ململانێکان، بە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یارمەتی فراوانخوازیی ئێران دەدەن، لە دۆخێکی وادا ناکرێت ئێران ئێمە بەتەنها کۆسپی بەردەم ئامانجەکانی ببینێت. ئەزموونیش ئەوەی بۆ دەرخستووین کە دواجار ئەمریکا دەڕوات و ئێران لە ناوچەکە دەمێنێتەوە.

ئەگەر بەناچاری یان بۆ تێپەڕاندنی کات، یاخود وەک گەمەیەک بۆ دوورخستنەوەی مەترسیەکەش بێت، پێویستە هەولێر رووی لە تاران بێت، ئەوەش سەلمێندراوە کە بەغدا هیچ بڕیارێکی لەدەستی خۆیدا نییە، جا بۆ هەلومەرجێکی وەک ئێستا کە کوردستان مەحکومە بەوەی جارێ لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە، باشترە راستەوخۆ لەگەڵ خاوەن بڕیار مامەڵە بکات نەک لە دەستی دووەمەوە.



پۆڵ دەیڤیس*

# عەفرین شایانی ئەوەیە ئەمریکا شەڕی بۆ بکات؟

سوپای تورکیا سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ هێرشێکی هەمەلایەنە بۆ دەرکردنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە عەفرین، کە تورکیا بانگەشەی ئەوە دەکات درێژکراوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)یە. پەکەکە لە لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکانی تورکیا و ئەمریکادایە. ئەگەر ساویلکە نەبین، دەبێت قەبووڵی بکەین کە پەیوەندییەک لەنێوان یەپەگە و پەکەکەدا هەیە، هەرچەندە پەیوەندییەکە تەنیا ئایدیۆلۆژیش بێت. تەنانەت ئەگەر وای دابنێین کە پەیوەندی یەپەگە و پەکەکە لەوەش زیاترە، دیسانیش یەپەگە هیچکات لە تورکیادا چالاکی نەکردووە و هیچ مەیلێکیشی نیشان نەداوە کە بەنیازە لە داهاتوودا بیکات. هەر کاتێک کوردی سووریا دەستەویەخەی سوپای تورکیا یان هێزەکانی سوپای ئازادی سووریای بووبن، پێکدادانەکە لە سووریا و بۆ بەرگریکردن لە خۆیان بووە.

رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، بە کۆمەڵێک دەستەواژەی لێڵ رایگەیاند کە وڵاتەکەی بڕیاری داوە هێرش بکاتە سەر ئەو هێزانەی ئەو بە "تیرۆریستانی سەر سنوور"یان دەزانێت. ئەوەی تائێستا ئەردۆغانی لەو هەوڵە گرتبووەوە ئەو پاراستنە بوو کە سووریا، رووسیا و ئەمریکا پێشکەش بە کوردەکانیان کردووە.

ئێستا ئەو پرسیارەی دەبێت بکرێت ئەوەیە کە ئایا رووسیا رێگە دەدات تورکیا پشتگیری ئاسمانی پێشکەش بە هێزەکانی سوپای ئازادی سووریا بکات؟ ئایا ئەمریکا ئامادە دەبێت بە پێشکەشکردنی سیستەمی دژە مووشەک هێزەکانی یەپەگە بپارێزێت؟ لە چەند رۆژی رابردوودا تورکیا لە مۆسکۆ بوو بۆ ئەوەی لەسەر مافی بەزاندنی سنووری ئاسمانیی سووریا لەگەڵ رووسەکان دانوستاندن بکات، چونکە سنووری ئاسمانیی سووریا لەژێر چەتری پاراستنی رووسیادایە. حکومەتی سووریا پێشتر رایگەیاندووە کە هەر فڕۆکەیەکی تورکی سنوورە ئاسمانییەکەیان ببەزێنێت دەیکەنە ئامانج. سیستەمی دژە مووشەکی (ئێس 400)ی رووسیش دەتوانێت بە ئاسانی عەفرین بپارێزێت. جیا لەمە ژمارەیەک راپۆرتی پشتڕاستنەکراوە باسی ئەوە دەکەن کە ئەمریکا چەکی قورسی سەرشان و چەکی دژە مووشەکی ناسراو بە (MANPADS)ی بە هێزەکانی یەپەگە داوە. راپۆرتی دیکەش هەن کە ئەمریکا رەتیان دەکاتەوە و باس لەوە دەکەن واشنتن چەکی دژە تانکی ناسراو بە (Javelin) ی پێشکەش بە شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل کردووە. هیوادارم تورکیا لەوە تێبگات کە هەرچەندە لەسەر کاغەز دەتوانن بەسەر هێزە کوردییەکاندا زاڵ بن، بەڵام شەڕەکە شەڕێکی خوێناوی دەبێت.

ئەمجارەیان بە پێچەوانەی کاتی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات هەلومەرجەکان جیاوازن. ئیدارەی ئۆباما بە ناڕاستەوخۆ ئۆپەراسیۆنەکەی پەسەند کرد، هەرچەندە هێرشەکە تاوەکو رادەیەک لەدژی هێزەکانی نزیک لە ئەمریکا بوو. ئێستا داعش نەماوە و جگە لە پاشماوەی چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن هیچ هەڕەشەیەکی راستەوخۆ لەسەر هێزەکانی حکومەت نەماوە. بە پێچەوانەی 2016 (واتە کاتی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات)، ئەمریکا رایگەیاندووە کە بەنیازە هێزەکانی خۆی لە سووریا بهێڵێتەوە و ئامادەشە "بۆ شەڕێکی هەتاهەتایی"، ئەگەر بەرژەوەندی و ئامانجەکانی ئەمریکا وا بخوازێت.

کاربەدەستانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاماژەی تێکەڵاو و لێڵیان بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناردووە. ئیدارەی ئەمریکی لەلایەکەوە باسی ئەوە دەکات کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە سووریا دەمێننەوە، لەلایەکی دیکەشەوە لە واشنتن باسی ئەوە دەکرێت کە حکومەتی ئەمریکا ئامادە نییە راستەوخۆ یارمەتی کوردی عەفرین بدات، لە کاتێکدا هەر ئەو کوردانە هاوپەیمانی ژمارە یەکی ئەمریکا بوون لە شەڕی دژی داعش لە سووریا.

ئەمریکا تاوەکو ئێستاش پشتگیری لە خواستی خەڵکی سووریا بۆ لادانی ئەسەد دەکات، بەڵام هیچ پلانێکی کاریگەری نییە بۆ ئەوەی پشتگیری لە گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن بکات. ئەمریکا لە رووەکی دیکەشەوە مەسەلەکەی تێکەڵاو کردووە، چونکە لەلایەکەوە هەوڵ دەدات رێگە لە هێرشەکانی تورکیا بگرێت و لە هەمانکاتیشدا لە هەوڵی ئەوەدایە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا چاک بکاتەوە.

سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، سەبارەت بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کورد لاواز بوو. تاوەکو ئێستا ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە ئیدارەی پێشوو باشتر نەبووە. عەفرین دەتوانێت خاڵی گۆڕینی ئەو جۆرە سیاسەتە بێت. پشتگیری لە یەپەگە و خواستی کوردانی سووریا و بەرپەرچدانەوەی دیکتاتۆرێکی تورک و وەستاندنی بە مانای بڕینی رێگەیەکی درێژە لە چاککردنەوەی ناوبانگی ئەمریکا، ئەمەش نەک هەر لە رۆژهەڵاتی نیوەڕاست بەڵکو لە هەموو جیهان. دەبێ بەرگری لە عەفرین بکرێت و رێگە بدرێت ئیرادەی خەڵک بڕیار لەسەر داهاتوو بدات.

*** پۆڵ دەیڤیس بەرپرسێکی خانەنشینی هەواڵگریی سوپای ئەمریکا و شارەزای کاروباری سۆڤیەتە. وەکوو شارەزایەکی کاروباری کورد لە ناوەندە هەواڵگرییەکانی ئەمریکا راوێژی پێدەکرێت و سەرۆکی کۆمپانیای راوێژکاریی (JANUS) لە واشنتن دی سی.**



گاری کێنت*

# بەغدا و هەولێر و پێکەوەژیانی دووبارەیان لە داهاتوویەکی نزیکدا

قسەیەکی بەناوبانگی مایک تایسن، یاریزانی ناوداری یاری بۆکسینگ هەیە کە دەڵێت "هەموو کەسێک پلانی هەیە تاوەکو ئەو کاتەی بۆکسێک دەکێشرێت بە دەمیدا". هەفتەی رابردوو باسی ئەوەم دەکرد کە پلانی بەغدا لەدژی هەرێمی کوردستان توندە و هیوادارم هەڵە بم. بەڵام ئێستا جۆرە گەشبینییەک هاتووەتە ئاراوە، ئەم گەشبینییەش دوو هۆکاری هەیە کە تاوەکو ئێستا رێگر بوونە لەوەی بەغدا دوایین گورزی خۆی بوەشێنێ.

یەکەم هۆکار ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ناکۆکییەکانی پێش هەڵبژاردن، توانیویەتی بەڕادەیەکی زۆر سەری خۆی بەرز راگرێت و لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر زۆر زیرەکانە بەرگری لە هێڵە سوورەکانی خۆی کردووە، جیا لەمەش دەستی بە چاکسازیش کردووە (لەو پەیوەندییەشدا راپۆرتەکەی دیلۆت بۆ داهاتەکانی نەوت گرنگە)، هەروەها پشتگیرییەکی نێودەوڵەتیش کە لەگەڵ دەستپێکردنی دیالۆگی راستەقینەیە لەسەر بنەمای دەستووری عێراق.

هۆکاری دووەم ئەوەیە پارتە شیعەکان هێندە هاوئاهەنگ نین و لای هەندێکیان دژایەتی کورد هێندە سەرنجراکێش نییە، چونکە لە گەشەکردنی سیاسیی سوننەکان نیگەرانن، ئەمەش بۆ مانەوەی عێراق وەکوو دەوڵەتێکی زۆرینە شیعە و ناوەندگەرا بە پۆزەتیڤ نابینرێت.

کەشی کۆبوونەوەی هەفتەی رابردووی بەرپرسانی بەغدا و هەولێر خۆشتر دیار بوو، رەنگە لە داهاتوویەکی نزیکیشدا فڕۆکەخانەکانی کوردستان دەست بە کار بکەنەوە. سەردانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ لای پاپای ڤاتیکان ورەبەخش بوو، تێیدا تیشک خرایە سەر هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی مەسیحییەکان و کەمینە ئاینییەکانی دیکە. سەردانی سەرۆکوەزیران بارزانی بۆ بەریتانیاش لەوێوە گرنگە کە دەریدەخات لەندەن کورد پشتگوێ ناخات.

جێگەی دەستخۆشییە کە جۆن ویڵکس، باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق دژایەتی خۆی لەگەڵ گۆڕانی زۆرەملێی دیمۆگرافی لە ناوچە کێشەلەسەرەکان دەربڕیوە و داوای لە بەغدا کردووە رێساکانی سندوقی نێودەوڵەتیی دراو بپارێزێت و پشکی هەرێمی کوردستان لە هاوکارییەکان بدات. بڕیاری کۆمپانیای شێڤرۆن بۆ دەستبەرکاربوونەوە لە کوردستان جۆرێک لە ئاسوودەیی بە کوردستان دەبەخشێت. کاتی دەوێت تاوەکو بۆمان دەربکەوێت ئاخۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لە رەوتی رووداوەکاندا هەیە دواجار دەتوانێت ئاراستەی پەیوەندییەکانی بەغدا و هەولێریش بگۆڕێت یان نا.

دوایین گۆشەم لە ماڵپەڕی (رووداو) بووە هۆی ئەوەی خوێنەرێک رەخنەی توندم لێبگرێت و بڵێت کە من لە کورد کوردترم. بەڵام من قەت مەبەستم نەبووە ئەمە بکەم. من ساڵانێک لەسەر باکووری ئێرلەندا کارم کردووە و هەوڵم داوە بەشێک لە چەپەکانی بەریتانیا لەو بیرکردنەوەیە رزگار بکەم کە وەڵامی کێشەی ئێرلەندا لای ئەوانە. من رەخنەم لەوانە دەگرت کە سەتان و هەزاران کیلۆمەتر لە واقیعی ئێرلەندا دوور بوون و دەیانویست لە دەرەوە و لەسەر بنەمای خوێندنەوەی هەڵەی مێژوو و داینامیکە هاوچەرخەکانی ئێرلەندا روانگەی تیۆریی خۆیان بەسەر ئێرلەندادا بسەپێنن. قسەی من ئەوە بوو کە ئەوانەی دەرەوە نابێت هەتا دوادڵۆپی خوێنی کەسێکی دیکە خەبات بکەن. من هەمان تێڕوانینم بۆ کوردستانیش هەیە.

ئەوە راستە کە خەڵکانی دەرەوە هەندێکجار دەتوانن شتەکان روونتر ببینن، بەڵام هەر ئەوانیش زۆربەی جاران کێشەکان دادەپۆشن. لە نێوان مافی بڕیاردانی چارەنووس و هاوسۆزیدا جۆرێک لە باڵانس هەیە. من بەتەواوەتی لەگەڵ ئەوەم کە بەریتانیا لەسەر هەق بوو کاتێک نیگەرانیی خۆی لە گشتپرسیی کوردستان دەردەبڕی و بەدوای ئەڵتەرناتیڤدا دەگەڕا، بەڵام لە هەمانکاتدا نیگەرانیش بووم لەوەی بەریتانیا بە مەرامی دیپلۆماتیک چاوی لە کاردانەوەی بەغدا لەدژی کوردستان پۆشی.

نیگەرانی ئەوەشم کە کورد بە هەڵە لە سەنگی بڕیاری گرووپی هەموو پارتەکانی پەرلەمان (APPG) لە قەبووڵکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس و پشتگیریکردن لە گشتپرسی تێبگەن، بە تایبەتیش ئەگەر ئەم تێگەیشتنە ئەو وەهمە دروستبکات کە بەریتانیا یارمەتی هێوربوونەوەی گرژییەکان دەدات بۆئەوەی زەمینە خۆش بکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەت بۆ کورد. روون و ئاشکرایە کە ئەمە مەسەلەیەک نییە بەغدا بە ئاسانی گفتوگۆی لەسەر بکات.

بێگومان لە هەندێک حاڵەتدا دۆستە دەرەکییەکان دەتوانن بژارە ستراتیژییەکان بە بیری بڕیاردەران و رای گشتیی وڵاتەکەی خۆیان بهێننەوە، هانی بەغدا بدەن یان ئەوەتا فیدراڵیزم جێبەجێ بکات یانیش زەرووڕەتی بە دەوڵەتبوونی کورد قەبووڵ بکات. بۆ نموونە جەک لاپرێستی، سەرۆکی (APPG) لە نامەیەکدا بۆ رۆژنامەی گاردیەن باس لەوە دەکات کە "هاوپەیمانە کوردەکانمان لەگەڵ هەمان ئەو عەقڵییەتە لە بەغدا ساڵ نوێ دەکەنەوە کە بە ئابڵوقە و سزا بیردەکاتەوە".

بەڵام پشتگیری دەرەوە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی سەخت و جیدییە لە ناوخۆی کوردستانیش. من ستایشی شیکردنەوەی هێمن عەبدوڵڵا دەکەم کە لە رۆژنامەی (رووداو) بڵاوی کردبووەوە و راشکاوانە تیشک دەخاتە سەر واقیعە ناڕەحەتەکان و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێویستە بە شێوازێکی نوێ بیر لە ئابووری، کولتوور، پەروەردە و یەکڕیزی بکرێتەوە، وەکوو چۆن پێویستە لەوەش تێبگەین کە رۆژئاوا لە هەڵسەنگاندنی بۆ کورد لە شەڕی دژی داعشدا لە چوارچێوەی ئامانجێکی سنووردارا بیریان لە کورد کردووەتەوە، وەکوو چۆن جەخت لەوەش دەکاتەوە کە پێویستە کورد ئەکتەرێکی بەهێزتر بێت لە بەغدا.

ساڵی 1972 سەبارەت بە مانای شۆڕشی فەرەنسی پرسیاریان لە چون لای، سەرکردەی چینی کرد و ئەویش لە وەڵامدا گوتی "جارێ زووە باسی ئەوە بکرێت". بە هەمانشێوە زووشە لە مانا و ئاکامەکانی گشتپرسییەکەی ساڵی رابردوو تێبگەین. بەڵام شتێک هەیە دەیزانین، ئەویش ئەوەیە کە رێککەوتنی پێکەوە ژیان تەنیا دەکرێت لە لایەن کورد و عێراقییەکانەوە بکرێت، ئێستاش ئەگەری ئەمە لە چەند مانگ پێشتر زیاترە.

کورد بەرگەی زۆر لەمە خراپتری گرتووە و رزگاریان بووە. هەرچەندە وڵاتانی دۆستی کورد پێیانوایە کورد زێدەڕۆیی کردووە، بەڵام کورد هێشتاش فاکتەرێکی گرنگە بۆ داهاتووی عێراق و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. دۆستانی کرد دەبێت رۆڵی خۆیان ببینن بۆ ئەوەی کورد لەبیر نەکرێت، بەڵام کوردستانیش دەبێت ماندوێتی لەخۆی دەربکات و بگەڕێتەوە ناو رینگی مشتەکۆڵە و لەگەڵ رکابەرێکی قورستر لە خۆی یاری بکات و خۆی ئامادە بکات بۆ هەر شتێک کە مێژوو دەیخاتە بەردەستیان.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# بەغدا نیوەی ڕێگایە

## 1

سەردانی سەرۆکی حکومەت نێچیرڤان بارزانی و شاندی یاوەری بۆ بەغدا، پتر دانیشتنێکی سەمبۆلیک بوو، چونکە وەک ئەوە هاتە پێش چاو کە لەسەر ڕێگای چوونی بۆ تاران، لە بەغدا لایدابێت. ماوەی دیدارەکەش قەت بەشی هەموو ئەو قسانەی نەکردووە کە نووسینگەی عەبادی بڵاویان کردەوە گوایە هەردوولا لەسەری ڕێککەوتوون! ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرت کە عەبادی خوازیاری ئەوە بوو دیدارێکی دۆستانەی نهێنی بێت نەک ببێتە هەواڵی میدیاکان. چونکە لە دەرەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر چەندین بڕیاری سزادانی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان دراوە کە دەبوو تا ئێستا ئەم سزایانە هەڵگیرابان و، ئینجا دەستوور وەک مەرجەعێک بۆ بەلاداخستنی کێشەکان خرابایە ژێر نەشتەر.

ئەم سەردانە بەربەستێکی دەروونیی هەردوولای شکاند و دەرگای بۆ ئەوە واڵا کرد کە چیدی عەبادی و بارزانی سێشەممان و چوارشەممان لە پرێس کۆنفرانسی هەفتانەوە وەڵامی یەکتری نەدەنەوە. بەڵام لەپشتی پەردەوە چی دەگوزەرێت؟

ئێران و ئەمریکا بە دوو ئاراستەدا هەوڵی ئیحتیواکردنی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر دەدەن و نایانەوێ ئەم بارودۆخە بگاتە ئاستێک کە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە و ئەورووپا دەستی تێوەربدەن. ئەمریکا نایەوێ لەو ماوەیەی تا هەڵبژاردن ماوە، کورد کارێک بکەن ئەو پاڵەوانە کارتۆنییەی لە بەغدا خۆی خولقاندوویەتی، بڕووخێت! ئێرانیش کە خۆی داڕێژەری هەموو ئەو پیلان و سزایانەیە لە دوای ریفراندۆمەوە بەسەر کوردستاندا سەپێندراون، دەیەوێ تا کۆتایی یەکجارەکی بە ڕۆڵی ئەمریکا لە بەغدا، کورد بە هەموو شێوەیەک لە یارییەکەدا بهێڵێتەوە، چونکە کوردستان و قەوارە دەستوورییەکەی وا بە ئاسانی نەسڕدرایەوە، بۆیە لە مەسەلەی ناوبژیش وەکو ساڵانی شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی و یەکێتی، دەیەوێت کێشەکانی بەغدا و هەولێر لە تاران چارەسەر بکرێن، لەڕاستیشدا کلیلی چارەکردنەکە لە تارانە نەک بەغدا. کوردستان لە پێگەیەکدا نییە کە بتوانێ هیچ ناوبژی و قسەیەکی خێر ڕەتبکاتەوە، بۆیە چاوەڕوان دەکرێ لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا، وەک نیشاندانی نیەتپاکی بەشێک لە سزاکانی سەر کوردستان هەڵبگیردرێن، دانوستاندن دەستپێبکات و بارودۆخ ئاسایی بکرێتەوە، بەڵام هیچیەک لەو کێشە هەڵپەسێردراوانەی نێوان هەولێر بەغدا، لەو ماوە کورتەی تا هەڵبژاردن ماوە قابیلی چارەکردن نین و دەمێننەوە بۆ حکومەتەکانی داهاتوو.

## باڵەکان یەکتری دەشکێنن

## 2

دیداری شاندی ئەمریکی لەگەڵ پارتی و موشتەقاتەکانی یەکێتی (گۆڕان، هاوپەیمانی، هەردوو ئاراستەی بنەماڵەی تاڵەبانی و نەوەی نوێ) لە کاتێکدایە کە جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئاگاداری ئەم دیدارانە نەبووە و لە خەڵکی بیستبوو! بۆیە ئەگەرچی لە میدیا وا بڵاوکرایەوە کە ئەمریکا داوای یەکڕیزی لە موشتەقاتەکانی یەکێتی کردووە، بەڵام پەراوێزخستنی کۆسرەت ڕەسوڵ و هاوکات نەبینینی حیزبەکانی دیکەش کە خاوەنی کورسیی پەرلەمانین، مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە و پتر لەوەی بۆ یەکڕیزی بێت، ناوماڵی یەکێتی و سیاسەتی سلێمانی پەرتەوازەتر دەکات. ئەگەرچی پەیامێکی ئاشکراشی تێدابوو کە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە و نابێ حیزبەکانی سلێمانی بیر لە شتێکی دیکە بکەنەوە.

ئەم جووڵەیەی ئەمریکا لەکاتێکدایە کە مشتومڕی ئەنجامدانی کۆنگرە لەناو یەکێتیدا هەر بەردەوامە و، تەنانەت یەکێتی و موشتەقاتەکانی هەڵوێستێکی ڕوون و یەکلاکەرەوەیان سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی بەغدا و کوردستان نییە. بۆیە سەرباری جیابوونەوەی بەرهەم ساڵح لە یەکێتی و دامەزراندنی هاوپەیمانێتیەکەی، هێشتا ئەگەری لەتلەتبوونێکی دیکە لەناو یەکێتیدا دەبینرێت، ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە قەناعەتێک دروست بووە و پێیوایە تەنانەت کۆنگرەش ناتوانێ ڕیزەکانی یەکێتی ڕێکبخاتەوە، چونکە پێشوەختە ڕۆڵەکان هەمووی لەنێو هەردوو بنەماڵەی برایم ئەحمەد و تاڵەبانیدا دابەشکراون. ڕەنگبێ هەر ئەو نائومێدییەش بووبێ کە پاڵی بە بەرهەم ساڵحەوە نا بڕیاری کۆتایی بدات. ئێستا کۆسرەت ڕەسوڵیش لەناو هەمان نائومێدیدایە و پتر لەوەی توانای بەلاداخستنی کێشەکانی هەبێ، تەماشاکەری ئەو ململانێیە سەختەیە کە میراتگرەکانی تاڵەبانی لەناو خۆیاندا دەستیان پێکردووە. بۆیە بە دوور نازانرێت لە داهاتوودا و لە ئەگەری بەردەوامیی ئەم بارودۆخەدا، کۆسرەت ڕەسوڵیش بە جەماعەتی ناوەندی بڕیاری قەدیمەوە پشتیوانی لە بەرهەم ساڵح بکات. بەتایبەتیش کە سەرباری جیابوونەوەی بەرهەم ساڵح، هێشتا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوانیاندا هەیە و، ئەگەر ئەوە ڕوویدات، هەم حیزبەکەی بەرهەم ساڵح لە چارەنووسێکی لۆکاڵی دەربازی دەبێت، هەمیش وا دەکات دەنگێکی زۆری یەکێتی لە هەولێر و بادینان بۆ هاوپەیمانی مسۆگەر بکات.

## یەکگرتوو.. نموونەی حیزبی بەرپرسیار

## 3

ڕەنگبێ پێویستی بەو شاهێدیدانە نەبێت، بەڵام ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی بەدوای مزایەدەی سیاسییەوە بایە، دەبوو ئەو کاتەی وەزیری کارەباکەی لە حکومەت ئیستیقالەی کرد، بیکات بە کەرەستەیەکی گەورەی موزایەدە. ئەوەی نەکرد، بەڵام کە لە حکومەتیش کشایەوە، دووپاتی کردەوە کە لەدەرەوەی حکومەتیش هەر پاڵپشت دەبن بۆ تێپەڕاندنی ئەو بارودۆخە سەختە. سەرباری دروستبوونی کەلێنێکی گەورە، بەڵام کشانەوەی یەکگرتوو لە قازانجی حکومەتە و وادەکات کە حکومەت، کۆمیسیۆن و پەرلەمان، پەلە لە دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنە گشتییەکانی کوردستان بکەن. یەکگرتوو نە بەئامانجی ڕووخاندنی حکومەت و نە لە پێناوی ڕازیکردنی دڵی کەس و بێبەهاکردنی حکومەت ئەو هەنگاوەی هاویشتووە، بە پێچەوانەوە بە هەموو حیساب و کتابێک کشانەوەی یەکگرتوو، گوشارێکی سیاسیی زیرەکانەیە بۆ سەر حیزبەکانی دیکە و فراکسیۆنەکەی خۆیان لە پەرلەمان کە بڵێن ئیتر جگە لە هەڵبژاردن هیچ ڕێگەیەکی دیکەمان لەبەردەمدا نەماوە.



مەجید نیزامەدین گلی*

# ئەمریکا چی لە کورد و لە عێراق دەوێت؟

## "ئێوە قوربانیی لێکتێنەگەیشتنێکی گەورەن و خەتاکە لە ئێمەیە کە شتەکانمان زۆر ڕوون نەکردەوە"

گەورە دیپلۆماتێکی ئەمریکی کە زۆر نییە لە ئیدارەی ترەمپ وازی هێناوە، ئەمەی پێگوتم. ئەو لێکتێنەگەیشتنەی ئەو باسی دەکرد ئەوەیە کە لە کاتی شەڕی داعشدا ئەمریکا و زۆربەی هێزە ڕۆژئاواییەکان بە شانوباڵی کورد و پێشمەرگەیاندا هەڵدەدا، بەڵام بۆ بڕیاربەدەستانی کوردستانیان ڕوون نەکردەوە، هەموو ئەو قسانە بەو مانایە نین کە ئەوان پشتگیری لە دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ دەکەن بۆ کورد. بۆ ئەمریکا و هەموو دەسترۆیشتووە نێودەوڵەتییەکانی دیکە، پشتگیریکردنی سەربەخۆیی کوردستان واتا لەدەستدانی عێراق و تورکیا و ئێران و سووریا. ئەمەش هاوکێشەیەکی نێودەوڵەتیی نەگۆڕە کە نابێت بەهیچ شێوەیەک لەبیر بکرێت. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە سەربەخۆبوونی کوردستان مەحاڵە یان زۆر زەحمەتە. کلیلی بوونە دەوڵەت لای خۆمانە و پەیوەندیدارە بە ناوماڵی خۆمانەوە، بەڵام ئەمە باسی ئەم وتارە نییە. لێرەدا دەمەوێت باسی گۆڕانی ئامانجەکانی ئەمریکا بکەم لە ساڵی 2018 کە ئەگەر لێی تێنەگەین تووشی "لێکتێنەگەیشتنی" دیکە دەبین.

لە ستراتیژی نەتەوەیی ئەمریکادا بۆ ساڵی 2018 کە کۆشکی سپی بڵاوی کردووە، دەڵێت: "ئێمە شەراکەتی ستراتیژیی درێژخایەنمان لەگەڵ عێراق بەهێز دەکەین". نووسەری ئەم ستراتیژە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکایە کە بەرپرسەکەیان ژەنەراڵ مکماستەر و ئەندامانی ئەنجوومەنەکەیە و ئەوان بڕیاردەری سەرەکین لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق و بە برێت مەکگۆرک دەڵێن چی بکات و چی نەکات.

هیچ شتێکی تازە نییە لەو ڕستەیەی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکادا دەربارەی عێراق کە لەسەرەوە باسم کرد. پێش گشتپرسی و پێش داعش و تەنانەت لەساڵی 2003 وە ئەوە ئامانجی سەرەکی و ستراتیژیی سیاسەتی ئەمریکا بووە لە عێراق.

ئەمەش مەرج نییە خراپ یان باش بێت بۆ کورد، بەڵکو ئەمە ڕاستیەکی سیاسییە و تا ڕادەیەک نەگۆڕە. بەڵام ئەوەی دەگۆڕێت، ئەوەیە کە ئەمریکا لەو شەراکەتەی لەگەڵ عێراق چی دەوێت؟ ئەمە بەبۆچوونی من لە ساڵی 2018 دەگۆڕێت. بەگوێرەی ڕاگەیەندراوە فەرمییەکان و گفتوگۆکانم لەگەڵ چەند دیپلۆماتکارێک لە سەرەتای مانگی دیسەمبەری 2017ەوە، ئەمانە ئامانجی ئەمریکان لە عێراق:

1- عێراق جارێکی دیکە نەبێتە مۆڵگەیەک بۆ داعش و هەر گرووپێک کە ئەمریکا بە هەڕەشەی بزانێت.

2 - ئێران بەتەواوی کۆنترۆڵی پرۆسەی بڕیاردان نەکات لە بەغدا و عێراق نەبێتە ڕێگایەک بۆ ناردنی چەک بۆ حیزبوڵلا و ئەو لایەنانەی دەتوانن و دەیانەوێت ببنە هەڕەشە بۆ ئیسرائیل و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە.

خاڵی دووەم ئامانجێکی نوێی ئەمریکایە بۆ ساڵی 2018. پێش کەوتنی مووسڵ، ئەولەویەتی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق بەرەنگاربوونەوەی داعش بوو. ئێستا بەرپرسانی ئەمریکی باسی ئێرانیش دەکەن، بەڵام ئەمە لەوە ناچێت تەنیا قسە بێت. تاوەکو ئێستا قسەیە، بەڵام بەبۆچوونی من و ئەوانەی لێرە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان قسەم لەگەڵ کردوون، لەوانەیە ئەمساڵ ببێتە کردار. بەتایبەتی دوای گوتارەکەی ڕۆژی پێنجشەممەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەربارەی سووریا. ئەو گوتارە ئاماژەیەکی بەهێز بوو کە ترەمپ خەریکە ویستی خۆی بەسەر ئیدارەکەیدا بسەپێنێت دەربارەی ئێران.

گوتارەکەی ڕۆژی پێنجشەممەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەربارەی سووریا بوو، بەڵام جێبەجێکردنی خاڵەکانی ناو ئەو گوتارە دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر عێراق. لەوێدا تیلەرسن باسی ئامانجەکانی ئەمریکای کرد لە سووریا کە جگە لە لەناوبردنی داعش و قاعیدە، گوتی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا دەمێننەوە تاوەکو ئەو کاتەی هەژموونی ئێران و پرۆژەی هیلالی باکوور (کە مەبەستی هیلالی شیعی بوو) لە سووریا شکست دێنێت. دەزانم ئەوە ساڵێکە دۆناڵد ترەمپ و بەرپرسانی ئیدارەکەی قسەی ئاوا دەربارەی ئێران دەکەن، بەڵام ئەوەی ئەم قسەیەی کردووە ڕیکس تیلەرسنە. ئەم پیاوە شتێک ناڵێت کە ناچار نەبێت بیڵێت و لەسەرووی خۆیەوە پێی نەگوترابێت.

گوێ لە سی ئێن ئێن و نیویۆرک تایمز و میدیای لیبراڵی ئەمریکا مەگرە، دۆناڵد ترەمپ خەریکە وەکو سەرۆک ویستی خۆی بەسەر زۆربەی پرۆسەی بڕیاردانەکانی ئەمریکادا دەسەپێنێ بە سیاسەتی دەرەوەشەوە. لەوانەیە سبەینێ بەهۆی لێکۆڵینەوە فیدراڵییەکان دەربارەی سیخوڕی بۆ ڕووسیا لەکارلابرێت، بەڵام ڕاستیەکە ئەوەیە کە ئەگەر ترەمپ لە دەسەڵات بمێنێتەوە، ئەوا گوێ لەکەس ناگرێت و کە دەڵێت ئەمریکا بە هەموو توانا زەبەلاحە سەربازی و دیپلۆماسیەکانییەوە دەبێت بەرەنگاری ئێران ببێتەوە، ئەوا دەبێت وەزارەتی دەرەوە و نوخبەی واشنتن یان بە قسەی بکەن، یانیش لە کۆتاییدا لەسەر کار لایاندەبات. ئەم پیاوە بە کوردیەکەی زۆر کەللەڕەقە و کەم شت دەزانێت، بەڵام زۆری دەوێت و لە کۆتاییدا قسەی خۆی دەباتە سەر. جگە لەوە لە بابەتی دژایەتی ئێران، لۆبیی جوولەکان، ئینجیلییەکان، جێگرەکەی، زاوا دەسترۆیشتووەکەی و سەرکردەکانی پارتی کۆماری لەپشتە.

بەهەرحاڵ وەکو لە بابەتێکی مانگی ڕابردوودا ئاماژەم بۆ کرد، بڕیاربەدەستانی باشووری کوردستان نابێت چاوەڕێی ئەمریکا بکەن بۆ ئەوەی بێن و هەموو نەیارانی کورد لەناوبەرن و کێشەکانی هەرێم چارەسەر بکەن. من ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕەم، بەڵام ئێستا ئاماژەی بەهێز هەن کە ئەمریکا جدیە لە بابەتی بەرەنگاربوونەوەی ئێران. ئەمە دەکرێت هەواڵی باش بێت بۆ کورد سەرەڕای ئەوەی کە ئەمە مەرج نییە لە بەرژەوەندیی کورد بشکێتەوە.

ئەوەی لێرەدا دەکرێت هەواڵی باش بێت بۆ باشووری کوردستان، ئەوەیە کە ئەگەر ئەمریکا بەجدی دەستی کرد بە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی باڵادەستیی ئێران لە عێراق، ئەوە هەڕەشەکان لەسەر هەرێمی کوردستان وەکو کیانێکی سیاسی کەمتر دەبنەوە و ئەوکات هەولێر دەتوانێت لە ڕێگای باڵیۆزخانەی ئەمریکاوە لە بەغدا داوای مووچە و لابردنی گەمارۆ بکات. ئەگەرێکی زۆر هەیە کە ئەمریکا ئەمساڵ لای کەمی نیوەی ئەو ڕۆڵە سیاسییەی هەبێت کە ساڵی 2011 لە عێراق هەیبوو پێش ئەوەی هێزە سەربازییەکانی بکشێنێتەوە. ئەمەش دەرفەتێکی سیاسیە کە سەرکردایەتی کورد دەبێت سوودی لێوەربگرن و شتێک نەکەن پێچەوانەی ئەو دوو ئامانجەی ئەمریکا بێت لە عێراق.

* بەرپرسی نووسینگەی ڕووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# تاران نیوەی ڕێگایە

ئەو کرانەوە سیاسی و دیپلۆماسییەی لە ڕۆژانی ڕابردوودا لەنێوان هەولێر و بەغدا و هەولێر و تاران ڕوویداوە، بەرهەمی پشوودرێژیی چەند مانگی ڕابردووی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە، سەختترین و توندترین گوشاری نێوخۆیی و نێودەوڵەتیی لەسەر بووە. سەفەری شاندی حکومەت بۆ بەغدا و لەوێشەوە بۆ تاران، هەڵگری پەیامێکی سیمبۆلیک بوو، ئەویش ئەوەبوو کە نیوەی ڕێگەی وەسەرڕێخستنەوەی هەولێر بە بەغدادا تێدەپەڕێ، بەڵام نیوە کاریگەرەکەی دیکەی دەچێتە تاران.

نیگەرانی و نائومێدیی خەڵکی باشووری کوردستان لە مانەوە لەگەڵ عێراقدا کە هەیە و هێشتاش نەڕەویوەتەوە، لەسەر جێبەجێنەکردنی دەستوور و پابەندنەبوون و بێبەڵێنیی ئەو بەغدایەیە کە لەژێر هەژموونی ئێراندایە. کەواتە ئۆباڵی ئەو ڕووداوانەی لە چەند مانگی ڕابردوودا بەهۆی گشتپرسییەوە ڕوویاندا، چەندە لەئەستۆی بەغدا بێت هێندەش لەئەستۆی تارانە. دەرکەوت ناکرێ تاران چاوەڕوانیی لە هەولێر هەبێت کە یەکپارچەیی عێراق بپارێزێت، بەڵام هیچ شتێک ناکات بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی هەولێر لەو عێراقەی بەکردەوە ئەرکەکانی خۆی بۆ بەیەکپارچەیی هێشتنەوەی بەجێناهێنێت.

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە، تورکیا زیرەکانەتر مامەڵەی لەگەڵ کەیسی هەرێمی کوردستاندا کرد و زۆرتریش لە ئێران قازانجی کرد. ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەو پەیوەندییە مێژووییەی حیزب و سەرکردەکانی باشووری کوردستان لەگەڵ ئێران هەیانبووە، بەراورد ناکرێت بەو پەیوەندییە نوێیانەی لەگەڵ ئەنقەرە هەیانبووە. لەپاش ڕاپەڕینەوە، تاران مامەڵەی لەگەڵ قەوارەی هەرێمی کوردستاندا وەک هاوپەیمان و شەریکێکی خۆی کردووە، کەچی لەڕووی ئابوورییەوە کەمتر لە تورکیا قازانجی لەو پەیوەندییانە کرد. ئەمەش پێدەچێ تەنیا لە سیاسەتی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستاندا ڕاست نەبێت، بەڵکو لە هەردوو کەیسی عێراقی و سووریشدا ڕاستە.

ئێستا لەنێو میدیای ئێراندا لەسەر ئەم مەسەلەیە دەنگ بەرزبووەتەوە. ئەو ڕێککەوتنە بازرگانییانەی دیمەشق و بەغدا لەگەڵ کۆمپانیا ڕووسی و بەریتانی و ئەمریکی و فەرەنسییەکاندا بۆ قۆناغی پاش داعش کردوویانە، زۆر گەورەترن لەوانەی لەگەڵ ئێرانییەکاندا دەیکەن. ئەوانەی لە بڕیاری سیاسیی تارانەوە نزیکن یان بەشێکن تێیدا، نیگەرانن لەوەی کە، وەک خۆیان دەیڵێن، بەسەرڕێوەمانەوەی حکومەتەکانی سووریا و عێراق بەهۆی پشتیوانییە بێسنووورە سەربازی و ئەمنی و سیاسییەکانی ئێرانەوە بووە، کەچی لەدوای تەواوبوونی شەڕی داعش، تاران بە کەمترین دەستکەوتەوە لە یارییەکە دێتە دەرەوە. جەختکردنەوەی بەرپرسانی باڵای ئێرانی لەکاتی دیداریاندا لەگەڵ شاندی حکومەتی کوردستان لەسەر گرنگیی پەرەپێدان و فراوانکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان، هەروەها دەستکردن بە پرۆژەیەکی گەورە لە بواری پیشەسازیی ئاسندا کە لە ڕۆژانی داهاتوودا ڕادەگەیەنرێت، نیشانەی ئەوەیە کە تاران و هەولێر سیاسەتێکی نوێ و جیاواز لە جارانیان بۆ یەکدی هەیە.

مژارێکی هەستیار کە تاران زۆر جەختی لەسەر دەکاتەوە و هەولێر دەبێ باش بیر لە کردنەوەی گرێکوێرەکەی بکاتەوە، مژاری ئایندەی خەباتی چەکداریی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیکەی 25 ساڵ چاوەڕوانی هەولێریان کرد و خەباتی چەکداریی خۆیانیان بۆ خاتری باشوور هەڵپەسارد. ئێستا کە ئەو خەباتەیان دەستپێکردووەتەوە، دیارنییە سەرکردەکانیان چۆن دەتوانن نە باری هەولێر بەرامبەر تاران لاربکەن، نە جەماوەری خۆشیان هێندەی دیکە بێزاربکەن.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# جوانیی خەریکە سەری **شەهلا** دەخوات

« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالْح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net




